# کاروانی

# باوەڕ و خانمانی سەردەم

دکتۆر

**حەسەن پێنجوێنی**

چاپی یەکەم

٢٠١٦ ـ١٤٣٨

**ناوی کتێب: کاروانی باوەڕ و خانمانی سەردەم..**

**نووسەر: حەسەن پێنجوێنی.**

**تیراژ:** 3000 .

**چاپی یەکەم : 1438 کۆچی - 2016 زاینی.**

**چاپخانە: سارا – سلێمانی**

.

**پێشەکی:**

خوشک و برایانی بەڕێز ئەم نامیلکەی بەردەستان پۆلێک لەوخوشکانەتان پێ دەناسێنێ کە خوای میهرەبان بەنووری خۆی دڵی رووناک کردوونەتەوە، ئەمانەش لەخەڵکی تەنیا وڵات و تەنیا ناوچەیەک نیین، و بەتەنیا زمانێک نادوێن. ئەمانە میڵڵەتی جیاواز، و زمانی جیاواز، و نیشتمانی جیاوازیان هەیە، هۆکاری موسوڵمان بوونیشیان جیاوازە، لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی رۆژئاوا ترسی تەواویان لێ نیشتووە بەهۆی بڵاوبوونەی ئیسلام لەوڵاتەکانیاندا بەو شێوە خێراییە، دەیان و سەدان پلان و پیلانیان دارشتووە بۆ بەربەست کردنی ئەو مەددە ئیسلامییە.. لەژوور هەموویانەوە جەنگی راگەیاندن و میدیاکان، و لە ناشیرین ترین شێوەدا ئیسلام وێنا دەکەن..

لەگەڵ ئەو هەموو پلان و پیلانەدا رۆژ بەڕۆژ ژمارەی موسوڵمانان لەو وڵاتانەدا زیاتر و زۆر تر دەبێ .. ئەمەش لەو بەڵێنە خواییە دڵنیامان دەکاتەوە کە ئەم دینە دینی خودایەو خۆی پارێزگاری لێ دەکات.." إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ " الحجر/٩.

هەروەها هۆشیارکردنەوەیەکیشە بۆ ئێمە، کە: ئەگەر ئێوە هەوڵ بۆ ئەو دینە نەدەن، خوا کەسانی تر دەکات بەهەڵگری ئەم دینە، و وەک ئێوەش نابن " وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ "محمد/٣٨. من خۆم کاتێ ئەو نۆ موسوڵمانانەم دەبینی رێک هاوەڵەکانی

پێغەممەر- صلی الله علیه وسلم- م بیر دەکەوتەوە، چونکە موسوڵمان بوونەکەیان گۆڕانی سەد لەسەدی تیا دروست دەکردن..

**باس کردنی ئەم موسڵمانە نوێیانە کۆمەڵێ سوودی تێدایە:**

**یەکەم:** ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ ئێمە پێویستمان بەو دینە هەیە تاپێی بەختەوەر ببین، نەک ئەو، چونکە ئەگەر ئێمەش نەبین خوا کەسانی تر دەکات بە هەڵگری ئەم دینە، و لەئێمەش باشتر هەوڵی بۆ بدەن..

**دووەم:** ئەم دینە دینی عەقڵ و لۆجیکە، کەسانێکی وەک روبا عەقوار بەتایبەت دەچێت بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی بەئازادی بتوانێ لەوێ موسوڵمانان بکات بە مەسیحی و لەدینەکەی خۆیان لایان بدات، بەڵام ، ئەوەتە خوا هیدایەتی خۆی دەدات و خۆی دەبێتە هەڵگرێ ئەم دینەو بانگەوازی بۆ دەکات..

**سێهەم:** ئاگاداربوون لەژیانیان دەرسە بۆ ئێمە، تا بزانین ئەو وەسیلانە چی بوون کاریگەری گەورەی لە گۆڕینی ئاوەڕۆی ژیانی ئەوانەدا هەبووە، تا ئێمەش بتوانیین بەکاریان بێنیین..

**چوارەم:** بەسەرهاتی ساڵحان و پیاوچاکان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێمپرێچەری باوەڕ لەلای باوەڕداران... وچەندان سوودی تریش..

هێوادارم  بەسەرهات و ژیان نامەی ئەم ئیماندارانە، هاندەربێ بۆ گەرمو گوڕی هەوڵ و تێکۆشانمان، و بەرزبوونەوەی پلەی ئیمانمان، وجوانکردنی خو ورەوشتمان، و خوای باڵا دەست و میهرەبانیش  بێکاتە زەخیرەو تێشوویەک بۆ پاشە رۆژمان، إنە نعم المولی ونعم النصیر..

د.حسن پێنجوێنی

سلێمانی/ رەمەزانی/١٤٣٧

**بۆ ئاگاداری:**

بۆ ئاگاداریتان لەم زنجیرەیە چەند ئەڵقەیەکمان ئامادەکردووە هەر ئەڵقەیەکی لەدەورو بەری دەکەس لەو گەورەپیاوانەیە کە خوا بەنووری خۆی دڵی رووناک کردوونەتەوە،و ئینشائەڵڵا یەک لەدوای یەک پێشکەشتانی دەکەین..

# ١

# شاجوانی ئوسترالیا

## خوا هیدایەتی دا

# سارا خان

## گەشتە ئیمانییەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

سارا هەروەك خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە، بەلاَم بەزمانی ئێمە.. چونکە -رەحمەتی خوای لێ بێ - عەرەبیەکەی زۆر سادە (لاواز)بوو، ئێمەش هەوڵ دەدەین ژیانی سارا چۆن بوو، ئاوەها بەهەموو کەسێکی بگەیەنین. چۆن بۆ ماوەی تەنیا سێ هەفتە لە گەڵ باوەڕا ژیانی راستەقینەی بردەسەر.. تا گیانی پاکی بەرەو بارەگای پەروەدگاری پەروازی کرد..

ئەمە چیرۆکەکەی ژیانیەتی و لەخواش داواکارین بیگەیەنێتە دڵی هەرکەسێك کە ئەیەوێ بەرەو رێی راستی پەروەردگاری بگەڕێتەوە.. رێگا لەبەردەمیا ئاوەلاَیە، و ئەویش رێی حەققی لێ بوردەیی، و میهرەبانییە، سوبحانەهو وەتەعالا..

ئەمە چیرۆکەکەی منە.. من سارام.. و بەلاَم ئایا کەسێك هەیە بیری لێ بکاتەوە؟ ئایا کەسێك هەیە پەندی لێ وەربگرێ ؟

**چیرۆکەکە:**

وابزانم ئەمە دواین جارە لەم گۆشەو کەنارە ئارامەوە (لە مزگەوتەکەوە) پێنووس بەدەستەوە بگرم تا ... بنووسم..

سەرەتا لەوێوەیە.. لەلوبنانەوە.. لەبارەی منالێمەوە زۆرشتم وەبیرنایە.. ماڵ باپیرەم.. خۆمان.. خزمان.. لە قوتابخانە لەگەڵ موسڵمانەکاندا دەرۆیشتمە ( وانەی ئاین) ەوە، لەماڵەوەش دایکم خاچێکی گەورەی بەژوور جێگەکەمەوە هەڵواسیبوو.. من ئەمزانی کە موسڵمانم( ) بەڵاَم بێ ئەوەی بزانم ئیسلام یەعنی چی..

کاتێ لە(ئوسترالیا) دابەزین زۆر بەختەوەربووم، منداڵێك لە تەمەنی دەساڵیدا خۆی لەگۆڕەپانێکی بەربلاَوی جوانی پێشکەوتوودا دەبینێتەوە، لەناو جوانی سروشتا تۆوی هەرزەکاریم دەستی بە سەوزبوون دەکرد، قەشەنگی و پێکەوتوویی و بگرە توانای کەمەندکێشیی خۆیشم دەدۆزییەوە، لاوانی جەحێڵ هەریەکە لەلایەکەوە ئاواتە خوازبوو بێتە هاوەڵم، و پلەی ڕەزایەتمەندیم بەدەست بێنێ.. جوانییەکەم چەکێکی کارا بوو، بەهۆیەوە هەرچیم بویستایە بەدەستم دەهێنا، جگە لەخێزان..

باوکم لەدایکم جیابووەوە، و هەریەکەیان لەگەڵ یەکێکی ترا جووت بوو، پاشان هەردوکیان ڕۆیشتن و بەتەنیا جێیان هێشتم، تاماوەیەکیش هەستم بە تەنگیەك دەکرد کە بە

دەوری دڵمەوە ئالاَ بوو، بەلاَم پاشان لەدەروونی خۆمدا تەکاندم، و ژیانی راستەقینەی خۆمم دەست پێکرد..

منیش قوتابی زانکۆ بووم، وبۆئەوەی ژێواری خۆم بەدەست بێنم، دەبوو کارم بکردایە، جوانییەکەیشم کلیلێك بوو بۆ کارگەلێکی زۆر، ئەو چەند وشە عەرەبیە کەمەیشم کەدەزانی نازو ناسکیەکی پێ دەدام کەلای کیژە ئوسترالییەکان نەبوو، لەناو ئەو لاوانەدا کەوەك پەروانە بەدەورمدا تەوافیان دەکرد و دەسووڕانەوە، لاوێکم هەڵبژارد کەهاوەڵم بێ ، لەگەڵ خەڵفە لاوێکی پێکەوتوودا بووینە هاوەڵ، و پێکەوە دەژیاین.. لەراستیدا هاوەڵ و خۆشەویست و دۆستم بوو، لەتەکیا هەستم بە هاوکاری و هاوبەشی دەکرد..

شەوێکیان یەکێ لەمشتەرییەکانی ئەو بارەی کە من کارم تیا دەکرد پێشنیارێکی کرد کە: بڕۆمە پێشبڕکێی ناوچەیی شای جوانیەوە (مەلەکە جەمال)، لەیەکێك لە شارەکانی نیوزیلەندە(١). مشتەرییەکە زۆر لە سەرکەوتنم دڵنیابوو، منیش کەوتمە بیرکردنەوە لەو بارەوە، خۆ ئەگەر بێت و سەرکەوتووبم، رێی رۆیشتنە ناو پێشبڕکێی نیشتمانیم بۆ خۆش دەکات، و پاشان تاجی جیهانیش لەسەر دەنیم، کێ دەزانی؟ بیرۆکەیەکی ورووشان ئەنگێز بوو، منیش سوپاسێکی زۆری پیاوەکەم کرد، تادەهات ئەویش جەختی زیاتری دەکرد کە ئەو لەش و جوستە جوانە شیاوی ئەوەیە

تاجی شاهیی و نیشانەی مێینەیی وخۆشەویستی جیهان لەسەربنێ ..

رۆیشتمە پێشبڕکێکەوەو سەرکەوتنم تیا بەدەست هێنا، بوومە بەناوبانگترین کیژی ناو شارەکە، هەموو شەو و رۆژێکم جەنجاڵ بوو، دیمانەیان لەگەڵا ساز دەدام، خەڵکی زیاتر دەیان ویست لێم نزیك ببنەوە، هەموو كەس ببوە هاوڵم، منیش بەردەوام لە رابواردن وخواردنەوەو چێژ وەرگرتن بووم لەهەموو لەزەتێکی بۆلواو و بۆ نەلواودا..

هەستم دەکرد ئەوەی من هەمە هەموان بەخیلیی پێ دەبەن، منیش زۆرم هەبوو، بگرە شتی زۆرتریش چاوەڕێی دەکرد، و دۆستەکەیشم هەمیشە لەتەکما بوو، کارگەلی جۆراو جۆرم ئەنجام دەدا، ئێستا تەنیا کیژە شاگردەکەی ناو بارِ نیم، بەڵکۆ سەرکەوتنم بۆ گرێ بەستی راگەیاندن و پڕۆپاگەندە بەدەست هێنا، و بوومە وێنە بەرگێکی ورووشێنەرتر، وێنەگرەکان هونەریان بەکاردەهێنا لەدەرخستنی پێکهاتەی جوانییەکانی جوستەم، و یارییان بە بارودۆخی ئەندامەکانی لەشم دەکرد، تا ئەوەی ببینێ زیاتر پێی کەمەندکێش ببێ ، ماڵ وسامانی زۆر لەدەستما دەگەڕا..

ناوبانگەکەم رێی بۆ خۆشکردم تا کەسایەتییەکی زۆر لەناو کۆمەڵگادا بناسم، بەتایبەت کە گوڤارەکان لەبارەی منەوە زۆریان دەنووسی، کە ئەمە لەبنچینەدا عەرەبەو لوبنانییە، چەند بنەماڵەیەکی بە ڕەچەڵەك لوبنانی لە ئوسترالیادا

پەیوەندییان پێوە کردم و زۆر رێزیان لێ گرتم، منیش لە پێکەوەبون لە تەکیانا شتی جوان و بگرە زۆر قەشەنگم دەبینی، کە لەشوێنانی ترا دەستم نەدەکەوت، لەگەڵ ئەوەدا کە ماڵەکان وخەڵکەکان زۆر لەیەکتر جیاواز نەبوون، لەوانەشە بەهۆی گولاَوی رابوردوو و بۆنی نیشتمانەوە بووبێ ..

خێزانە لوبنانیەکان هەندێکیان موسڵمان و هەندێکیشیان فەڵە بوون، بەلاَم من نە لەملا بووم و نە لەولا، وەنەبێ ئەوەش تەنگەلانییەکی بۆ وەدی هێنابم، هەرخێزانێك وای دادەنا کەمن بەشێکم لەوان، لەوانەیە لەبەر ئەوەش بووبێ کە ناوەکەم ناوێکی موسڵمانانەبوو، دایکیشم فەڵە.

**تیشکێک رووی لە دەروونم کرد:**

ئایا ئەو رۆژە رۆژێکی راستەقینە بوو، یامن بەخەیاڵ تیایا دەژیام؟ من بۆ نان خواردنی ئێوارە لەماڵی لوبنانییەکی دۆستا بانگ کرابووم، ماڵەکە ماڵێکی موسڵمان بوون، لەیەك کاتا خۆشم دەویستن و رقیشم لێیان بوو! لەوانەبوو لەماڵە کەیاندا بخنکێم، چونکە نەم دەتوانی دۆستەکەم لەتەك خۆما بەرم، لەگەڵ ئەوەدا زۆر ئاسوودەو مورتاح بووم لەناویاناو لەتەکیانا...

ئەوشەوە بەنیاز بووم هەرنانم خوارد خێرا هەستم و بگەڕێمەوە بۆلای خۆشەویستەکەم، بەڵێنم دابوویێ

بەشەوێك لەشەوەكانی تەمەندا، پێم گوتبوو هەموو شتێ ئامادە بكات تامن دەگەڕێمەوە بۆلای..

لەسەر خوان دانیشتین و ئەوان لەبارەی لوبنان و گرنگی فێربوونی زمانی میللی و ئاگابوون لەهەواڵەكانی نیشتمان وئەم بابەتانەوە قسەیان دەكرد، منیش لەبارەی ئەو شتانەوە هیچ بەگوێما نەدەچوو، بەڵكو تەنیا بەخەندە وەلاَمم دەدانەوە، تابیرۆكەكەی خۆیان بسەلمێنن كەناڵێكی تەلەفزیۆنی لوبنانیان لە سەر سەتەلایت كردەوە، و لەبارەی بابەتەكانەوە قسە دەكرا، و پێكەنینی زۆر بەشوێنیانا بەلاَم من داخ وخەفەتم دەنۆشی، هەوڵم دەدا كە سەعاتەكەم بەرەو پێشەوە بەرم و زوو هەستم و بڕۆم..

بەرنامەكان لەسەر شاشەكە كاری دەكرد، منیش بەبێ گوێ تەماشام دەكرد، و بێ هۆشانە گۆێم لێ دەگرت، بەلاَم لەناكاو بێدەنگ بوونی دەوروبەرم وای لێكردم سەرنجی شاشەكە بدەم.. لاوێك قسەی دەكرد.. ئاوڕم بەلای هاونشینەكەما دایەوەو پرسیم ئەمە كێیە؟

گوتی: ئەمە عەمرو خالیدە، بانگخوازێكە و لەبارەی ئاینەوە قسە دەكات.. بەگورجی بیرۆكەكە لەسەرم كەوتە خوار، من و دین.. ئەمە چ دینێكە؟ من ئەمەوێ ئەم دانیشتنە شلەتێنە بەجێ بێڵم، و بۆ ئەو دەریا گەرمە بڕۆم، تەرجومەی وشەكان لەعەرەبیەوە بۆ ئینگلیزی سەریەشەی بۆ دروستكردبوم، ئەم لاوە لەبارەی پاكییەوە دەدووا.. پاكیەتی.. ئەمە یەعنی چی؟ وشەیەكی نوێ و نامۆیە..

بیستنی لەسەر گوێم گرانە، باوەڕەکەی دەڵێی خۆم دەپێچمەوە، وەك ئەوە من رووت بم وئەو چاوی لێم بێ !! نەمدەزانی هۆی چیە، هەناسەم سوار ببوو، لێدانی دڵم خێرا تر ببوو، پاکیەتی (عیففەت).. ئەم واتایەم لەوەپێش نەبیستبوو، بەڵاَم پێم جوان.. خاوێن.. پاك.. بێ تاوانی بوو.. من وا نەبووم، من عەفیف نەبووم، بگرە من چەپەڵ و قیزەون بووم.. هەوڵم دا سەرم بتەکێنم و ئیزنیان لێ وەربگرم و هەڵبێم، بەڵاَم شتێك بە جێگەکەمەوە دایکوتابووم، شتێك وای لێکردبووم تا کۆتایی گوێی لێ بگرم.. و بگریم.. و بگریم و دەنگی گریانم بەرز ببێتەوە، و بکەومە هەنسکدان و وایشم لێ بێت هەست بەهیچ و بە کەس نەکەم.. من گوناهبارێکی قیزەونم، نەدینم هەیە و نەپێناسە.. من جوستەیەکی سوك کراوم دوور لەشەرەف و لەعیففەت، من لە ئاگری دۆزەخا دەسووتێم، نەجوانیەکەم سوودم پێ دەگەیەنێ و نەخوایش بەوە لێم رازی دەبێ ، خودا !! بۆچ پێشتر تامی ئەم وشەیەم نەدەچەشت؟! بەڵاَم ئێستا واتاگەلێکی قووڵ و گەورەو گرانی لەسەرزمان و ودڵ و گوێ هەیە..

ئەو شەوە نەمزانی چۆن گەیشتمەوە ماڵ، و کێیش لە ماڵەوەیە، تەنیا ئەوەندەم لەبیرە لەبەردەم کەمپیوتەرەکەما دانیشتم.. ئەدرەسی ئەو بانگخوازەم پێ بوو، بەشوێن ماڵپەڕەکەیدا دەگەڕام، و رۆیشتمە ناوەوە، بەردەوام بووم لە خوێندنەوەدا پیتەکانم لێ هەڵەبوو بۆم نووسیی: بۆ- گەورەترین برام- لەژیانما یەکەمین نامەیەکمە لەبارەی

خواوه پرسیاری تیابکەم.. لەبارەی ئاینمەوە، لەبارەی پەروەردگارمەوە، لەبارەی ژیانمەوە.. بەهەموو شەرمێکەوە پرسیار دەکەم: ئایا لەوانەیە خوا تۆبەم لێ قبووڵ بکات و من ببمە موسڵمانێك؟

وا بەخەیاڵما دەهات کە هەر وەلاَمیشم ناداتەوە.. بەچەند وشەیەکی کەم ناوەرۆکی خۆمم بۆ باس کردبوو، لەدڵی خۆما دەمگوت: لەوانەیە بەسووکم بزانێ و بێزم لێ بکاتەوە، ئەگەر وەلاَمیشم بداتەوە لەوانەیە بنووسێ : تکایە جارێکی تر نامەم بۆ مەنووسە.. بەلاَم وەلاَمێکی دابوومەوە زۆر لەوە باشتر کە خۆم چاوەڕوانی بووم.

بۆی نووسیبووم، بەڵێ ، لەوانەیە کە خوا قبووڵت بکات، بگرە لەوانەشە بەبەهەشتیش شاد ببیت، و ببیتە موسڵمانێکی پاکی پاك داوێن، بۆیشی نوسیبوم وەنەبێ کەوا ئەڵێم لەڕوو دابمێنم، بەڵکو ئەمە ئایەتی قورئانە، و ئەمەش واتاکەیەتی:" لەرەحمەتی خوا هیوابڕاو مەبن، بێگومان خوا لەهەموو گوناهەکان دەبوورێ "(٢). فرمێسکەکانم ببونە چەك و تۆبەو پەشیمانیم.. ئاواتە خوازبووم بەردەوام گریابام، تا دەیشۆردم و پاکی دەکردمەوە، و دەنگێك لەئاسمانەوە پێی دەگوتم: بەلێ ، وەرمان گرتی..

کەمپیوتەر بوەتە هاوەڵ و دۆستم، و نامەکانیشم بۆ ماڵپەڕەکەی تۆ بوەتە یارمەتیدەر و تۆیشووم، کاتێ کەژمارەی تەلەفونەکەی تۆم دەستکەوت، و تەلەفونم کرد، لەژیانما ئەوە یەکەمجار بوو گوێم لێ بێ یەکێك سەرەتای

قسەکانی لە تەکما بەسەلام دەست پێ بکات، مەرحەبام بکات و بەو جۆرە خۆشحاڵی خۆیم بۆ دەرببڕێت.. ئەم هەموو نەرمی و خۆش مامەڵەییەم لەبارەی دینەکەمەوە نەدەزانی.. هەستمکرد خێزانەکەت من بە کەسایەتییەکی زۆرگرنگ ناو دەبات، و واحاڵی بووم کە ئێوە چاوەڕوانی تەلەفونەکەی منن.. من.. لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەمنەوە روویداوە.. پێش ئەوەی خێزانەکەت گۆشیەکە بداتە دەستت ئارامی هەموو لەشمی داگرت، و گرێکانی زمانم کرانەوە..

کاسێتەکانی قورئانم پێ گەیشت، بەردەوام گۆێیان لێ دەگرم، و گوێ بیستیان دەبم، تا دەنگی قورئان خوێنەکە دەگاتە هەموو گۆشەیەکی گیانم..و لەو سەرچاوەی بێ وشکبوونەوە ئارامی و بەختەوەری هەموو گیانم دادەگرێ ..

بۆ یەکەمجار لەژیانما دەستم بەقورئان لەبەرکردن کردوە.. سوورەتی عەممە(النبأ)م لەگەڵ سوورەتی فاتیحەدا لەبەرکردووە تا لەنوێژەکانما بیانخوێنم، دەستم بەنوێژ کردوە، و نوێژ ئەکەم، وەك ئەوەی کە قەرەبووی هەموو ئەوانە بکەمەوە کە لەدەستم چوون، و بۆ پاشەرۆژ پاشەکەوتیان دەکەم، نەوەك لەرۆژی داهاتوودا پێی نەگەم!! ئای چۆن کەس و کارم لەوخێرە گەورەیە منیان بێ بەش کرد!! چۆن ئەوانیش هەستیان بەجوانی ئەوکاتانە نەکردووە کە سوجدەی بۆ پەروەردگار تیا دەبرێت.. وەك سەر لێشێواوێك خۆم دەخەمە پەنای ئەوماڵەوە، و لەدەرگا

دەدەم، و دەكرێتەوەو لەناویا ئاسایش، و بەخشش بەدەست دێنم..

ئامۆژگاریم بۆ هەر موسڵمانێك –ئەگەر بۆم هەبێ ئامۆژگاری بكەم- لەگەڵ كەم شارەزاییمدا ئەمەیە: نوێژ بكەن.. نوێژ، باوەڕتان هەبێ هیچ شتێ بەقەی نوێژ ناسكتر و گەیەنەرترنیە بۆ موناجات كردن لەگەڵ خوادا..

چۆن باسی سەرنجی ترسناكی كوڕان وكچانی هاورێی زانكۆمتان بۆ بكەم كاتێ حیجابم لەبەركرد و بەرگی بالاَپۆشیم پۆشی و رۆیشتمە ناو پۆلی خوێندنەوە؟!! لەسەرەتاوە هیچ كەسێك نەیناسیمەوە، بەلاَم سەرسامی دەربڕینیان و ئەڵقەدانیان بەدەورمدا، وایان لێكردم بۆیەكەمجار وەك خۆیان بیان بینم.. ئەوانە كێن؟.. من چۆن لەتەكیاندا ژیاوم؟! چاوەكانیان شووشەیەكی بەتاڵ بوو.. لەرووویانا كۆمەڵە هەستێ بەدی دەكرا شیرینترینیان بێزراو بوو.. ئەمە چ كێ بەركێ و یەكتر هاڕینێكی گەرمە، كەمن تیایا ژیابووم؟! ئای چەند هەژارن بێ ئەوەی خوایەكیان هەبێ بیپەرستن، و بێ ئەوەی پەنایەكیان هەبێ پەنای بۆ بەرن!!

دەستم بەلەبەركردنی سورەتی یوسف پێغەممەری پاكداوێن كردووە، لەناو دێرەكاندا فرمێسكەكانم دەمسووتێنن، خانمی ماڵ بانگی دەكات و ... ئەویش نەك هەر شل نابێ بەڵكو پێی دەڵی: هاوار و واوەیلا بۆ تۆ، تۆ دەبێ كاری گەورەت لێ بوەشێتەوە، لەجیاتی گوناهـ زیندان هەڵدەبژێری ،

وبەندیخانەی پێ باشتر دەبێ تاخیانەت، ئەی پەروەردگاری من چەند جوانیت!! پێم پێ مەکەن خوا جوانە.. بەخشندەیە..و من لە قولآیی دڵەوە خوام خۆش دەوێ بۆیە فەرمانەکانی بەجێ دێنم.

خوایە! دەمەوێ قەرەبووی سالآنی تەمەنی سەرگەردانیم بکەمەوە، و بۆخزمەتی ئاینەکەت و بەرزی وشەکەت کاربکەم.. بەلآم تۆش چۆنت بوێ هەروا ئەبێ .. ئەوا من لەم رۆژی پێنچ شەممەیەدا لەمزگەوتا نوێژ دەکەم و نزا دەکەم و لێت دەپاڕێمەوە، سبەینێ خۆم دەخەمە بەردەست نەشتەرکاری مۆخ و دەمار تا ئەو هەوە سەرەتانیەی لەسەرما دروست بووە دەری بێنن..

خوایەگیان! خۆشحاڵم کە خوایەکم هەیە، و گیانێکی شەیتانی لەئاژەڵ کەمتر نیم، چونکە تەنانەت ئاژەڵیش لە ژیانیا بەسەر هێڵێکی دیاریکراودا دەڕوات.

ئەی خودای خۆشەویستم! لەتۆوە دوور بووم و دوور، نەمدەزانی وهەستم بە گەورەیی زیان و ئەندازەی دووریم نەدەکرد.. و لەوکاتەیشەوە تۆم ناسیوە خۆت دەزانی پەنا بۆغەیری تۆ نابەم..و داوا لەغەیری تۆ ناکەم، لەهەموو ئەم دنیایەدا هیچم ناوێ جگە لەوەی هەوڵ بدەم ئەوانەی دەورو بەرم تۆ بناسن.. تۆ ئەی خوایە!

دەمەوێ هەموان شیرینی ئەو هەست بەنزیکبوونەوەیە لەخوا بچێژن. ئەو لەزەتە دنیاییانەی کەخەڵکی بەشوێنیا

رادەکەن لە ژیانما هەمووجۆرێکیانم دیوە، هەموویان کاتین، لەچاوتروکانێکا هەموو کۆتایی دێن، و ناوەرۆك و ماهییەتیانم بۆ پێناسە ناکرێ ، بەوە نەبێ کە قیزەون و تەنگەلانن.. شتێك بوو بەکۆتایی رابواردن و لەدەستچوونیم دائەنا.. بەلاَم ئێستا حاڵی بووم کەئەوە شتێکی جیاوازە، ئەوەش هاواری سروشت و فیترەتە لەناخی هەموو مرۆڤێکدا، ئەندامەکان ناچاری دەبن بۆ گوناهکردن..و گیانی بەرێزیان لەوخۆڵەدا دەگەوزێنن..

پەروەدگارم! واهەست دەکەم کاتێ کە خەوم لێ کەوتووەو لەبەردەستی نەشتەرکارەکاندام من دیمانەت دەکەم، پەروەردگارم! من دەزانم تۆ لێبووردەی زۆر میهرەبانی.. و دەشزانم کە پەشیمانیم و فرمێسکەکانم تاوانەکانم دەشۆرنەوە و لەگوناهەکان پاکم دەکەنەوە..

بەلاَم ئەی پەروەردگارم! ئایا قبووڵم دەکەیت؟ ئەی خوایە گیان! ئایا لەریزی عەبدە خۆشەویستەکانی خوتا قبووڵم دەکەیت؟ ئایا منێك کە تەمەنێکی دوور و درێژ تۆم لەبیر نەبووە، و چەند رۆژێکی کەمە هاتوومەتە بەر دەرگاکەت، رۆژێ بەو پلەیە دەگەم تۆم لێ رازی بیت.. و لا بکەیتەوە بەلاما؟

پەروەردگارم! لەبەردەم بارەگای رەحمەتی تۆدا کزۆڵەم کردووە، و میوانێکی ماڵی تۆم، ئای ئەو میوانداریيە چەند قەشەنگە! من چەند کلۆل بوم کەلەژیانما لێی بێ بەش بووم!! لەمزگەوتا تەنیا بزەی فراوان وخۆشحاڵی دەربڕین

هەیە.. و پرسیارو یارمەتی.. لەگەڵ ئەوەدا کەنام ناسن بەلاَم کە لەبارەی نەخۆشیەکەمەو ئاگادار بوون و بیستوویانە نەشتەرکاری دەکریٚم دەستیان بە نزاو پاڕانەوە بۆ خوشکە تۆبەکارەکەیان کردووە، و هەموان بە سۆزو لەلەی راست چواردەوریان داوم..

ئەی خودا.. ئاوازی جوانی و دەسەلاَت.. چۆن لەهەموو ئەوانە بێبەش بووم؟ ئای لەم گەرمی و دڵنیاییە! پەروەردگارم! من ئاواتەخوازبووم تا زۆرم هەبوایەو لەپێناوی تۆدا بم بەخشیبایە، بەلاَم ماڵی حەلاَل و پاکم تەنیا ئەو کۆمەڵە نەوارەی قورئان و زنجیرەیەك لەوتارە ئاینییەکان هەیە. خوایەگیان! لێم وەربگرە،و من لێرەدا تۆ و فریشتەکان و هەڵگرانی عەرشت بەشاهێد دەگرم کە لەبەر تۆ و خۆشەویستی تۆ و دینەکەت وازم لەهەمووشتێك هێنا..

پەروەردگارم!.. ئەگەرگیانت کێشام، داوای رەزامەندی تۆ دەکەم.. و ئەگەر هێشتتمەوە یارمەتیم بۆ خزمەتی ئایینەکەت بدە.. داوای دوعایش لەهەموان دەکەم..

بەلیٚ ، هەموو ژیانی ناو تۆبەکارییەکەی لەچەند هەفتەیەك تێپەڕناکات، کە دەچێتە خەستەخانەو عەمەلیاتی مۆخی دەکرێت و لە نەشتەرکارییەکەدا دەرناچیٚ و گیانی پاکی بۆلای پەروەردگاری میهرەبانی دەگەڕێتەوە..

# # #

# ٢

# خانمی براندی

## چۆن موسڵمان بوو؟

## روداوەکەی 11 ئەیلوولی ساڵی 2001

روداوەکەی 11 ئەیلوولی ساڵی 2001 حەزی ئاگاداربوونی {براندی کۆرمان}ی ئەمریکایی ورووشاند تا لەبارەی ئیسلامەوە زیاتر بزانێ.. ئاوەها بۆ ناسینی ئیسلام هەنگاوەکانی یەکەمی نا و لەسەر ئێنتەرنێتەوە دەستی بەلێکۆڵینەوە کرد، وشەی "ئیسلام " و "قورئان "ی دەنووسی و سەرچاوەی زۆر و فراوانی دەکەوتە بەر دەست، پاش سێ ساڵ لە توێژینەوەی بەردەوام و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ ئیسلامبوونی خۆی ئاشکراکرد و بووبە موسوڵمان.. و شوویشی بە پیاوێکی موسوڵمان کرد ..

سێ ساڵ پێشتر کاتێ { براندی }دەستی کردە بایەخدان بەئیسلام کاسۆلیکێکی باوەڕدار و پێ بەند بە کەنیسەوە بوو، ئەوکاتە تەمەنی هەژدە ساڵان بوو .

لە دیدارێکا کە رۆژنامەی {ساوس بێند تریبیۆن South - Bend Tribune }ی ئەمریکی لەتەکیا سازی دابوو براندی گوتی: هۆی سەرەکی بۆ ئەوەی ببمە ئیسلامی و موسوڵمان ببم حەزی ئاگاداربوون بوو.. من پرسیارم دەکرد: ئەمە چ ئاینێکە شوێن کەوتەکانی بۆ کوشتن هان دەدا؟! ئاوەها خوێندنەوەم بۆ ئیسلام دەستی پێکرد.. لە پێگە ئەلکترۆنییەکانی ئێنتەرنێتەوە بەرەو کتێبە چاپکراوەکان رۆیشتم و پاشتریش لێکۆڵینەوە لە قورئان و واتاکانی ..

لەگەڵ هەموو لاپەڕەیەك لەو هەزاران لاپەڕانەی لەبارەی قورئانەوە خۆندبوومەوە بیرۆكەی ئەمە كە ئیسلام خەڵكی بۆ كوشتن هان دەدات نەدەما.. لەبەرامبەرەوە ئەمە لەزەینی{ براندی}دا دەچەسپا كە ئیسلام بەرنامەیەكە بۆ ژیان و گەردنكەچی بۆ ئەو خوایەی كوشتنی بێتاوانەكانی – لەژێر هەر ناوێكا بێ- حەرام كردووە ..

براندی دەڵێ: " هەروەك خوا یاساكانی بۆ سروشت داناوە، ئاوەهایش یاسای بۆ ئێمەی مرۆڤەكان داناوەو لەپەیامەكەی خۆیا ناردوویەتی.. بەردەوام دەبێت ودەڵێت: " كاتێ قورئان دەخوێنمەوە، شتێكی تیا نابینم هاوڕای نەبم، بەپێچەوانەی ئەوەی لەئینجیلا دەمخوێندەوە .."

رۆژێكیان داوام لە [ أسامة أباظة ] ی هاوڕێم كرد –كە ئەویش لەزانكۆی ئیندیانا قوتابی بوو- : لەتەك خۆیا بم بات بۆ مزگەوت، لەوكاتەوە ئیتر بەردەوام حەفتانە لە تەك ئوسامەدا دەڕۆیشتم بۆ مزگەوت، هەر چەند ئوسامە لەنیوەی رێدا بوو، بۆ دۆزینەوەی ئیسلام، چونكە ئوسامە پێش ئەوەی {چوار ساڵ ونیو لەمەوبەر} میسر بەجێ بێڵێ خۆی بە موسوڵمانێكی پێبەند بە ئیسلامەوە نەزانیوە، پێبەندبوونی بەئیسلام ورۆیشتنی بەردەوامی بۆ مزگەوت لەوكاتەوە دەستی پێكردووە كە هاتۆتە ئەمریكا ..

ئوسامە مەسەلەكە زیاتر روون دەكاتەوەو دەڵێ: منیش هۆی ئەوبوو رووم كردە مزگەوت كاتێ هاتمە ئەمریكا كۆمەڵە رەگەز و توخمێكی زۆری تێدابوو، هەریەكە خۆی

به توخم و رەگەزێکەوە، یا خاکێکەوە دەناساند، منیش وام پێ باش بوو باشترین شت ئەوەیە خۆم بدەمە پاڵ خوا، چونکە خوا خوای هەموانە..

براندی دەڵێ: "ئیسلام بەنیسبەت منەوە تەنیا ئاینێك نییەو بەس، بەڵکو بریتییە لە جۆر وشێوازی ژیان، لەبەر ئەوە من هەموو رێیەکانی ژیان و جل وبەرگەکانیشم گۆڕیوە" ..

بەڵێ، براندی لە جیاتی بەرگە تەنك و کورتەکانی ئێستا بەرگێکی شەنگ وشۆخ و داپۆشراو لەبەر دەکات، بەوشێوەی کە خوا لە قورئانا داوای لە ئافرەتانی موسوڵمان کردووە: " [ وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ "النور/31 ] . واتە: ئەی پێغەمبەر بەژنانی موسوڵمان بڵێ: سەیری نامەحرەم نەکەن، و داوێنی خۆیان بپارێزن، و بەلەچکەکانیان سەرو سنگ وگەردنیان داپۆشن، وجگە لەوەی کە بەدەرەوەیە جوانی خۆیان بۆ پیاوان دەر نەخەن، مەگەر بۆمێردیان، یا باوکیان...یا... تاد...

و دواتریش بەوپێیەی شەرع دیاری کردووە شووی بەئوسامە کرد.. و ژیانی هاوسەرییان دەست پێکرد.. و هەفتانەش دەڕۆیشت بۆ قوتابخانەکانی فێربوونی قورئان..

\# # #

٣

# کیژێکی ئەمریکایی بەرەگەز جولەکە

**کیژێکی جووی ئەمریکی:**

بەسەر تەپۆلکەیەکەوە لە مزگەوتێکی خنجیلانەی یەکێك لەشارۆچکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا روخسارێکی نوورانیم بینی کە قورئانی دەخوێندەوە، و واتای قورئانەکەش وەرگێڕرابووەو سەر زمانی ئینگلیزی، منیش سلاَوم لێکرد، و ئەویش بەروویەکی گەش و خۆشەوە وە لاَمی دامەوە، دانیشتین و پێکەوە دەستمان بەقسەکرد، وکەشتی قسەکان بەسەر دەریای هەوال و رووداوەکانا دەیبردین، وەك دوو هاوەڵی زۆر خۆشەویستمان لێهات، ئەمە سەرەتای یەکتر ناسینمان بوو.. شەوێکیان قەدەر لەسەر کەناری دەریاچەیەکی جواندا کۆی کردینەوە و یەکترمان دییەوە، باسی موسوڵمان بوونەکەی خۆی بۆ کردم و گوتی:

**چۆن خوا هیدایەتی دام؟!**

من لەبنەماڵەیەکی جووی ئەمریکی هاتوومەتە دنیا، و پاش ئەوەی خێزانەکەمان تێکچوو، باوکم و دایکم لێك جیا بوونەوە، و باوکم ژنێکی تری هێنا، و ئازاری زۆری دام، منیش لەتەمەنی 17 سالیدا لەماڵ رام کرد و هەڵهاتم بۆ ویلایەتێکی تر، لەوێ چەند لاوێکی عەرەبیم بینی، هەروەك هاوەڵێکی تری ئاوارەم باسی دەکرد ئەوان سەخاوەتمەندن.. ئەگەر یەکێکیان تەنیا بزەیەکی بۆ بکەیت نانی شێوێکت بۆ دەکرێت.. و شەوێکیش لەناو جێیەکی گەرما جێگەت دەکاتەوە!! منیش وەك ئەوانم کرد، بەلاَم لە

کۆتایی هەموو سەهرەیەکا دەرۆیشتم رام دەکرد و ئەو جۆرە پەیوەندییانەم پێ خۆش نەبوو ..

زیاد لەوە خۆیشم رقم لە عەرەب بوو، لە ژیانما هەستم بە بەختەوەری و ئۆقرەیی نەدەکرد.. بەلکو هەمیشە هەستم بە تیاچوون و دڵتەنگی دەکرد ..

**چۆن خوا منداڵی دەبێ؟**

پەنام بۆ ئاین برد بەڵکو بتوانم ئارامی بەدەست بێنم، ورۆحانییەتم بەهێز بکەم و هێزێکی پاڵنەری بۆ ژیان لێ وەر بگرم.. بەلاَم ئاینەکەی خۆم ئاینی جوو قەناعەتی پێ نەدەکردم، دەم بینی ئاینێکە هەرگیز قایل نابێ رێز بۆ ئافرەت دابنێ، بەلکو رێز لە مرۆڤایەتی ئافرەت ناگرێ، رقم لەو دواکەوتووییە بوو کەلەو ئاینەدا هەبوو.. منیش باوەڕم بە خەرافات و هەڵەت و پەڵەت نەبوو، لەبەر ئەوە رۆیشتم بووم بە فەڵە، ماوەیەك لەوێ مامەوە دیتم ئاینی دیانیش پڕیەتی لە تەناقوزات ودژە بۆ چوونی سەیر، شتی وای تیایە هەرگیز عەقل قبووڵی ناکات، ودەڵێن: دەبێ بڕوایشت پێی هەبێ !!

پرسیارم کرد: ئەرێ چۆن خوا رۆڵەی خۆی بەکوشت دەدات؟ ئەسڵەن چۆن خوا مناڵی دەبێ؟ چۆن ئینسان سێ خوای هەبێ و هیچیان نەبینی؟ سەرسام و سەراسیمە ببوم ..

وازم لەهەموو شتێك هێنا، بەلاَم ئەوەندەم دەزانی كە ئەم بوونەوەرە تەنیا خوایەكی هەیە و هەموو شەوێكیش تا بەیانی بیرم دەكردەوە ..

لەشەوێكی دژوارا - هەموو شەوە كانیشم دژوار بوون- لەدەمەو بەیانا وەختبوو خۆم بكوژم.. ئەوەند حاڵەتی نەفسیم ناتەواو بوو..!! كەوتبوومە ناو چاڵەقووتەی نەگبەتییەوەو رێی رزگاریم نەدەبینییەوە، و هەرچی شت هەبوو بەلای منەوە بێ واتابوو.. باران بە خوڕزم دەباری، هەورەكان چینچین لەسەر یەك نیشتیبوون، وەك ئەوە بەندیخانەیەك بێ و چوار دەوری دابم ئاوەهابوو، وام دەزانیٛ بوونەوەر دەیەوێ بم كوژێ، درەختەكان بەقین ورقەوە بۆم دەڕوانن !! تنۆكی دڵۆپەكان ئاوازێكی زۆر ناخۆشیان لێ دەدا، لە پەنجەرەی ماڵێكی چۆلكراوە سەرم هێنابوە دەر وسەیری ئەو دیمەنە سەختەم دەكرد.. لەدڵیشەوە پەنام بۆ خوا دەبرد و دەمگوت: خوایەگیان! دەزانم تۆ لەهەموو شوێنێكداهەیت، و بەسەر هەموو شتێكا ئاگاداریت، دەشزانم تۆ منت خۆش دەوێت، بەلاَم من بەندم لە بەندیخانەدا دەژیم .. من دروستكراوێكی لاواز و عەبدێكی بێ تواناى تۆم، تۆیش رێنوێنیم بكە بۆ رێی راست.. خوایەگیان! تۆ گەورەیی خۆت یا بم كوژە یا رێنوێنیم بكە.. بە كوڵ و بەدڵ دەگریام.. تا وەنەوز بردمیەوەو خەوم لێكەوت ..

تابەیانی خەبەرم نەبوەوە، كاتێ هەستام سنگ فراوان و دڵخۆش بووم، نەم دەزانی هۆی چییە؟ وەك عادەتی خۆم رۆیشتمە دەرەوە تا بەشوێن ژێواریدا بگەڕێم، بەڵكو یەكێ

پەیا بکەم نانی بەیانیم بۆ بکڕێ!! یا قاپەکانی بۆ بشۆم و بەپارەکەی نانێکی پێ بکڕم، لەرێدا بەلاوێکی عەرەبی گەیشتم، و پێکەوە زۆر قسەمان کرد، و داوای لێکردم تا پاش نانی بەیانی بڕۆم لەتەکیا بۆ ماڵ ئەو و لەتەکیا بژیم!! بەداخوازییەکەی رازی بووم و لەتەکیا رۆیشتم بۆ خانوەکەی، کاتێ ئێمە خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆبووین وپێدەکەنین وقسەی خۆشمان دەکرد، لاوێکی ریشدار کە ناوی سەعد بوو خۆی بەمالاَ کرد.. چۆن زانیم ناوی سەعدە؟ هاورێکەم بەناوی خۆیەوە بانگی کرد وگوتی: ئای سەعد! بەخێربێیت و ئەوەچۆن بوو واهاتی؟ و لەم قسانە ..

سەعدیش پەلی هاوەڵەکەمی گرت و کردییە دەروە، و منیش دەترسام - ئەوەمن رووبەڕوو لەبەردەم ترۆریستێکدام !!- بەلاَم هیچ شتێکی ترسناکی نەکرد، بەڵکو زۆر بەئەدەب و رێزەوە بەمنی گوت کە بڕۆمەوە بۆماڵ خۆم و ئەو ماڵە بەجێ بێڵم.. منیش پێم گوت: من ماڵم نییە، بەخەم و پەژارەیەکەوە سەرنجێکی دام کەئەوەم لەنێوچاویا بەدی دەکرد، و گوتی: باشە مادام وایە ئەمشەو لێرە بمێنەرەوە- ئەوشەوەش دنیا زۆر سارد بوو - بەلاَم بەیانی بڕۆ. برێ پارەیشی پێدام، وگوتی: بەڵکو ئەوەش سوودی لێ وەربگریت ..

ویستی بڕواتە دەرەوە، منیش وەستاندم و گوتم: زۆر سوپاس، تۆ لێرە بمێنەرەوەو من دەڕۆمە دەرەوە، بەلاَم تکایەکت لێ دەکەم تکایەکەم قبووڵ بکە.. گوتی: فەرموو ..

گوتم: دەمەوێ بۆم باس بکەیت بۆچ ئەو هەڵوێستەت بەرامبەر بەوهاورێیەت وبەرامبەر من نواند؟ ئینجا دانیشت، قسەی بۆمن دەکرد و سەیری عەرزەکەی دەکرد، چاوی هەڵنەدەهێنایەوە سەیری من بکات، و گوتی: ئاینی ئیسلام حەڵاڵەکانی حەڵاڵ کردووە و حەرامەکانیشی حەرام کردووە، بەتەنیا پێکەوە دانیشتنی ژن وپیاوی نامەحرەم و شەرابخواردنەوەی حەرام کردووە، هانیشمان دەدات بۆ ئەوەی چاکە لەتەك خەڵکیدا بکەین ورەوشتی جوانمان هەبێت..

ئاڵەویا سەرسەمام بووم!! ئەمانە ئەوانەن کە پێیان دەڵێن ترۆریست؟! وام دەزانی دەمانچەیان پێیە، وئەوەی لەبەردەمیانا بوەستێ دەیکوژن... میدیای ئەمریکی وای فێر کردبووم، پێم گوت: بەبێ زەحمەت من دەمەوێ زیاتر لە ئیسلام شارەزایی پەیدا بکەم.. دەتوانی رێنوێنیم بکەیت؟ گوتی: لەبەر ئەوەی من و تۆ نامەحرەمین بەیەك من ناتوانم لەتەك تۆ دابنیشم، ئەگەر پێت خۆشە دەتبەم بۆ ناو خێزانێکی موسوڵمان، ئەوان شارەزایی باشیان لەئیسلام هەیە، وبەکردەوەش ئیسلام دەبینی لەماڵ ئەواندا.. ئەوان یارمەتی باشت دەدەن بۆ شارەزابوون لە ئیسلام ..

**فرمێسکی شادی:**

بۆ سەبەینێ هاتەوە بەشوێنما و لەسەعات دەی بەیانیدا گەیشتینە ماڵەکەو خێزانەکە هاتن بەرەو پیرمان و پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین، پاش ئەوە منیش لەتەکیانا

دانیشتم دەستم بە پرسیارکرد.. پرسیار لەدوای پرسیار، دکتۆر سلێمانی خاوەنماڵیش زۆر بە سنگ فراوانییەوە وەلاَمەکانی دەدامەوە.. و قەناعەتی تەواوم بە وەلاَمەکانی هەبوو، و تێگەیشتم کە ئەوەی من بەشوێنیا عەوداڵ بووم دیومەتەوە.. ئاینێکی راست و روون و رەوان و گونجاو لەگەڵ سروشتا، ئەوەی کە ئەو بۆی باس دەکردم هیچ موشکیلەیەکم نەبوو لە قبوول کردنیا.. و هەمووی حەق بوو ..

هەستم بە خۆشییەکی بێوێنە دەکرد، هەر ئەو رۆژە ئیسلام بوونی خۆمم راگەیاند، و بەرگی بالاَپۆشیم لەبەر کرد، لەسەعات یەکی شەوا ئافرەتی خاوەن ماڵ و خێزانی دکتۆر بردمی بۆ یەکێك لە باشترین ژوورەکانی ماڵ خۆیان، و گوتی: هەتا ئارەزووت لێیە لێرە بمێنەرەوە.. پەنجەرەیەکی لەسەر رووی دەرەوە تیا بوو، منیش سەرێکم لە پەنجەرەکە داو فرمێسك بەچاوما دەهاتە خوار، و سەرگۆناکانمی تەرکرد، خێزانی دکتۆر سەیری کردم کە بزە دەمگرێ، و فرمێسکیش بەسەر گۆناکانما دێتە خوار پرسی و گوتی: هۆی چییە وادەگریت؟ منیش پێم گوت: پێرێ شەو لەم کاتەدا لەبەردەم پەنجەرەیەکی وادا وەستابووم و دەگریام و لەخوا دەپاڕامەوە : یا رێنوێنیم بکات، یا زووبەزوو بم کوژێت و لەناوم ببات.. ئەوا رێنوێنی کردم و رێزی لێگرتم، من ئێستا موسوڵمانێکم خوای خۆم دەناسم و ئەو رێگەیەش دەم گەیەنی بەخوا گرتوومەتە بەر.. ئەویش

ئیسلام و رێی ئیسلامه.. لەتەك ئەوەدا كە ئەم قسانەی بۆ من دەكرد دیسانەوە دەگریاو فرمێسكی شادی دەڕشت ..

دارشتنی لەلایەن دكتور[عثمان قدري مكانسي]یەوە بووە، و لەم سایتەی خوارەوە وەرگیراوە :

http://www.saaid.net

نۆموسڵمان: ١٢١٦ جار بینراوە، ٠ بۆچوون، لە ٢٧/٢/٢٠٠٨ لەسایتی پێنجوێنی بڵاوكراوەتەوە :
http://www.penjweny.org/article/285

# # #

٤

# سەلمای ئوسترالی

**ئەو خانمەی تامی ئیمانی چێشت**

**ئەو خانمەی تامی ئیمانی چێشت**

سەلما ئافرەتێكی ئوسترالییە، و ساڵانی سەرەتایی لەقوتابخانەی كەنیسەدا بردۆتەسەر، و لەوێوە گەشەی كردووە، وكاروانی ژیانی لەپشت دیوارەكانی كەنیسەوە دەست پێكردووە، گوێی بۆئاوازی دەنگی زەنگەكەی و سروودی نزاو پاڕانەوەی دەگرت..بەڵام زۆری نەخایاند كە بانگی سروشت بەناخیا بڵاو بووەوە..

لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا سەلما گەشتەكەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە كە چۆن لەتەنگەبەری ژیانەوە بەرەو فراونی ئیسلام رۆیشتووە، و دەڵێت:

**بیرو باوەڕی مۆرمەن:**

من لە خێزانیكی ئوسترالی لەدایك بووم كە سەر بە تایەفەی "مۆرمەن "ن، ئەو تایەفەیەش هەندێ بیرو باوەڕی تایبەت بەخۆیان و جیاواز لە مەسیحییەكانی تر هەیە، ئەم تاقمە پێیان وایە كە هەموو خەڵكی منداڵی خوان، و مەسیحیش كوڕەگەورەی خوایە، و وەحی بەردەوامە و بەتیاچوونی مەسیح كۆتایی نەهاتووە، و ناو بەناو پێغەممەر و پەیامێك لەم سەر زەوییەدا پەیدا دەبێ، و پێغەممەری ئێستایان لە ئەمریكادایە..

پاش ئەوەی ئاوزام رۆیشتمە قوتابختانەیەكی كەنیسەوە، و پاش دەر چوونم لە كەنیسەدا بووم بەمامۆستا و دەرسم

دەوتەوە. من لە ئاینەكەما بەتەواوی ڕۆچووبووم، ئەوەبوو لەناو كەنیسە دەرسم دەوتەوە، ولەدەرەوەیشیا خەڵكیم بۆ بانگ دەكرد.

**ئافرەتانی كەنیسە:**

لەگەڵ ئەو پابەندی و تیژییەی خۆمدا، كە لەبڵاوكردنەوەی ئاینەكەمدا زۆر جیددی بووم، كۆمەڵێ پرسیارم هەبوو كە خەویان لێ زڕاندبووم. هەرچی لەبارەیانەوە پرسیارم دەكرد وەڵامێكم نەدەبیست قەناعەتیان پێ بكەم، من پرسیارم دەكرد: بۆ دەبێ خوا پێویستی بە واسیتەیەك هەبێ كە نوێنەرایەتی بكات؟ بەوەقەناعەتم نەدەكرد كە لەوەڵاما دەیان وت: خوا پێویستی بەیەكێك هەیە كەلێمان ببوورێ.. من هەستم دەكرد كە مەسیح لەبارەی ڕۆحانییەوە لەمن بەرزتر و بەهێزترە، وپێغەممەریشە، بەڵام نەم دەتوانی قەناعەت بەوە بكەم كە ئەو پێویستە هەڵبواسرێ تا من رزگارم ببێ، من هەستم وابوو كەدەبێ بەكردەوەی خۆم رزگارم ببێ..

**ئاسۆی زانیاری:**

لەبارەی زانست و زانیاری خۆیەوە سەلما دەڵێ: فەلسەفەو ئەدەبم لە زانكۆدا تەواو كرد، و سووربووم لەسەر خوێندنەوەی بیری ماركسیستی، و هیندۆسی و بودایی، من زۆر بایەخم بە تەناسوخول ئەرواح، و بزوتنەوەی مافی ئافرەتان دەدا، وسۆزم بۆیان هەبوو، چونكە پێم وابوو كە ڕۆژئاوا مافێك بەئافرەت نادات، و بگرە لەناوماڵی خۆیشیا لەنێوان خزم وبراكانیا پارێزەری نییە، وەك لاشەیەكی بێ كەسایەتی و بێ ژیری سەیر دەكرێ.. ئافرەت لە

راگەیاندنەکانا بەکاردێنرێ بۆ فرۆشتنی کەل و پەلی بازرگانی.. بەلاَم بۆم دەرکەوت ئەو بزوتنەوانەش شتێکیان بۆ مرۆڤایەتی بەدی نەهێنا، چونکە هەموو هەولێکیان بۆ ئەوەبوو دەسەلاَت لەدەست پیاو دەربێنن و بیدەن بەئافرەت. کەئەمەش ئەوگۆلەز و گۆبەندانەی ئافرەت دەگوێزێتەوە بۆ پیاوان وهیچی تر..

**سوورەتی مەریەم هەژاندمی:**

سەیر ئەوەیە هۆی موسوڵمان بوونم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارەی لەکەنیسەدا دەمکرد وەك سەردانکردنی خەڵکیی و بانگکردنیان بۆ مەسیحیەت، سەلما بەم جۆرە رووداوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

قەدەر وا بوو سەردانی خێزانێکی لوبنانی موسوڵمانمان کرد بۆئەوەی بۆ ئاینەکەی خۆمان "مۆرمەن " باگیان بکەین، بەلاَم ئەوان بانگیان کردم تا گوێ لە سوورەتی مەریەم بگرم، منیش رۆیشتم و گوێم لە نەوارە عەرەبییەکەی گرت، سەیری خۆمم کرد دەگریم، وهەستەکانم دەهەژێنێ، پاشان وەرگێڕاوی ئینگلزییەکەیان بۆ خوێندمەوە، هەموو ئەو پرسیارانەی کەمن لەمنداڵیمەوە بەشوێنیانا عەوداڵ بووم وەلاَمەکەیانم لەوسوورەتەدا بەتەواوی دەستکەوت.. ئالەویادا هەستم کرد کە هەموو ژیانی رابوردووم راست و دروست نەبووە، پاش گەڕانەوەمان، و لەکۆبوونەوەی هەفتانەی کەنیسەدا ئاگادارم کردنەوە کە من بریارم داوە واز لەکەنیسە بێنم..چونکە رێیەکی ترم بۆخۆم دیوەتەوە..و سوپاسیشم کردن، چونکە کارکردنم لەتەك ئەواندا بووە هۆی ئەوە من رێی بەرەو ئەڵلاَ ببینمەوە..

پاش ئەوە دەستم بەخوێندنەوە كرد تا زیاتر لەئیسلام شارەزا ببم، هەرچی زیاتر لەبارەیەوە ئەم خوێندەوە زیاتر پێوەی دەستگیر دەبووم، و متمانەم بۆ دروست دەبوو كە ئەم ئاینە حەقە، نیشانەكانی پرسیار لە زەینما بەتەواوی نەما، هەمەلایەنی و گشتگیری ئیسلام لەبەشی زۆری ئەو شتانە دووری خستمەوە كەجاران خولیایان بووم، سەیرم دەكرد ئیسلام هەموو گۆشەیەكی ژیان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا رووگەكانی تر تەنیا لایەنێك یا چەند لایەنێكیان بایەخ پێداوە، و بەشێكی زۆریان وێڵ كردووە. ئەو هەستەم بۆ دروستبوو كە ئیسلام ئاینێكی گشتگیرە، و لەهەموو لایەنێكی ژیانەوە بەختەوەری بۆمرۆڤ بەدی دێنێ، ئەوەشم بۆ دەركەوت كە بزوتنەوەكانی مافی ئافرەت لەرۆژئاوادا بۆیە دروست بووە چونكە ئافرەت مافێكی نەبووە، و رۆژ ئاوا هیچ مافێكی نەداوەتێ.. بەلاَم ئیسلام هەموو مافێكی بەتەواوی داوەتێ..بێ ئەوەی داوای بكات، ئەو بزوتنەوانە هەموو مەبەستێكیان دەرهێنانی دەسەلاَتە لەدەست پیاو و بەخشینیەتی بەئافرەت، بەلاَم ئیسلام بەختەوەری هەردوولای دەوێ..

ئەو وێنەیەی بۆ یەكیەتی مرۆڤایەتی خەوم پێوە دەبینی، بە بێ جیاوازی رەنگ یا رەگەز، یازمان، و سۆزو بەزەیی لەنێوانیاندا، لە ئیسلاما دەستم كەوت، لەدنیاداهیچ بانگەوازێك نییە توانیبێتی بەو شێوەیە مرۆڤایەتی كۆبكاتەوە كە ئیسلام كۆی كردوونەوە، بەلاَم بەداخەوە موسوڵمانان خراپەیەكی گەورەیان بەرامبەر ئاینەكەیان كردووە، چونكە شوێن هەواو هەوەسیان كەوتوون، نەك ئاینەكەیان، ئەوەی خۆیان بیانەوێ لەئیسلامی وەردەگرن و لەرۆژئاواش..

ناموسوڵمانانیش لەو وێنەوە سەیری ئیسلام دەکەن کە موسوڵمانان پیشانی دەدەن، ئەویش وێنەیەکی زۆر ناشیرین و دوور لەئیسلامە، رۆژئاوا دەزانێ کە ژیانیان چەند نەخۆشە، بەلاَم لەئیسلام دەترسن وهێرش دەکەنەسەری، و وێنەیەکی پرشنگدار بۆ رۆژئاوا دەکێشن..

**موسوڵمانبوونی خۆم ئاشکراکرد:**

موسوڵمانبوونی خۆم لە ماڵبۆرن(مێڵبۆن) ئاشکراکرد، لەوێ هەندێ لەوخوشکانەم ناسی کە تازە خوا هیدایەتی دابوون، لەگەڵ ئەوانا دەستم بەچالاکی بانگەواز کرد، و بۆم دەرکەوت کە ئیسلام گەورەترین ئاینێکە لەناو ئوسترالییەکانا بلاَودەبێتەوە، بەلاَم ئێمە بەرپرسیاریەتێکی گەورەمان لە ئەستۆدایە، و دەبێ منداڵەکانمان لەسەر ئیسلام پەروەردە بکەین، وتێیان بگەیەنین کە ژیانی رۆژئاوا نەخۆشە، بەلاَم کەرەسەکانی میدیا وەك وێنەیەکی پرشنگدار پیشانی دەدا، دەبێ منداڵەکانمان رابێنین لەسەر ئەوە: بییر لەهەموو شتێك بکەنەوە،و بەرەلاَیان نەکەین تا هەرشتێکیان بینی بێ بییرلێکردنەوە وەری بگرن.

هەروەها پێویستە لەدەروونیانا شانازیکردن بەئیسلامەوە بچێنین، فێریان بکەین کە ئیسلام چی پێشکەش بە شارستانیەتی رۆژئاوا کردووە، و بگەرِێینەوە بۆ رەوشت و بەها بالاَکانی ئیسلام..

# # #

# ٥

# بەرپرسی هۆڵەکە

## ئەوئافرەتەی بەکردەوە بانگخوازبوو:

ئەم بەیانیە وتارێکم خوێندەوە زۆر لە دەروونمدا کاریگەر بوو، و بەپێی تەجروبەی خۆم بۆم روون بووەتەوە: بانگخواز چەند پاڵفتەیی بۆخودا تیا بووبێت ئەوەند وتارەکەی لەدەروونەکاندا کاریگەر بووە، ( ولا نزكي احدا علي الله )، هیوادارم بەهەڵەدا نەچووبم..هەروەها قسەیەکی پێشینانی پیاو چاک هەیە کە ئەفەرموێت: ئەو قسەیەی لەدڵ دەرهات بەدەڵەوە ئەنیشێ و ئەوەش تەنیا لەدەمەوە دەرهات لە گوێ تێناپەڕێت..

وتارەکە خانمێک نووسیبووی کە بەئەندازێک زانیاری شەرعی و کۆڵێک رەوشتی بەرزی ئیسلامییەوە، ئەچێتە دەرەوەی وڵات و هەندەران، ئەوەش بەرهەمەکەی ئەبێت، نەک هەر پارێزگاری لەخۆی ئەکات و بەس، بەڵکو هەوڵ ئەدات پەرژینی رەوشت بەرزی بەدەوری هاو چەشنەکانیشیا بکات، و بۆ خزمەت بە ئیسلام و پەیامەکەی خوا وەگەڕیان بخات..

نووسەر دەڵێت:" لەوکاتەوە ئەم فەرموودەیەم بەرگوێ کەوتووە هەمیشە لەگوێمدا دەزرنگێتەوە کە پێغەممەر دروودی خوای لێ بێ فەرموویەتی:" ( بَلغوا عَنّي وَلوْ آيةً ) أخرجه البخاري في كتاب أحاديث الأنبياء/باب ما ذكر

عن بني إسرائيل، برقم: 3202.) واتە: پەیامەکەی خوا لەمنەوە بگەیەنن با تەنیا ئایەتێکیش بێت."

پاشان کاتێ ئەگاتە لەندەن بیير لە ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بەو فەرموودەیە ئەکاتەوە، ئەم زمانێکی باش نازانێت، ئەبێ چۆن بتوانێت ئەو ئەرکە ئەنجام بدات؟.. خۆی بەخۆیشی ئەڵێت: راستە شارەزابوونی زمان دەورێکی باڵای لەگەیاندندا هەیە، بەڵام هەندێ جار کارکردی کردەوە لەقسەی جوان و رێکخراو کاریگەرتر ئەبێت، و لەبیریشت نەچێت پێشینان وتوویانە: کەسێک بەکردەوە چاکە پیشانی هەزار کەس بدات باشتر کاریگەرئەبێت تا قسەی هەزارکەس بۆ کەسێک..

هەندێ جاریش بیر دەکاتەوە کەلەبارەی زانیارییە ئیسلامییەکانەوە زۆری پێ نییە،و وەختە گۆشەگیری بۆخۆی هەڵبژێرێت، پاشان لە ژیانی هاوەڵەکانەوە دەرس وەرئەگرێت ویەکێکی وەک ئەبوزەڕی غەفاری خوا لێی رازی بێت، ئەکاتە نموونە بۆ خۆی، ئەوەبوو پانزە رۆژ لەخزمەت پێغەممەردا بوو، داوای لێکرد رێی پێ بدات تا بگەڕێتەوە بۆ ناو قەومەکەی و ئیسلامیان پێ بگەیەنێت. بەم بیير و بۆچونانە مێشکی پڕ دەبێت، و پاشان بڕیار دەدات ماوەی مانەوەی لە لەندەنا تەنیا بۆ رەزامەندی خودا و لە رێی ئەودا بێت..

**بەرەکەتی نییەت:**

بەم نیاز و مەبەستەوە خوا کاری بۆ ئاسان ئەکات و پاش ماوەیەک مانەوەی لەوێ بانگ ئەکرێت بۆ ئەوەی دەرسی زمانی عەرەبی بەکۆمەڵێک ئافرەتی پاکستانی بڵێتەوە، ئەویش روو پیشان ئەدات و گفتیان ئەداتێ، و ئەمەش رێی بۆ خۆش ئەکات تابییر لەکارێکی مەزنتر بکاتەوە بۆ پاشەرۆژی، ئەویش خەڵک فێرکردنی زانیارییە، تا ببێتە خێرێکی بەردەوام و نەبڕاوە، چونکە پێغەمەمەردرودی خوای لێ بێ فەرمویەتی:" إذا مَاتَ الإنسانَ انقطعَ عنْهُ عَمَلهُ إلا مِن ثلاثةٍ: الا مِنْ صَدقةٍ جَارِيةٍ، أوْ عِلم يُنتفَعُ بهِ، أوْ وَلدٍ صَالِحٍ يَدعُو لهُ"( أخرجه مسلم/باب مايلحق الإنسان من الثواب بعد وفاته، برقم: 3084. ). بۆیە پێشنیار ئەکات کە لەپشووەکانی هەفتەدا دەرسێکی فێرکردنی قورئان بۆ منداڵان دابنێن، و پێشنیارەکەی پەسەند ئەکرێت، و خانمەکانی هاوڕێیشی بڕیاری هاوکاری و یارمەتی ئەدەن..

پاشان بییر لەشوێنێکی باش بۆ ئەوکارە دەکەنەوە، هۆڵێکی گونجاو بۆ کاتێکی دیاریکراو لە پشووی هەفتەدا بە کرێ دەگرن..

دەڵێت:" ئەم هۆڵە هیچ عەیبێکی نەبوو جگە لەو پیاوەی بەرپرسی کردنەوەو داخستنی بوو، کە هەرکات بیکردایەتەوە بۆمان، بەڕوویەکی مۆن و گرژەوە پێشوازی

دەكردین، و مامەڵەیەكی زۆر وشک و دڵڕەقانەی لەگەڵا دەكردین.".

ئەمانیش بڕیار دەدەن كە بەخراپە وەڵامی خراپەكەی نەدەنەوە، بەڵكو پێغەممەردرووودی خوای لێ بێ بكەنە سەرمەشقی خۆیان كە وەڵامی ئازاری ناحەزانی بەچاكە داوەتەوە، ئەمانیش ئاوها مامەڵەی لەتەكدا بكەن، و رەوشتی ئیسلامیانەی پیشان بدەن..چونكە ئەم دەزانێت كە ئەمانە موسڵمانن بۆیە ئاوها ئازاریان دەدات، و لەبارەی ئیسلامەوە خراپ حاڵی كراوە..

كابرا زۆر دڵڕەق بووە، كاتێ رۆژانە كەرۆیشتوون بۆ هۆڵەكە، خۆی لێ گێل كردوون و ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش بووبێت دەرگا كردوونەوەكەی دوا خستووە تا ئازاریان بدات، كاتێكیش كە كاتیان تەواو بووە زۆر بە وشكی و دڵڕەقیانە پێی گوتوون: كاتتان تەواو بووە، و رێی نەداون تاسەرپەرشتی منداڵەكان دێت بە شوێنیاندا لە هۆڵەكەدا بمێننەوە، دەری كردوون و لەدەرەوە چاوەڕوان بوون!! لەگەڵ ئەوەشدا وایان پیشان نەداوە كە رقیان لێیەتی یالێی نارازین!! بەمەرجێ كامێراش بەسەریانەوە دانراوە تا هەموو هەڵس و كەوتێكیان لەژێر چاو دێریدابێت.. چونكە لە ئیسلام و موسوڵمانان و كاری ئیسلامی ترسێنرابوون..

ئەم هەڵس وكەوتە ناشیرینەی ئەو ناكەنە خەمی خۆیان، و بەڵكو هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە ئەبێت چۆن بتوانن زیاتر منداڵان بەرەو بنكەكەیان رابكێشن، و وایان لێ بكەن حەز

لەفێربوونی زمانی عەرەبی و قورئان بکەن؟! بۆیە هەموو جۆرە یارییەکیان بۆ ساز ئەکەن یاری گشتی و یاری تایبەتیش.. تا کاتی پشوویان پێ بەسەر بەرن، و لەهەمان کاتدا بۆ فێرکردنیان کەرەسەی روونکردنەوەیان بۆ بەکارهێناون.. هەروەها لە بۆنەکاندا شیرینی ودیارییان بۆکڕیون، و بگرە لەکاتی چاپکردنی ئەو کاغەزانەشدا کە دەرسیان بۆ ئامادە کردوون هەوڵیان داوە رەنگی ئەو هەفتەیە لەوەی رابووردوویان جیاوازبێت، تا مەلوولی روویان تێ نەکات.. زیاد لەوە لەکاتی یاریکردنندا خۆیشیان یارییان لەتەکا کردوون..

کابرای کلیل بەدەستی هۆڵەکە لەبەر کامێراکەدا دائەنیشێ و هەموو ئەمانە بەورد و درشتیەوە ئەبینێت، چونکە چاوتروکانێک لێیان بێ ئاگا نابێت، و ئەبینێت ئەو منداڵانە چەند بە مامۆستاکانیان دڵخۆشن، وچۆن گوێیان بۆ ئەگرن، و ئەوانیش چەند بەمیهرەبانییەوە لەتەکیاندا رەفتار ئەکەن.. و رەفتاریان بەرامبەر سەرپەرشتیاری منداڵەکان چەند بەڕێزەوەیە!! و زیاد لەوە چۆن مامەڵە لەتەک خۆیشیدا ئەکەن!! ئەمانە هەموو ئەبینێت وبیری لێ ئەکاتەوە..

**تروسکەی هیوا:**

هۆڵێکی یاری لەپەنای هۆڵەکەی ئەمانەوە ئەبێت، و ئەمان مافی ئەوەیان نابێت سوودی لێ وەربگرن، رۆژێک لەکاتی پشووی ناو دەرسەکاندا چەند منداڵێک دزە ئەکەنە ناو یاریگایەوە،و زۆر بەشەوق و حەزەوە سەرنجی یارییەکان

ئەدەن، و حەز ئەکەن بەکاریان بێنن، ئەویش وەک باوی خۆی کە لەکامێراکەوە چاودێریان ئەکات دێت بۆلایان، و ئەمانیش چاوەڕوان ئەکەن بنەڕێنێت بەسەریاندا، بەڵام بەپێچەوانەوە زۆر لەسەرخۆ ئەپرسێت:" ئایا منداڵەکان ئەیانەوێ ئەویاریانەی لێرەدا هەیە بەکاری بێنن؟" ئەمیش بەخۆگرییەکەوە ئەڵێت: شتی وا مومکینە؟ بواری واهەیە؟ ناکاو ئەڵێت: بەڵێ.. هەموو ئەو یارییانەی لێرەدا هەیە، ئەتوانن بەبێ پارە بەکاریان بێنن!!

هەروایش بوو کابرا یاریگاکەی کردەوەو بەخۆڕایی خستییە بەردەست منداڵەکان، ئەمانیش سەرنج ئەدەن ئەم پیاوە تەواو گۆڕاوە پیاوەکەی جاران نییە.. تا وای لێدێت خۆی کاغەزی دەرسەکانیان بۆ چاپ ئەکات، ئەیش زانێ هەفتەی چ رەنگێک بەکار دێنین،- چونکە هەمیشە بەکامیراکە موراقەبەی کردوون - ئاوەها خۆی ئەیگۆڕێ بێ ئەوەی پێی بڵێن!!

رۆژێک ئاگاداریان ئەکاتەوە کە ئەیەوێت بەهەر شێوەیەک لەتوانایدا هەبێت یارمەتییان بدات و خزمەتیان پێ بکات.ئەمە ئەبێتە هۆی سەرسامبوونی مامۆستا موسوڵمانەکان، بۆیە هەروەک خاتوو سوها باسی ئەکات و ئەڵێت:

" لەراستیدا من سەرسام ببوم نەم ئەزانی چۆن وای بەسەرهاتووە؟! منیش بڕیارم دا بڕۆم سەری لێ بدەم و پرسیاری هۆی ئەم گۆڕانەی لێبکەم، کەپرسیارم لێکرد

وتی: پێش ئەوەی وەڵامت بدەمەوە، ئەمەوێ چەند پرسیارێکت لێ بکەم، کە لەو کاتەوە ئێوەم ناسیوە تا ئێستاش لەناو دەروونمدا پۆنگیان خواردۆتەوە..

منیش پێم وت: ئەوانەچین؟

وتی: چی پاڵتان پێوە ئەنێت تابەوجۆرە مامەڵە لەتەک منداڵەکاندا بکەن؟ ئایا یاسایەک هەیە بەوە ناچارتان بکات؟ یا لەبەر ڕێزگرتن بۆ مافی جیهانی منداڵ ئەو کارە ئەکەن؟ پاشانیش ئەو منداڵانە چۆن ئاوەها بێدەنگ ئەبن، و گوێتان بۆئەگرن؟ رازی ئەو ڕێزە لەنێوان گەورەو بچووکدا چییە؟ پرسیارێک لەهەمووی گرنگتر: چۆن تائێستا لەنێوچاوی ئێوەدا تووڕەییەکم نەبینی بەرامبەر بەو هەڵس و کەوتەی من لەتەکتاندا، زیاد لەوە مامەڵەیەکتان لەتەکا نەکردووم وەک مامەڵەی من خراپ بێت؟

کاتێک گۆێم لەپرسیارەکانیەوە بوو دڵ و دەروونم لەخۆشیدا پێ ئەکەنین..لە دڵی خۆمدا سوپاسی خودام کرد، کەئەمڕۆ بواری ئەوەم بۆ هەڵکەوتووە ڕاسپاردەکەی پێغەممەری خوا دروودی خوای لێ بێ بگەیەنم، ئەی پێغەممەری خوا! ڕاسپاردەکەت ئەگەیەنم، و ئایەتێک لەپەیامەکەی تۆی بۆ ئەخوێنمەوە، بەم دەستەواژەیە وتم: ئەوە ئاینەکەمانە..

بەسەرسامییەوە وتی: ئاینی ئێوە؟ چۆن؟ ئاوهایە؟!

منیش پێم وت: بەڵێ، ئەوە ئاینەکەمانە.. وە لەبارەی پەیوەندی ئێمەوەش بە منداڵەکانەوە، و پەیوەندی ئەوان بە

ئێمەوە پێغەممەری خوا دروودی خوای لێ بێ هۆشیاری کردووینەوەو فەرموویەتی: " لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يُجِلَّ كَبِيرَنَا ، وَيَرْحَمْ صَغِيرَنَا ، وَيَعْرِفْ لِعَالِمِنَا حَقه "( أخرجه الحاكم فى المستدرك على الصحيحين » كتاب العلم » باب ليس منا من لم يجل كبيرنا ، و أحمد في مسنده/في باقي مسند الأنصار برقم: 21693.) واته: ئەوەی رێز لەگەورەکانمان نەگرێت، و بەزەیی بەپچوکەکانماندا نەیەتەوە، و مافی زانایانمان نەزانێت ئەوە لەئۆمەتی من نییە.. ئێمە میهرەبانین لەتەکیاندا و ئەوانیش بەرێزەوە سەیرمان ئەکەن.

بەڵام لەبارەی مامەڵەمانەوە لەتەک تۆو وێنەی تۆدا خوای گەرە رێنموونی کردووین و فەرموویەتی:" وَلاَ تَسْتَوِي الْحَسَنَة وَلاَ السَّيِّئَة ادْفَعْ بالَّتي هيَ أَحْسَن فَإذَا الَّذي بَيْنَكَ وَبَيْنَه عَدَاوَةٌ كَأَنَّه وَليٌّ حَميمٌ"( سورة فصلت/ 34.) واتاکەیشم بۆ کرد و وتم: واته: چاکەو خراپە چون یەک نین، بەوەی باشتربێت بەرەنگاری خراپە بکەوە، ئەوسا ئەوەی لەنێوان تۆ و ئەودا ساردی و دوژمنایەتیی بووە وەک دۆستێکی گیانی بەگیانی لێ دێت.هەروەها خوای باڵادەست فەرموویەتی:" الَّذينَ ينْفقونَ في السَّرَّاء وَالضَّرَّاء وَالْكَاظمينَ الْغَيْظَ وَالْعَافينَ عَن النَّاس وَالله يحبّ الْمحْسنينَ"( سورة آل عمران/ 133- 134) پەلەبکەن بۆ لێبوردەی پەروەردگارتان، و بەهەشتێک پان و بەرینییەکەی بەقەد ئاسمانان و زەوی دەبێت، و بۆپارێزکاران ئامادەکراوە. ئەوانەی لەخۆشی و ناخۆشیدا ئەبەخشن، و توورەبوونی

خۆیان دەخۆنەوە، و چاوپۆشی لە خەڵکی دەکەن، و خوایش جوانکارانی خۆش ئەوێت..

لەبەر ئەوەی ئێمە بەو پاداشتە بگەین رقی خۆمان خواردۆتەوە، ولەجێی خراپەکانت ویستمان چاکەت لەتەکدا بکەین، سەرئەنجام بەڵێنە خواییەکە هاتە دی، ئەوەتە پاش ئەو هەموو دڵ ڕەقییەی لەتەکمانا نواندت بۆمان بوویتە دۆستێکی خۆشەویست..

سەرسامییەکم لەنێوچاوی ئەوپیاوەدا بەدیکرد کەلەوەپێش نەم بینیبوو، خەجاڵە'تییەکی زۆری بۆ دروستبوو بوو، نەی ئەتوانی بیسەلمێنێت کە ئیسلام فەرمان بەو رەوشتە بەرزانە ئەکات، بۆیە بەسەر سامییەکەوە وتی: راستی ئاینەکەتان فەرمانتان بەشتی وا پێئەکات؟ ئەم رەوشتە باڵایانە لە ئاینەکەتاندا هەیە؟!

**کردەوەکان بەسەر دەنگەکاندا زاڵ ئەبن..**

ئالەویادا حاڵی بووم کە خەڵکی لەرۆژئاوادا ئیسلام بەباشی ناناسن، دوژمنایەتیشیان بۆ ئیسلام و رقبوونیان لە موسوڵمانان بەپێی زانیاری ولێکۆڵینەوە نییە، بەڵکو لە نەزانین وگوێگرتنیانە بۆ ناحەزان و داخ لەدڵان و ئەومەبەست خراپانەی لەناو رۆژئاوادا بڵاوی ئەکەنەوە کە ئیسلام ئاینی تۆقاندن و ترۆرە، و ئاینی دڵڕەقی و توند و تیژییە..

پاش ئەم هەڵویستە پیاوەکە ڕێزی زۆری لەخۆمان وکارەکەمان ئەگرت، و بەهەرشتێک لەتوانایدا ببوایە ئەهات یارمەتیمان بدات، بەتەواوی لەئازاردان و تەنگ پێهەڵچنینمان کەوت، و ئێمەش ئەمەمان بەفرسەت زانی تا بۆ ئیسلام بانگی بکەین، و هانی بدەین لەبارەی ئاینی ئیسلامەوە شارەزایی زیاتر پەیدابکات، بۆیە ئێمەش ئەو نامیلکە ئیسلامییانەمان بۆ ئەهێنا کە ڕەوشتی ئیسلامییان باس ئەکرد، و بۆ فێرکردنی یاساکانی ئیسلام و شەرحکردنی عەقیدەکەی بوو، ئەویش زۆربەشەوقەوە ئەیخوێندنەوە، بۆیە لەخوا ئەپاڕێینەوە هیدایەتی بدات و دڵی بەنووری ئیسلام ڕووناک بکاتەوە..

ئەم هەڵوێستە ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی وەبیرهێنامەوە کە ئەویش گەیشتن وبڵاو بوونەوەی ئیسلام بوو، بەخوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کە لە ڕێی ئامۆژگاری و وتار خوێندنەوەوە نەگەیشۆتە ئەوێ، بەڵکۆ بەهۆی خوو ڕەوشتی بەرزی بازرگانانی ئیسلامەوە گەیشتە ناو دڵ و دەروونی خەڵکی ئەوناوچەیە و موسوڵمان بوون، غەش و خیانەت و چاو و ڕاویان نەدەزانی، کاتێک هۆی ئەوەیان لێ ئەپرسین، لەوڵامدا ئەیان وت: ئەوە ئاینمانە، و ئیسلامەکەمان وارێنوێنیمان ئەکات.. ئەمەش پاڵی بەوخەڵکەوە ئەنا تا لەوئاینە بکۆڵنەوە، و ڕووبکەنە فێربوونی، و پاشان وەرگرتنی، و باوەڕهێنان پێی..

ئێمە بەچاوی خۆمان ئەیبینین، ورۆژگاریش سەلماندوویەتی، کەوێنەی ئیسلام لای نا موسڵمانان بە

وتارو كتێب و كۆنگره ناگۆڕێت، ئەوەندی كه بەكردەوە و رەوشتی جوان ئەگۆڕرێت، ئەویش به پێشكەشكردنی وێنەی زیندوو بۆحەقیقەتی موسوڵمان، ئەمەش تەجروبەیە،و رەحمەت لەگۆڕی ئەوەی وتی: كردەوەكان دەنگیان له وشەكان بەرزترە..

هەر هۆی ئەوەیشە كه پێغەمەردرووودی خوای لێ بێ فەرموویەتی: " إنَّ أَفْضَلَ شَيْئ في الميزان يَومَ القيامَة الخلق الحَسَن"( أخرجه الإمام أحمد في مسنده عن أبي الدرداء قال: قال رسول الله صل الله عليه وسلم/برقم: 26224. ) رۆژی قیامەت گەورەترین شتێک لەتای ترازوودا رەوشت جوانییە.

هەروەها فەرموویەتی:" إنَّ المؤمنَ ليدرك بحسْن خلقه دَرجَة الصَّائم القائم"( أخرجه أبوداود في الأدب عن عائشة رضي الله عنها قالت: سمعت رسول الله صل الله عليه وسلم يقول: برقم: 4165. وأحمد في مسند الأنصار برقم: 23864 . ) ئینسانی ئیماندار بەهۆی رەوشتی جوانیەوە بەپلەی ئەوانە ئەگات كەهەمیشە بەرۆژ بەرۆژوون، و بەشەویش شەو نوێژیان كردووە..

.............

**سەرچاوە:** 1. سها السمان: 2004/6/1 اسلام اون لاين..

429 - حَدَّثَنَا أَبُو الْعَبَّاسِ مُحَمَّدُ بْنُ يَعْقُوبَ ، أَنْبَأَ مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ الْحَكَمِ ، أَنْبَأَ ابْنُ وَهْبٍ ، أَخْبَرَنِي مَالِكُ بْنُ

خَيْرٍ الزِّيَادِيُّ ، عَنْ أَبِي قَبِيلٍ ، عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، قَالَ : " لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يُجِلَّ كَبِيرَنَا ، وَيَرْحَمْ صَغِيرَنَا ، وَيَعْرِفْ لِعَالِمِنَا" 2. صحيح البخارى، 3. صحيح مسلم، 4. سنن ابى داود. 5. مسند احمد..

بۆچوون ٠ / ١/٦/٢٠٠٥ / ١١٣٨جار بينراوه ..
http://www.penjweny.org/article/157

# # #

# ٦

## موسوڵمان بوونی

# خاتو هۆڵتنی هولەندی

**لەرەمەزاندا موسوڵمانبوونی خۆی راگەیاند:**

سەرەتای رەمەزانی ئەمساڵ ناکاوێکی سەیر لە هۆڵەندا رووی دا، ئافرەتێکی هۆڵەندی لەکاتی قسەکردندا لەبەرنامەی یەکێ لەو رادیۆیانەی بۆ ئاراستەی موسوڵمانانی هۆڵەندایە موسوڵمان بوونی خۆی راگەیاند.

لەبەرنامەی راستەو خۆی رادیۆ {نیبۆ}داو لەیەکەم رۆژی مانگی رەمەزاندا کە تەجرەبەی موسوڵمانانی بە رەچەڵەك هۆڵەندی باس دەکرد، ناکاو ئافرەتێك بەناوی "میرەندا هۆتن بۆس " خۆی بە پێشکەشکەری بەرنامەکە ناساند و داوای موسوڵمانبوونی خۆی کرد، و گوتی: من لێرەوە موسوڵمان بوونی خۆم رادەگەیەنم، وپاش زنجیرە لێکۆلینەوەیەك کە میدیاکان لەشێوەی پرسیارا رایان گەیاندبوو ئیسلامم هەڵبژاردووە. بەرنامەکەیش "میرەندا "ی تەمەن 26 ساڵی بۆ بەرنامەکە داوەت کرد تا هاوبەشی بەرنامەکە بکات، و بیرو رای خۆی لەبارەی ئیسلامەوە دەر ببرێت، چی بیستووە و چی بینیوە.

هەواڵنێری ئیسلام ئۆن لاین نێت دەڵێ: لەگەل ئەوەدا کە میدیاکانی ولاَتانی رۆژئاوا وێنەی نەگەتێڤی ئیسلام بۆ خەڵکی دەگوێزنەوە، ئەوانەی کە لەبارەی ئیسلامەوە توێژینەوە دەکەن و روو لەئیسلام دەکەن، لەماوەی ئەم چەند ساڵەی رابووردوودا رێژەیان بەرەو زۆر بوونە...

## چۆن ئیسلامم ناسی؟

میرەندا لەناو بنەماڵەیەکی مەسیحی کاسۆلیکدا گەورەبوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن ئیسلامی ناسی، و چۆن لەوبارەوە گەیشتە سەرچاوەی زانیارییەکان؟ دەڵێ: " من هەمووکات گوێم لە وبەرنامانە دەگرت کە میدیاکان لەدژی ئیسلام بلاَویان دەکردەوە ، هەر چەند پرسیارێك لە زەینمدا گەلاَلە دەبوو یەکسەر رووم دەکردە باس وتوێژیتەوە، و بۆ گەیشتن بەراستەقینە کەمتر گوێم لەمیدیاکان دەگرت, ئینجا لە کتێبە ئیسلامی و نا ئیسلامییەکاندا دەستم بەخوێندنەوە کرد "

میرەندا گوتی: " هاوەڵیەتی و پەیوەندی باشم لەگەڵ چەند موسوڵمانێکدا رێی توێژنەوەی بۆ ئاسان کردم، و یارمەتیدام بۆ گەیشتن بەم راستەقینەیە "

میرەندا گوتی: ماوەیەکە بۆ توێژینەوە وبەدەستهێنانی وەلاَمی کۆمەڵێ پرسیار لەمزگەوتەکەی دراوسێ ماڵمان نزیك بوومەتەوە، ئینجا روونی کردەوە کە " لە قوتابخانەی مزگەوتەکەوە هەموو هاریکارییەکم کراوە بۆ شەرحی کۆمەڵێ مەسایل کە تا ئەم دواین کاتانەش بەنیسبەت منەوە جێی توێژینەوە بوون ".

## هەڵبژاردن مافی خۆمە:

میرەندا گوتی: ئەوەی زیاتر بەرەو ئیسلام رایکێشاوە ئەوەبووە کە زانیویەتی ئیسلام دواین ئایینە، و هێمای بۆ

ئەوە کرد کە لەئاینەکانی ترا توێژینەوەی کردووە، و شتێکی تیا نەدیوە بەرەو خۆی رای بکێشێ، میرەندا لەقسەکانی لەسەر رادوێوە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە هەڵبژاردنی ئاین مافی هەموو تاکە کەسێکە، و گوتی: "ئێستا من ئاینی ئیسلامم هەڵبژاردووە، لێرەوە موسڵمانبونی خۆم بەهەموان رادەگەیەنم " وەك هێمایەکیش بۆ ئەو پاڵەپەستۆیەی لەلایەن بنەماڵەو کەسوکاریەوە لەسەریەتی گوتی: " مومکین نییە کەسێك لەمافی هەڵبژاردن مەحرومم بکات ".

لەبارەی هەڵس و کەوتی دایك و باوکیەوە لەتەکیا گوتی: "دەرگایان لەبەردەمما داخست، و رەفزیان کرد، کە من قبوڵ بکەن، یا رەفیقێکی موسوڵمانم قبول بکەن.. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ترسیان لە شتێکی نادیار و نایانەوێ بیناسن. "

**ئەمە یەکەم حاڵەت نەبووە:**

لەلایەن خۆیەوە ئەو ئیمام {رامی شوکورمان}ەی "میرەندا" موسوڵمانبونی خۆی لا راگەیاندبوو لەرۆژی یەکشەممە: 9/ 10/ 2005 بەئیسلام ئۆن لاین نێتی گوت: " ئەمە یەکەم حاڵەت نەبووە و دواین حاڵەتیش نابێ ".

هەروەها گوتی: زۆر حاڵەتی لەم جۆرە رووی داوە، کە خەڵکانێك دێن و ئاسوودەیی ودڵنیایی خۆیان لە ئیسلاما دەبیننەوە، و ئێمەش ئەوەمان لەسەرە دەست بدەینە دەستیان و بەپێی توانا یارمەتییان بدەین بۆ شارەزابوونی زیاتر "، هەروەها گوتی: " مانگانە بەلای کەمەوە یەك هۆڵەندی لەم

مزگەوتەدا لەسەر دەستی ئەوا موسوڵمانبوونی خۆی ئاشکرا دەکات " مامۆستا (شوکورمان) وتی: ئەوانەی کە موسوڵمان دەبن، لەچین و توێژێکی دیاری کراونین، بەڵکو لەهەموو چین و توێژێکیان تێدایە، قوتابی مامۆستا، پزیشك پیاو ئافرەت...هتد .

شوکورمان داوای لەموسوڵمانە نوێیەکان ئەوەبوو: لە خێزان و بنەماڵەکانیان دانەبڕێن هەرچەند لەو رێیەشدا ئاستەنگی زۆریان بێتەرێ، و گوتی: "من دەزانم ئەوانەی موسوڵمان دەبن پاڵە پەستۆیەکی زۆریان دەکەوێتەسەر، ناخۆشترینیان پاڵەپەستۆی مەعنەوییە، بەلاَم پێویستە دان بەخویانا بگرن "

**نارِەحەتییەکان:**

لەبارەی ئــەو نارِەحەتیانەوە "رەفیق ئەحمەد فەریس " بە ئیسلام ئۆن لاین نێتی گوت: " ئێمە لەشەستەکانا شەرەفی موسوڵمان بوونمان بەدەست هێنا، ئەوکاتە وەك ئێستا نارِەحەتی نەبوو، باش لەیادمە کاتێ کە من موسوڵمان بووم لەبنەماڵەکەمەوە هیچ نارِەحەتییەکم تووش نەبوو، بگرە دایك وبابیشم کاتێ دییان لەو کاتەوە من موسوڵمان بووم ئیسلام چ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر چاکبوونی رەوشت وموعامەلەی مندا هەبووە ئامادەگی موسوڵمان بوونیان هەبوو "، رەفیق پاش موسوڵمان بوونەکەی کە وەك مامۆستایەك و واعیزێکی ئاینی کار دەکات گوتی:

"کات گۆڕاوه، وێنەی ئێستای ئیسلام بەهۆی میدیاکانەوه گۆڕاوه ".

هەروەها گوتی: "هەڵس وکەوتی هۆڵەندییەکان بەرامبەر ئەوەی موسوڵمان دەبێ لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازه، ئەوانەی موسوڵمان دەبن، هەندێکیان گۆڕانکارییەکی گەورەیان تیا دروست دەبێ، و سەرنجی خەڵکی رادەکێشن، هەندێکی تر بەشێوەیەکی ئاسایی دەگۆڕێن، لەبەر ئەوه هیچ وروژان کاردانەوەیەکیان لێ ناکەوێتەوه ".

پەیامنێری ئیسلام ئۆن لاین نێت هێما بۆ ئەوه دەکات دیاریکردنی ژمارەی ئەو موسوڵمانانەی بە رەچەڵەك هۆلەندین کارێکی ئاسان نییە، چونکە یاسای هۆڵەندێ رێ بەوە نادات سەر ژمێری لەسەر بنەمای ئاینییەوە بکرێت، ئەوەندە هەیە موسوڵمانە چالاکەکان ژمارەی هۆڵندییەکان بە دوانزه هەزار دەخەمڵێنن، و بەشی زۆریان ئافرەتن " . ژمارەی خەڵکی هۆڵەندا بە 16 ملیۆن دەخەمڵێنرێ، ملیۆن و نیوێك موسلمانیان تیدایە، کە ئەو موسوڵمانانەش هەشتا لەسەدیان بەرەچەڵەك تورك و مەغریبین، بیستەکەی تریش لەنەتەوەو توخم و رەگەز و تایەفەکانی ترن.

إسلام أون لاین نیت: 9-10-2005

لە ٧/١/٢٠٠٧ لەسایتی پێنجوێنی بڵاو کراوەتەوە

http://www.penjweny.org/article/196

# # #

٧

# کیژێکی قیبتی

## چیرۆکی موسوڵمان بوونی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە

**موسوڵمانبوونی کیژێکی میسری:**

چیرۆکی خۆم بۆ هەموو موسوڵمانێك دەنووسم، ئەو چیرۆکەی ئاوەڕۆی ژیانی گۆڕیم قارەمانی سەرەکی تێیدا پاپا زەکەرییا پەترۆس بوو، کە نازانم سوپاسی بکەم یا نەفرین؟!

من کیژێکی فەڵەی میسرم، و لەخێزانێکی کەمێك ژوور مام ناوەند، و لەیەکێ لەشارەکانی رووی دەریای سووردا دەژیم، و لەیەکێ لە کۆلیجەکانا دەخوێنم، و داوای لێ بوردن دەکەم کە ناوی خۆم نانووسم، دەمەوێ نەناسرێم و کارەکەم دەرنەکەوێ، چونکە ئەو کیژانەی لەمیسرا موسوڵمان دەبن بەسوێ ترین سزایان پێ دەچێژرێ.. پێم خۆش نەبوو ناوی خوازراویش بۆ خۆم هەڵبژێرم..

**سەرەتای چیرۆکەکەم:**

چیرۆکەکەم لەسەرەتای هاوینی ساڵی 2007 وە دەست پێ دەکات، لەوکاتەوە کە شوێن بەرنامەکاانی زەکەرییا پەترۆس دەکەوتم، هەرگیز ناتوانن بێت بە خەیاڵتانا دایکم و باوکم چەند بەو بەرنامەیە دڵخۆش و کەیف خۆش دەبوون!! و ئەم پیاوەیان بەیەکێ لە قارەمانە گرنگەکان دەزانی، بەڵام من جۆرێکی تر لەشپرزەیی و قەلەقم بۆ درووست ببوو، ئەویش ئەوەبوو بەشی زۆری هاوەڵەکانم موسوڵمان بوون، 3 کیژ و دوو کوڕ، هەریەکەمان ئەوی تری خۆش

دەویست و رێزی لێدەگرت، و دەرسەکانمان پێکەوە وەردەگرت، زیاد لەوە من بەشی زۆری کاتەکانم لە نادییا لەگەڵ ئەوانا بەسەر دەبرد، بەکورتی نزیکترین هاوەڵەکانم قوتابییە موسوڵمانەکان بوون، لەوە دەترسام بەهۆی ئەم بەرنامانەی زەکەرییاوە دەیبینن رقیان لەمنیش دابگرسێ، و لێم دوورە پەرێز بن!! لەهەر جارێکا کە دەم بینین و هەستم نەدەکرد رقیان بۆ دروست بووبێت، لەبەر خۆمەوە دەمگوت: سوپاس بۆخوا ئەو بەرنامەیان نەبینیوە!! حاڵم بەو شێوەیە بوو تا خوێندنی ساڵی نوێ دەستی پێکردەوە، منیش دیدار و چاو پێکەوتنم لەتەك هاوکارەکانما زۆر بوو، بەتایبەت کوڕەکان، هەرچەند لە هاوینا پەیوەندیم پێوەیان کەم بوو، بەڵام ساڵی نوێی خوێندن جارێکی تر کۆی کردینەوە..

رۆژێکیان کە لە شوققەی یەکێ لە کیژە هاوکارەکانما بووین، و هیشام باسەکەی کردەوە- هیشام یەکێ بوو لەو هاوکارانەی کەمێك پێبەند بوو بەئاینەوە- منیش ترس هەموو گیانی داگرتم و دەمگوت: تۆ بڵێیت هاوکارەکانم ئەو خۆشەویستییەیان نەمێنێ بۆم؟! بەڵام خوا هەڵناگرێ هیچ قسەیەکی راستەو خۆیان ئاراستەی من نەکرد.. منیش پێم دەگوتن: ئێمە ئەو پیاوەمان خۆش ناوێت، و رەخنەمان لە قسەکانی هەیە، لەناو دەروونمەوە بەم قسانەی خۆم ئازارم دەچەشت چونکە درۆم لەگەڵا دەکردن!! بەڵام هەستم دەکرد ئەوان بەو قسانەی من دژی زەکەرییا دڵخۆشن..

**ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو:**

ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو یەکێ لەهاوکارەکانم ناوی عومەر بوو، عومەر لاوێکی رەوشت بەرزی جوانی پێکەوتووی بە غیرەت بوو، بەڵام هیچ بایەخێکی بە ئاین نەدەدا، تەنانەت نوێژیشی نەدەکرد، ئەو زۆر ئاگای لەو بابەتانە بوو کە لە یوتیووبدا بوون، و هاوکارەکانی تر لەوبارەوە پرسیاریان لەو دەکرد، و ئەویش بە تەواوی بۆی باس دەکردن..

ئالەویادا هیوایەکی سەیر لە دەروونما بەرامبەر بە عومەر دروست بوو، بەتایبەت کە زۆر بایەخی بەمن دەدا، و ناو بەناو بەگۆشە چاوێك سەیری دەکردم، و گورج کۆتایی پێ دەهێنا، لەراستیا کەسێکی رەوشت بەرز بوو، نەی دەویست هەرگیز وا پیشان بدات کە منی خۆش دەوێت، دەیویست تەنیا وەك دۆستێکی هاوکار خۆی پیشان بدات، بەلاَم من هەستم بەشتێك دەکرد، و زۆر لەلام بەڕێز بوو.. ئەویش هەستی بەدیواری جیاوازی ئاینی نێوانمان دەکرد، لەبەر ئەوە دەیویست بەسەر ئەو هەستەیا زاڵ ببێت..

هەموو جارێك لەماڵەوە باوکم و دایکم کاتێ بەرنامەکانی زەکەریایان دەبینی دەیانگوت: "هەر موسوڵمانێکی عاقڵ ئەو بەرنامانە ببینێت واز لە ئیسلام دێنێت "!! عومەریش سەیری ئەو بەرنامانەی زەکەریا دەکات کەوابوو هیوای ئەوەم بۆ دروست بووبوو کە عومەر واز لە ئاینەکەی خۆی لێ دێنێ و دەبێتە هاو ئاینم، چونکە هیچ شتێ لەبارەی ئاینەکەی خۆیەوە نازانێ تەنانەت نازانێ نوێژیش چییە!! ئەوکاتە دیواری جیاوازی ئاین لەنێوانمانا نامێنێ، ئەورۆژە

چوارشەممەبوو گەڕامەوە بۆماڵ ئێمەش پێنچ شەممە و هەینی پشوومان هەبوو. منیش لە لوتکەی خەونەکانما بووم، بەردەوام خەونم بە فەڵە بوونی عومەرەوە دەبینی، و بەخەیاڵ وام دادەنا واز لەئاینەکەی دێنێ و کەس و کاری جێ دێڵێ و دێت بۆ لای باوکم، و باسەکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوەو باوکیشم یارمەتی دەدات و منی لێ مارە دەکات و شایی دەکەین، و ئەوکاتە لە لووتکەی بەختەوەریدا دەبین، بەم خەیاڵەوە رووم کردە یەسووع و بۆ ئەم کارە بەدرێژایی شەو پاڕامەوە!!

**موعجیزەکانی قورئان:**

گەڕامەوە بۆ ماڵ وئاگری غەزەبم لێ دەباری بڕیارم دا ئێنتەرنێت بکەمەوە و ئە و پەرچە مەلعونانە ببینم کە ئاوەڕۆی ژیانی ئەو مرۆڤەیان ئاوها گۆڕیوە، ئەو سایتە ئیسلامیانە چین کەئاوەها دەتوانن ژیانی لاوێك بگۆڕن؟ لاوێك تەنیا بەناو ئاینی هەبێ، و لەناوەڕۆکدا هیچ ئاینێکی نەبێ، کەچی ئەم سایتانە ئاوەها بیگۆڕن بە لاوێکی ئیمانداری پێ بەند بەئاینەوە؟ لەراستیدا ئاینیش گەورەترین سامانی ژیانە.. رۆیشتم ناوی زەکەریا پەترۆسم نووسی و لەسەر یاهوودا دەستم بە گەڕان کرد، دەیان ڤیدیۆی یوتیووب هات کە پەرچی قسەکانی زەکەریا پەترۆسیان دەدایەوە!! هەوڵم دا هەندێکیان بخوێنمەوە، بەڵام زۆر لەلام کاریگەر نەبوون، چونکە قەناعەتی تەواوم بە قسەکانی زەکەریا هەبوو، ئەوەی لەناو ئەو پەرچانەدا سەرنجی راکێشام هەندێ ئایەتی قورئانی بوو، کە لەناو پەرچەکانا

باسکرابوون، زۆر سەرنجم دەدان تا بزانم بۆ پەرچی قسەکانی زەکەرییا چیان تێدایە، لەوسەرەتایەوە هەستێکی سەیرم بۆ دروست ببوو، وشەی ئایەتەکانم بەلامەوە زۆر سەیر بوو، چۆن پیاوێکی وەك موحەممەد { صلی الله علیه وسلم } کە فەڵەکان بەپیاوێکی نەزان و دواکەوتوو ناوزەدی دەکەن و دەڵێن: هەموو خەم و تەمێکی تەنیا ژنهێنان بووە چۆن توانیویەتی ئەم وشانە پێکەوە بنێ؟ لەتەنشتی راستی یوتیووبەکەوە گۆشەیەکم بینی لێی نووسرابوو: موعجیزەکانی قورئان.. گوتم: باسەرێکی لێ بدەم بزانم چییە؟ بەڵام بەراستی سەدمەم تووش بوو، بابەتەکان بابەتی دکتۆرێکی موسوڵمان بوون باسی ئەوبابەتە زانیارییانەی دەکرد کە کەلەقورئاندا کت و مت باسکراون، و قورئان چوارده سەدە پێش ئێستا باسی کردوون، زۆر بایەخم پێ نەدا، بەڵام لێتان ناشارمەوە هەندێ گومانی لەدەروونما دروست کرد، هەروەها لەپەنای ئەو یوتیووبەوە کۆمەڵێ یوتیووبی تر هەبوون زۆر لەیەك دەچوون و هەموویان باسی موعجیزەکانی قورئانیان دەکرد..

بۆ ماوەی دوو هەفتە خووم دایە ئەم بابەتانە، شتی زۆر سەیر و سەر سووڕهێنەرم دەبینی، بەتەواوی سەراسیمە و شپرزە بوو بووم، ئەو بابەتانەی لەو ڤیدیۆ و یوتیووبانەدابوون وتووێژو مونازەرەو گوفتوگۆکان کەبەعەرەبی و ئینگلیزیی هەبوون زۆر گرنگ بوون، دەتوانم بڵێم: تەنیا یەك شریتی ڤیدیۆیی ئەحمەد دیدات بەس بوو بۆ هەرەسهێنان بەتەواوی ئەو ئاینەی من {فەڵەیەتی}

که بەحەقم دەزانی!! ئێمە لەلای خۆمان واحاڵی کرابووین متمانەمان بەقسەی موسوڵمانان نەبێ، چونکە جگە لەخەرافیات و پڕو پووچ شێکیان پێ نییە، لەبەر ئەوەگوێیان لێ نەگرن ..

هەروا بەردەوام بووم لەسەیرکردنی ئەو بابەتانەدا تا ڕۆژێکیان قسەی کەسێك زۆر ئیزعاجی کردم، چونکە واحاڵی بووم کە گاڵتە بە یەسوعی خوام دەکات، لەبارەی ئەوەوە قسەیەکی زۆر ناشیرینی تیابوو، خۆم پێ نەگیرا و پەرچێکم لەسەر نووسی، گلەیی بوو لەوەی ڤیدیۆکەی داناوە، و هەڕەشەی ئەوەش کە لەغەزەب و تۆڵەی مەسیح بترسێت.. تا ئێرە من فەڵەیەکی ئاسایی بووم، و قابیلی ئەوە نەبووم کە ئاینی خۆم بگۆڕم..

**گەشتێکی نوێ دەستی پێکرد:**

لەپاش ئەو پەرچەی خۆم کە لەیوتیووبەکەدا نووسی بووم و ناوی خۆمم لەسەرنووسی بوو، نامەیەکم لەیەکێ لە هاوبەشەکانی ئەو گۆشەیەوە بەم جۆرە بۆهاتبوو: ئازیزەکەم! – ناوم لەسەر یوتیووبەکە نێری یا مێ یی لێ دەر نەدەکەوت - مافی خۆتە تووڕەببیت، منیش وەك تۆ تووڕەبووم لەو گاڵتەکردنە بە حەزرەتی مەسیح، بەڵام تکات لێ دەکەم جارێکی تر مەڵێ: مەسیح تۆڵەتان لێ دەکاتەوە، چونکە ئەوەی تۆڵە دەکاتەوە یا چاوپۆشی دەکات و دەبووری ئەوە ئەو خودایە کە پەروەردگاری من و تۆ وحەزرەتی مەسیحە، بۆ زانیاریت ئێمە مەسیحمان زیاتر

لەئێوە خۆش دەوێت، چونکە ئێمە گوێ رایەڵی دەکەین نەك ئێوە!

نامەکە کۆتایی هات و گەشتێکی نوێ دەستی پێکرد، ئەم وشە نامۆیانەی بەرگوێم دەکەوتن سەرگەردانیان کردبوم، ئەمەی ئەم موسوڵمانە نووسیویەتی چییە؟ شتی وا مەحاڵە!! دەڵێ: خوای من و تۆ و مەسیح یەکێکە، ئایا ئەمە فەڵە بێت و لەتایفەیەکی تربێت من پێیان نەزانم؟! نەء .. ناوەکەی ناوێکی ئیسلامییە.. بەڵام ئەوەی من بزانم خوای موسوڵمانان خوای موحەممەدە و هەموو جارێك لەماڵەوە باوك و دایکم گاڵتەی پێ دەکەن!! چۆن ئەم نووسەرە دەڵێت: خوای ئێمەو ئێوە یەکێکە؟!! لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە دەڵێت: ئێمە یەسوعمان لەئێوە خۆشتر دەوێ! — ئەمە چ شێتییەکە؟! - منیش لەژێر قسەکانیا بۆم نووسی: ئەم وڕاوەیە چییە تۆ نووسیوتە؟! پاشان پرسیارەکانی ترم بۆ نووسی..

یەك رۆژی تەواو وەڵامی نەدامەوە، بەڵام کە لەرۆژی دووەمدا وەڵامی دامەوە ئاوەڕۆی ژیانمی گۆڕی و!! نوسیبووی:

یەکەم لەبارەی خواوە: مەسیح سڵاوی خوای لێ بێ داوای لەخوا کردووەو لەخوا پاڕاوەتەوە، و نوێژی بۆ کردووەو رۆژووی بۆ گرتووە، و لەوبارەوە چەند ئایەتێکی لە ئینجیلەوە بۆ هێنابووم، بەڵام تا ئەوکاتە وەك نەم دیبوو بێت ئاوەها بووم.. باشتر بڵێین تا ئەوکاتە لێی حاڵی نەبووبووم..

ئینجا قسەکانی بەوە تەواو کردبوو کەپاش مەسیح خوا حەزرەتی محمدی بەئاینی ئیسلامەوە نارد تا فەڵەیەتی پێ تەواو بکات، و جەختی لەسەر پێغەمەریەتی حەزرەتی عیسا کردووە، و جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە موحەممەدیش خوای عیسا و موساو هەموو پێغەمەرانی پەرستووە..

دووەم لەبارەی ئەو پرسیارەتەوە کەنووسیبووت: ئایا ئێوە مەسیحتان خۆش دەوێت؟ بەڵێ، ئێمە عیسامان لەئێوە خۆشتر دەوێت، قورئانی ئێمە رێزی لێگرتووە، زیاد لەوە ئێمە گوێ رایەڵی دەبین، بەپێچەوانەی ئێوە، بێگومان عیسا داوا لەخوای خۆی دەکات و خەڵکیشی بۆ خوا بەیەکناسین بانگ کردووە. بەڵگەشم ئەو ئایەتەیە کە لە ئینجیلا دەفەرموێ: " ژیانی هەمیشەیی ئەوەیە کەتۆ بە خوای راستەقینە بزانن، ئەو یەسوعەی کەمەسیحی ناردووە، و کردوویەتە پەیامبەری خۆی ".. کەوابوو هاورێ ژیانی هەمیشەیی لە ئینجیلەکەی تۆدا ئەوەیە بڵێیت: " جگە لە ئەڵڵا خوایەکی تر نییە، و مەسیحیش پێغەمەری خودایە.. ئێمەی موسوڵمان باوەڕمان بەمەسیح ئاوەهایە! کەوابوو کاممان زیاتر گوێڕایەڵی یەسوعین، و کاممان زیاتر خۆشی دەوێت؟! ئەوانەی فەرمانەکانی بەجێ دێنن، و شوێن دەستوورەکەی دەکەون و دەستووری ئەوەی پاش ئەویش هاتووە، یا ئەوانەی خوایەتییەکیان بۆ دروست کردووە کە خۆی پێی رازی نەبووە، لەچ جێیەکی ئینجیلا، لە چ قسەیەکدا هاتووە کە عیسا خۆی بەخوا دانابێ؟

هاوڕێ! من ئینجیلەکەی ئێوەم زۆر خوێندۆتەوە، و تەواو باوەڕی بۆ پەیاکردووم بە پێغەممەریەتی عیسا و تاك و تەنیایی خوای باڵادەست، لەهەر وشەیەکی ئینجیلدا کە عیسا باسی کردووە شایەتی بە پێغەممەریەتی عیسا دەدات و کافردەبێت بەوەی کە عیسا خوا بێت!! هاوڕێکەم! یەسوع لەتاوانی ئێوە بەرییە، کەرۆژێك بەیەکێ لە پیاوانی فەرموو: بانگم مەکە بە ساڵح، جگە لە ئەڵڵا کەسێکی تر نیە ساڵح بێت، ئالێرەدا دەبینین عیسا علیه السلام یەخەی هەڵدەتەکێنێ لەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە خوایەتییەوە هەبووبێت.. بەڵکو شایەتی بە تەنیایی خوای بەدیهێنەری دەدات بەڵکو سیفەتی سەلاحی لەخۆی لابردووەو ئەو سیفەتەی بۆ خوا داناوە، کەوابوو من ئەو نیم و ئەویش من نییە.. لەکۆتاییدا داوای ڕێنوێنی و هیدایەتی بۆ کردبووم..

ئەم قسانەی خۆی کرد و منی لەدەریایەکی بیرکردنەوەدا جێهێشت.. ماوەی یەك سەعاتی تەواو جگە لە تێڕامانی نامەکەی و وردسەرنجدانی هیچم بۆ نەکرا، بەلای ڕاست و چەپدا دەم هێنا و دەمبرد.. پاشان ڕۆیشتم بۆ لای ئینجیل و ئەو شوێنەی هێمای بۆ کردبوو کردمەوە تا لەقسەکەی دڵنیا ببم.. دیتم هەموو قسەکانی دروستن.. کەوابوو ئەی چۆن؟! ئەو لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا هەموو بیرو باوەڕەکەی منی هەڵتەکاند، بەچەند دێڕێك ژیانمی بەتەواوی ئاوەژوو کرد، کارەسات ئەوەبوو بەڵگەی بە کتێبەکەی خۆیشم هێنابووەوە.. شتێکی لەخۆوە نەتاشیبووە، درۆی نەکردبوو،

ئەمە بووە هۆی ئەوە کەمن لە فەڵەیەکی ئیمان دامەزراوەوە ببمە کەسێکی سەر لێشێواو لەژیانمدا..

**ئیمێلێکی نوێم کردەوە:**

لەم لایشەوە ترسێکی گەورەم لە کەس و کار وهاوەڵە فەڵەکانمەوە بۆ دروست بووبوو.. لەوە دەترسام پێم بزانن و گۆبەندێکی گەورەم بۆ بسازێنن، لەبەر ئەوە ئیمێلێکی نوێم بەناوێکی نوێوە بۆ خۆم دروست کرد، پەنام بردە بەر ئەوسایتە فەڵەیانەی کاریان پەرچدانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە بۆیان دەنێرن، ئەو کوڕە چی بۆنووسیبووم هەموویم بۆناردن، تا بزانم وەڵامیان چییە؟ وەڵامەکەیان بۆ ناردبوومەوە بەڵام پەرچێکی لاوازو بێ پێز بوو، بەهیچ شێوەیەك عەقل قبووڵی نەدەکرد " کچەکەم! مەسیح ئەو خودایە قبووڵی ئازار و هەڵواسینی لەپێناو ئێمەی ئادەمزادا کرد، چۆن لە تاوانت خۆش دەبێت؟! هەرگیز گومانت لە خودابوونیا نەبێت "، لەم جۆرە وەڵامانە تەواو بێ تاقەت بوبووم، لەگشت سایتەکانەوە وەڵامەکان هاتنەوە، بەڵام هەموویان لێك نزیك بوون: " مەسیح دوو قەوارەی هەبووە، لاهووت و ناسووت، کاتێك وای گوتووە بە قەوارەی ناسووتیەوە ئەوەی گوتووە، و کاتێکیش فڵان شتی گوتووە یافڵان شتی کردووە لە قەوارەی لاهووتیدا بووە " لەدوو سایتیشەوە زیاد لەوانە وەڵامەکەیان هەندێ دوعاو نزای تیابوو بۆمن، و هەندێ ئامۆژگاری مەسیحی تیابوو، و لەکۆتاییدا ئامۆژگارییان کردبووم کە خۆم لەقسەی ئەوانە دوور بخەمەوە کە فەڵە نین، چونکە دەیانەوێ سەر لێ

شێواومان بکەن.. پەرچەکرداری من لەسەر ئەم وەڵامانەی وەك وڕاوە وابوون - و لەو دیمەن و رواڵەتە جیاوازانەوە دەهاتن ئەوەبوو- بیان خەمە پشت کەنووی لەبییر چوونەوەوە..

**رۆژێکی مێژوویی:**

رۆژگار زۆر لەسەرخۆ دەڕۆیشت تا سەرەتای 2007/11 ئەو رۆژەی بەتەواوی ئاوەڕۆی ژیانمی تیا گۆڕا، چونکە تارۆژێ پێش ئەو رۆژە وەك هەر فەڵەیەك ژیانی رۆژانەم بەسەر دەبرد لەتەك هاوەڵەکانما، بەلاَم لەو رۆژەوە ئەو چاویلکەیەم لەسەر چاوم لابرد، کەبەشێوەی دواکەوتوویی سەیری موسوڵمانانم پێ دەکرد!! ئیتر لەورۆژەوە بەچاوێکی یەکسانییەوە دەمڕوانی.. تا ئەو رۆژەش نەمدەزانی کێمان راستین و کاممان هەڵەین!! بەڵێ تا ئەو رۆژەیش هەرچی بەپەنای مزگەوتی جادەی گەڕەکەکەماندا تێدەپەڕیم دەمگوت: خۆزگا توانیبام بێمە ناو قووڵاییتەوە و بم زانیبا ئەوەی دێتە ناو تۆوە هەست بەچی دەکات؟!

زۆر درێژەی پێ نەدەم لە سەرەتای ئەو مانگەدا ئەو رۆژە خوازراوە هات، کاتێ بەتەنیا لە زانکۆ دەگەڕامەوە و تەکسییەکەش نەوارێکی قورئانی خستبووە سەر تەسجیلەکەی، بەڕاستی قورئان خوێنەکە دەنگی خۆش بوو،زۆر بە دیققەت گۆێم لەدەنگەکەی گرتبوو دەمویست بزانم وشەکانی چین؟! بەپێچەوانەی ژیانی رابوردوومەوە، کە هەرکات تەکسیەکە قورئانێکی لەتەسجیلەکەیەوە لێ بدایە

لەعنەت و نەفرینم لە بەختی ڕەشی خۆم دەکرد کە تووشی کردووم بەتووشی ئەم تەکسییەوە..

کوڕێکی لاویش لەکورسییەکەی پێشەوە لای سایەق سوار بووبوو، لەنێوانیانا قسە هات و چۆی کرد لەبارەی ئەو قورئان خوێنەوە، لاوەکە گوتی من حەقم بەسەر ناویەوە نییە، بەڵاَم بەڕاستی زۆر بە خشوع و دڵ و گیانیەوە قورئانەکە دەخوێنێ و ئینسان دەهەژێنێ.. پاشان گەیشتە ئەو ئایەتەی کە هەرگیز لەبیرم ناچێ: " وَسِيقَ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ إِلَى الْجَنَّةِ زُمَرًا حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا: سَلامٌ عَلَيْكُمْ، طِبْتُمْ، فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ. " الزمر/ 73. لەکۆتایی ئایەتەکە دەستم بەگریان کرد، لەترسی ئەوەی تۆ بڵێیت من لەو کۆمەڵە بم کە بەرەو جەهەننەم پەلکێش دەکرێن؟ گەیشتمە جێ و دابەزیم، بەلاَم وەڵڵاهی پێم خۆش نەبوو دا ببەزم!! بۆ ئەوەی بەردەوام گوێم لەو قورئانە بگرتبایە..

لەناخمەوە گۆڕابووم، من مرۆڤێکی تر بوم، سەرنج بدە دووڕۆژ لەوەپێش باوکم و براکەم هەستیان بەگۆڕانم کردبوو، منیش پێم گوتن: دەمەوێ بڕۆم بۆ دەرسی کەنیسە، هەروایش بوو ڕۆیشتم لەو ڕۆژەدا حاڵی بووم کە ئیتر ئەم شوێنە کەڵکی منی نەماوە ، لەهەموو ئەوشتانەی لەکەنیسەدا بیستم تووڕەبووم، بەجۆرێکی وا کە لەکەنیسە هاتمە دەرەوە توانای بیستنی قسەی هیچ کەسێکم نەبوو..

**داوای ڕێنوێنیم لێکرد:**

لەگەڕان بەشوێن یووتیوب و ڤیدیۆکاندا هەندێ ناوم یاداشت کردبوو کە لەوبوارانەدا ڤیدیۆیان دادەنا، یەکێکیان تیابوو بەڕاستی خاوەن ڕێزو حورمەت بوو لەلام، زۆر شێوازێکی بەرزی بەکاردەهێنا لە شێوەی نووسین و ئاخاوتنیا.. بڕیاری خێرام ئەوە بوو کە نامەیەك بۆ ئەو بنووسم، حاڵی خۆمم بەکورتی بۆ شەرح کردبوو، داوام لێکردبوو ڕێنوێنیم بۆ ئیسلام بکات.. ئەو سایتانەم بۆ بنووسێ کە لەوبارەوە دەتوانن یارمەتیدەرم بن، وەڵامەکەی زۆر لەوە خێرا تر بوو کە من بەخەیاڵما دەهات، لەماوەی چل و پێنچ دەقیقەدا وەڵامێکی شیرینی دامەوە، و نووسیبووی: " خوشکە ئازیزەکەم تۆ پێویستت بە هیدایەتی من نییە، من چیم؟ تۆ خوای تاك وتەنیا هیدایەتی داویت، نامەکەت پێم دەڵێ وباوەڕی تەواوی بۆدروست کردووم کە: خوای باڵادەست ڕێنوێنی بۆ ڕێی ڕاست کردوویت، و ڕێی باوەڕی پێ نیشان داویت، من هەرچەند باوەڕدارم، و سوپاس بۆ خوا ئیمانێکی پتەوم هەیە، بەڵام مژدەت دەدەمێ کە تۆ لەلای خوا زۆر لەمن و وێنەی من لە پێش تری.. چونکە تۆ بەرەو ڕێی باوەڕ هەنگاودەنێیت و منیش بەلەدایکبوون موسوڵمان بووم، بێگومان تۆ لەمن بەڕێزتری.. بۆ ئەوەی بەسەر ئەو چەواشەییەدا زاڵ ببیت ئامۆژگاری ئەم برایەت بۆتۆ ئەوەیە: هەوڵ بدە جوان خۆت بشۆرەو غوسلێك بکە - داوای لێبوردن دەکەم ئەورۆژانەی

که ئافرەت لەناو عادەی مانگانەدایە لە ئیسلامدا بەپاك دانانرێن، لەبەر ئەوە پێویستە لەدوای تە

لە ١٩/١/٢٠١٠ لە سایتی پێنجوێنی دا بڵاو کرایەوە:

http://www.penjweny.org/article/572

# # #

٨

# هێرۆکۆ میناسکی

**ئەوئافرەتە ژاپۆنییەی دەیەوێ**
**بەقەناعەتەوە موسوڵمان ببێت!**

**هێرۆكۆ میناساكی**

هێرۆكۆ ئەوئافرەتەی كە دەیەوێ بەقەناعەتەوە موسوڵمان ببێت..

لەگەڵ ئەوەدا كە خۆی بوودابیە، و لەسەر ئاینی بوودایە، بەكۆڵی سۆزو خۆشەویستیەوە لە یابانەوە رۆیشتووە بۆ قاهیرە، حەزلەزانین، و ئەوێنی زانیاری هاندەری بووە بۆ گەڕان و توێژینەوە بەشوێن ئیسلام ورەگ و ریشەیا..و كاتێ گەیشتە یەقین ودڵنیایی، لەسەر لێواری موسوڵمان بووندایە..

{هێرۆكۆ میناساكی} ماوەیەك لەمەو بەر هات بۆ قاهیرە، بۆ خۆ ئامادەكردنی تاوتوێی باسێكی دكتۆرا كە لەبارەی فەتاوای ئیسلامییەوە دەینووسێت، تا كەگەڕایەوە بۆ یابان تاوتوێی باسەكەی بكات، و ئەوەی بەچاوی خۆی دیویەتی باسی بكات ..

پێش ئەوەی بگەڕێتەوە لەوەڵامی پرسیاری رۆژنامەوانانداگوتی: لێكۆڵینەوەكەی من لە بارەی مێژووی جیهانەوەیە، و مێژووی ئیسلامیش بەشێكە لەومێژووە، من زمانی عەرەبیم لەلای مامۆستایەكی پسپۆڕ لە مێژووی سەردەمی مەمالیكەكاندا خوێندووە، و لەرێی ئەوەوە بە كاڵچەری ئیسلامی ئاشناو شارەزا بووم ..

"من منداڵ بووم کەزانیومە پێغەممەری ئیسلام ناوی(موحەممەد)ە، وحەج یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام، کاتێکش لە قوتابخانەی دواناوەندی بووم لەبارەی رۆژووی ئیسلامەوە مامۆستاکەمان بۆی باس کردین، منیش لەوبارەوە پرسیارم لێکرد: چۆن موسوڵمانان دەتوانن مانگێکی تەواو بەرۆژوو بن؟ چون من وام دەزانی لەماوەی ئەو مانکەدا بەتەواوی بەرۆژوودەبن، و بەشەو بەرۆژ هیچ ناخۆن!! نەم دەزانی کە لەپاش خۆرئاوابوونەوە رۆژووەکانیان دەشکێنن. بەلاَم مامۆستاکەم وەلاَمی ئەو پرسیارەی نەدامەوە. لەبەر ئەوە زۆر پرسیار لەوبارەوە لەمێشکمدا هات وچۆی دەکرد، وەك ئەوە: ئایا پیر و بەسالاَچووەکان، یا منداڵ و نەخۆشەکان لەبارەی رۆژووەوە چی دەکەن؟؟ "

**سروشتی موسوڵمانان:**

بەردەوام دەبێت لە قسەکانیا و دەڵێت: " ئێمە لەیاباندا بۆ ئاگاداربوون لەبارەی ئیسلامەوە سەرچاوەی دروست و راستمان لەبەر دەستا نییە، جگە لەو هەوالاَنەی لەرۆژئاواوە پێمان دەگات، و ئەویش هەمووی بەدەوری ئەوخولگەیەدا دەسوورێتەوە کە ئیسلام دینی ترور و تۆقاندنە، وخەڵکیش هەموو باوەڕ دەکەن، بەلاَم من دادەنیشتم و بیرم دەکردەوە دەبێ موسوڵمانان چۆن بژین؟ و سروشتی ژیانی رۆژانەیان چۆن بێ؟ " دەستم بەلێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامی کرد، و بگرە هەرشتێ کە

پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەبێت، لەساڵی یەکەمی زانکۆدا توانیم قامووسێکی ئیسلامی بەزمانی یابانی پەیدا بکەم، کە کۆمەڵێ وشەی تایبەت بە عیبادەتەکان و مێژووی ئیسلامی تیا بوو، کرِیم و خوێندمەوە، و برِیارم دا رۆشنبیریم لەبارەی ئیسلامەوە فراوانتر بکەم، زۆر شت هەبوون نیشانەی پرسیاریان لا دروست دەکردم، بۆ نموونە لە مێژووی یەکێ لە میرەکانی مەمالیکدا خۆێندمەوە کە عادەتی وابووە شەوانە پێش ئەوەی بخەوێ شەرابی خواردۆتەوە، ئەم پرسیارە دەهات بەخەیاڵما: باشە چۆن موسوڵمان بووە، وساڵانە بەرگی تازەی بۆ کەعبە ناردووە، و شتی وایشی کردووە؟ شتەکەم بەلاوە زۆر سەیر بوو، و نەم دەزانی ئایا هەموو میرەکانی مەمالیك وا بوون، یاتەنیا ئەو وابووە؟" !

ئالەم لێ تێکچوونەوە بریارم دا پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لێکۆڵینەوەم لەبارەی ئیسلامەوە فراوان بکەم، و برِیارم دا کە نامەی ماستەرم دەبێ لەبارەی فەتاوای ئیسلامییەوە بێت.. چونکە ئەوە نەبزی دڵی میللەتانی موسوڵمان و چۆن بییرکردنەوەیان دەردەخات. لەهەمان کاتا هەلم بۆ دەرەخسێنێ تا لەبارەی ئوسولی فیقهی ئیسلامییەوە شارەزایی پەیدا بکەم.. زۆر بیرم کردەوە ئایا بۆ توێژینەوەکەم کامیان باشترە: هەر لەیابان بمێنمەوە و لەدوورەوە توێژینەوە لەسەر ئیسلام بکەم، یا برِۆم بۆ وڵاتێکی ئیسلامی و لەناوەوە شارەزایی پەیدا بکەم؟**!** لەئەنجامدا برِیارم دا بێم بۆ میسر و خۆم بەچاوی خۆم

فەتوای موفتیەکان ببینم، و ببینم موسوڵمانان لەوبارەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟"!

**لە قاهیرەدا:**

هێرۆکۆ دەڵێت: "کاتێ هاتم بۆ قاهیرەلەشەش مانگی یەکەمدا جەختم کردە سەر رۆچوون لەفێربوونی زمانی عەرەبیدا، ولەوێ ئاشنایەتیم لەتەك ئافرەتێکی میسریدا پەیدا کرد کە زمانی یابانی دەخوێند، هەردوو رێکەوتین لەسەر ئەوەی یکتر فێر بکەین، ئەو زمانی عەرەبی بەمن بڵێت ومنیش زمانی یابانی بەئەو. ئەو لەتەك دایکی و خوشکیدا لە گەرِەکی{رەوزول فەرەج}دا بوو، منیش لەتەکیانا نیشتەجێ بووم، زۆر شتیان لێوە فێر بوم، وەك خو وخدەی میسرییەکان، لەهەلس وکەوتا، وهەروەها فێری خوێندنەوەی قورئان و نوێژ خوێندنیش بووم ".

دەستم بەخۆرێکخستن کرد بۆ ئامادەکردنی ماستەر نامەکەم، و باسکردن لەبابەتی فەتوای ئیسلامی، بەلاَم دیدارەکەیان قبوول نەکردم، و رازی نەبوون بەوەی کە من لەبارەی فەتوای ئیسلامییەوە ئاگاداریم هەبێ، و پێیان گوتم: لەبەر ئەوەی کەتۆ کەسێکی ناموسوڵمانیت بۆت نییە شارەزایی وئاگاداریت لەفەتوای ئیسلامی هەبێ، چونکە ئەمە تایبەتە بە موسوڵمانان، و پێویستە ئێمەش پارێزگاری لە تایبەتمەندی کەسایەتی و نهێنی خەڵکییەوە بکەین.. لەبەر ئەوە ناچار بووم کتێبێکی زۆر لەبارەی فەتاوا و فیقهەوە بکرِم، لەنێو ئەوانەدا کتێبی" بين السائل وفقهه "م کرِی کە

دانراوی دکتۆر" محمد بکر إسماعیل "بوو، بەراستی زۆرم پێ پەسەندبوو..

پاش توێژینەوەو لێکۆڵینەوە گەیشتمە ئەو ئەنجامە کە رۆڵی فەتوا بەنیسبەت ئەوانەی واپرسیار دەکەن لەوەدا خۆی دەنوێنێ: یەکەم: ئەوان دەیانەوێ بزانن ئەوکارەی دەیکەن حەلاڵە یان حەرام؟ دووەم: ئەوەی کارێکی هەڵەی کردووە دەیەوێ فەتوا وەربگرێ بۆ ئەوەی دڵ و دەروونی خۆی ئاسوودە بکات.. سێ هەم: فەتواکان بەزۆری لەکارو باری تایبەتی خەڵکیدایە.. سەرنجیم دا ئەوانەی پرسیاردەکەن دەیانەوێ وەڵامەکشی بەپێی خواست وئارەزووی خۆیان بێت. سەرنجێکی ترم ئەوەبوو بەشی زۆری ئەوانەی پرسیاریان دکرد توێژی ئافرەت بوون "..

**خۆ ئامادەکردن بۆ دکتۆرا :**

لەباسەکەی خۆیا بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "پاش ئەوەی ماستەرنامەکەم بەسەرکەوتوویی تاوتوێ کرا، گەڕامەوە بۆ یابان، و بییرم کردەوە کە باسی دکتۆراکەیشم هەر لەهەمان بابەتا بێت، چونکە پێم وابوو: ئەو کارەی من لەماستەرنامەکەمدا بەس نییە بۆ ئەوەی لەبارەی فەتوای ئیسلامییەوە دڵنیایی تەواو بەدەست بێنێ. چونکە ئەو توێژینەوەی من تەنیا لەناو دووتوێی کتێبەوە هەڵێنجراوە، نەك لەواقیع وکاری مەیدانییەوە، و منیش دەمەوێ لەمەیدانی پراکتیزەدا بەچاوی خۆم شێوەی پرسیار و وەڵامی موفتییەکان ببینم و بەگوێی خۆم ببیستم، لەبەر

ئەوە جارێکی تر گەڕامەوە بۆ قاهیرە، و رۆیشتم بۆ { دار الإفتاء }تا ئاگاداری بەسەر فەتوای رۆژانەدا پەیدا بکەم، بەلاَم هەڵویستیان وەك هەڵویستی لیژنەی فەتوای ئەزهەر وابوو، ئیتر لەتەك پەیامنێری رۆژنامەیەکی یابانیدا رۆیشتم بۆ وەزارەتی راگەیاندنی میسری و باسەکەم بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش بەفەرمی نامەیەکیان بۆ ناردن و داوایان لێکردن کە رێم پێ بدەن، ئەوانیش رێیان پێدام..

خۆم بەگوێی خۆم پرسیاری پرسیارکەرانم دەبیست، و خشتەیەکی روونکردنەوەم بۆ پرسیارەکان ئامادەکردبوو، لەبارەی ژمارەی پرسیارەکان و شێوەو جۆریانەوەو ئایا لەلایەن توخمی نێرینە یا مێ بینەوەیە. هەروەها دیدارم لەتەك چەند زانایەکی ئەزهەردا ئەنجام دا، و بابەتی دکتۆراکەمم لەتەکا تاوتوێ کردن، لەوزانایانە دکتۆر{ محمد أبو ليلة }.. و ئێستاش من خۆم بۆ نوسینی دکتۆراکەم ئامادە کردووە، و لەکۆتایی ئەم ساڵدا {ساڵی 2007دا} تاوتوێ دەکرێت..

**سەرچاوە:** سایتی برایان.

نۆموسڵمان: ١٢٦٩جار بینراوە، ٠ بۆچوون، لە ٢٦/١/٢٠٠٨ لەسایتی پێنجوێنی بڵاوکراوەتەوە:

http://www.penjweny.org/article/260

# # #

# ٩

## ئەنالیندا

# چۆن موسوڵمان بوو

**ئەنالیندا گەشتەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە:**

باگوێی لێ بگرین خۆی بەسەرهاتی خۆیمان بۆ باس بکات..

ئەنالیندا دەڵێت: بەپێی توانا هەوڵ دەدەم لەباسەکەمدا روون بم، و هیوادارم ئەوانەی بەسەرهاتەکەم بەدرێژ دەزانن بێ تاقەتیان نەکات.. هەر لەسەرەتاوە دەست پێ دەکەم..

من لەدایك و باوکێکی ئایسیلەندی – دانیمارکیم و لەساڵی 1966 لە ریکجافیك {Reykjavík } لە دایك بووم، و لەکەنیسەیەکی لۆسەری لەئاوهەڵکێشراوم.. من منداڵ بووم کە خێزانەکەمان کۆچی بۆ کەنەدا و پاشتریش بۆشاری نیۆیۆرك کرد.. لەتەمەنی 16 ساڵیدا خوێندنی دواناوەندیم تەواو کرد، و لەساڵی 1988 دا بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسم لە زانکۆی مەکگیڵ{McGill }ی مۆنکریالی کەنەدا بەدەست هێنا..و لەوکاتەوە من گەشت بەدەوری دنیادا دەکەم، بۆ لێکۆڵینەوە و بۆ کارکردن، و لەساڵی 1990 یشەوە دانیمارك بووەتە بنکەی نیشتەجێ بوونم..

لەساڵی 1997دا - کاتێ کە زمانی عەرەبیم لەزانکۆی قاهیرەدا دەخوێند – کچە ئینگلیزێکی مەسیحی هاوەڵم ئینجیلێکی بەهەردووسەردەمی کۆن ونوێیەوە بۆکرِیم و پێشکەشی کردم، و زۆر پێی دڵخۆش بووم، چونکە من برِیارم دابوو کەپێویستم بە وە هەیە ناوەرۆکی ئینجیل وبابەتەکانی بزانم، بۆیە هەستم بەوە دەکرد کە زۆر

زەحمەتە من بەخۆم بڵێم: مەسیحی بێ ئەوەی بەوردی ئینجیل بخوێنمەوە.

لەساڵی 1988 و کاتێ من لەزانکۆی دیمیشقدا دەمخوێند، هەموو ئینجیلم خوێندەوە، لەبەرگەوە بۆ بەرگ، لەکاتی خوێندنەوەیدا تێبینییەکانی خۆمم تۆمار دەکرد، و کاتێ لەخوێندنەوەی بوومەوە دەرکم کرد کە نەسازییەکی زۆری تێدایە، و زۆر شتیشی تێدایە کەمن هاوڕا نەبووم لەتەکیا، وەك باسکردنی وەسفی خوا و ئافرەت.. ئەمە بێ ئەوەی باسی هەموو ئەوانە بکەم کە پۆڵس لەسەردمی نوێ{ئینجیل}دانوسیبوونی.

کاتێ لەبارەی پیاوە پیرۆزەکانەوە {پێغەممەران سلاَویان لێ بێ}وەك نووح و لووت و داود ... تاد، بابەتەکانم دەخوێندەوە هەستم دەکرد کەمن بێ ڕێزم بەرامبەریان. لە سەردمی دێرین{ العهد القدیم - تەورات}دا زۆر مووسام خۆش دەویست و موعجەب بووم پێی، و لە سەردەمی نوێیش{ العهد الجدید- ئینجیل}دا بە عیسا سلاَوی خوایان لێ بێت..

زۆر بەپتەوی باوەڕم بە خوا هەبوو:

کاتێ لەخویندنەوەی تەورات بوومەوە، ویستم تەلموودیکی تەواوی جووەکان بەدەست بێنم، بەلاَم بێ سوود بوو نەمتوانی، هەمیشە دەم بیست جوو- جگە لە چاکە خوازەکانیان – دان نانێن بەجوولەکەبونی هەرکەسێك ببێت بە جوولەکە.. من ئاینێکم دەویست باوەشی بۆخەڵکی

کراوەبێت، ماوەیەکیش لە بارەی بوودابیەوە خەریکی خوێندنەوە بووم، بۆم دەرکەوت کەئەویش بۆمن ناشێ، چونکە بودییەکان باوەڕیان بەخوا نییە، و منیش زۆر بەپێتەوی باوەڕم بە خوا هەبووە و هەیە، من و دایکم عادەتمان بەوەوە گرتبوو لەبارەی هیندۆسییەوە موناقەشە بکەین.. لەبەر ئەوە زۆر بایەخم پێ دەدا، بەلاَم لەوێشدا هیندۆسییەکان خوای زۆریان هەبوو، لەبەر ئەوە بڕیارم دا ئیتر لەو بارەوە باس وخواسێکم نەبێ، لەواقیعیشدا تۆ ناتوانییت بچیتە ناو هیدۆسییەوە..

کاتێ ئەندرێ عومەری کوڕم لە ئوکتۆبەری 2001دا لەدایك بوو، لەخۆمم پرسی: ئایا لەئاوی هەڵژەنم، یان نە؟ لەویادا ڕەفزم کرد و هەستم دەکرد: مندالاَنی بێ تاوان حەتمەن دەچنە بەهەشتەوە. لە ئاو هەڵبژەنرێن یان نە!! بەهەرحاڵ بیرم لەوە دەکردەوە کە لەگەڵ ئەوەدا من لە خێزانێکی پرۆتستانتیدا پێگەیشتووم وگەورەبووم، باوەڕم بەو مەسیحییەتە نییە کە هەیە، ئیتر چۆن منداڵەکەی خۆم پێشکەش بەو ئاینە بکەم؟!

هەرگیز باوەڕم بە سێبوون نەبوو، باوەڕم بەوە نەبوو کە مەریەم دایکی خوا، و عیسا کوڕی خوا بێت، باوەریشم بەوە نەبوو کە هەڵواسینی عیسا و لەخاچدانی لەبەر پاکردنەوەی ئێمە بووبێت، و هەرگیز باوەڕم بەو هاوارەی عیسا نەبوو کەلەسەر خاچەکەوە گوایا گوتبێتی: ئەی خودایە! ئەی خودایە! بۆ بەجێم دێڵیت و وازم لێ دێنیت؟

لەکاتێکا ئەگەر بۆ پاکردنەوەی ئێمە بوایە دەبوا بیزانیبا کە ئەو پێغەممەرێکەو ئەو ئەرکەی پێ سپێرراوە..

وا پەروەردەکرابووم کە زۆر رقم لەئیسلام و موسڵمانان بێت، ئەمە راستییەکە و دەبێ پێی لێ بنێم، و وەهایش بووم.. لەهەمانکاتیشدا دوژمنی عەرەب بووم، پێش ئەوەی بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی بڕۆمە قاهیرەوە، {تەنیا حەزم لەخەتی جوانی عەرەبی بوو}، ناهەقم مەگرن، چونکە من لە ئەمریکا گەورەبووم، هەمیشە فلیمە ئەمریکییەکان وا وێنەی عەرەب پیشان دەدەن کە خەڵکێکی بونیاد گەرا و سەرپەڕن، ئافرەت دەچەوسێننەوە، و دیندارێکی دەمارگیر و تۆقینەرن، و ئینسانێکی سروشتی نین، و خەڵکێکن زیرەکییان سنووردارە، بەشی زۆری ئەوانەش کە رقیان لەعەرەبە هەرگیز لە وڵاتێکی عەرەبیدا نەژیاون.. چونکە بەتەواوی واقیعیان پێچەوانەی ئەو پڕو پاگەندانەیە..

هاوسەرگیری:

لەساڵی 1999دا بۆ کارکردن لە یەکێ لەسەفارەتخانەکاندا گەڕامەوە بۆ دیمشق.. و هەر لەوێ لەساڵی 2000دا چاوم بە ئەندازیارێك کەوت بەناوی موهەنەد، و لەگەڵ یەکتر ئاشنا بووین، و پاش ماوەیەکی کەم بەرەسمی بووینە هاوسەر.. بۆ ئەوەی راستگۆ بم لەتەکتانا کاتێ من شووم بەموهەنەد کرد لەبەر ئەوەبوو کەخۆشم دەویست.. لەگەڵ ئەوەدا کە موسوڵمان بوو، بەڵاَم لەدواییدا بۆم دەرکەوت بۆیە خۆشم ویستووە چونکە موسوڵمان بووە، و

موسوڵمانێكی باشیشە.. چونكە لێرەدا لە دانیمارك و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیشدا، خەڵكێكی زۆرم لەموسوڵمانان بینی بوو، وەك حەقیقەتێك لەژیانی خۆمدا زۆر كەسی تریشم لەچاك و خراپ و لە یەهودی و مەسیحی و موسڵمان و بوودی و هیندۆسی بینیبوو..

بەڵام سەیر ئەوە بوو پێم وابوو هەموو ئەو موسوڵمانانەی من بینیومن نوێنەرایەتی ئیسلام دەكەن، و لەهەركاتێكا پرسیارێكم لەبارەی ئیسلامەوە ئاراستەی موسوڵمانێك كردبێت، شتێك بووەتە سیخورمەیەك بۆم، لەوانەیە بڵێم لەهەر كەسێكم پرسی بێت، ئیددیعای ئەوەی كردووە كە ئاگادارییەكی باشی لەبارەی ئیسلامەوە هەیە، تەنانەت ئەوانەش كە زانیاری هەڵەیان پێدەدام هەروەك لەدواییدا بۆم دەركەوت، باشتر وابوو تەنیا بیان گوتایە: {نازانم}، یا {لێی دڵنیا نیم}، من هەرگیز حوكمم بەسەر مەسیحییەت یا هەر ئاینێكی ترا نەداوە لەرواڵەتی شوێن كەوتوانیەوە، سەیر ئەوەبوو هەر عەرەبێكم ببینیایە، لە هەڵس وكەوتی ئەوەوە حوكمم بەسەر ئیسلامدا ئەدا.. لەگەڵ ئەوەشدا كە عەرەبەكان هەموویان موسوڵمان نیین، بەڵكو پرۆتستانت وكاسۆلیكی و جوولەكە و قیبتی ودورزی و عەلەوی ...یان تێدایە، ئەمە لەلایەكەوە، لەلایەكی ترەوە بەشی زۆری موسوڵمانان عەرەب نین، وەك موسوڵمانانی ئەندەنووسیا، ومالیزیا، و چین، و هیند ، و مەسەدۆنیا، و رووسیا، و تایلەند، وبۆسنە، و ئەمریكا و سوید و ئەفریقا.. تاد، لەپەنای ئەوانەدا دیسان عەرەبیش هەیە، واپێگەیەنرابووم، كە تەنیا

بەسەر لایەکدا خۆم دانەبرِم، بەلاَم بەپێچەوانەوە لەبەرامبەر ئیسلامەوە وانەبووم، کاتێکی زۆری ویست، تا دەرکم بەوەکرد.. تەنیا لەپاش سەعاتێکی دیاریکراو لە وتووێژ و ئاخاوتن{ هەندێ کاتێش دەگەیشتە هەراو جیدال،} لەتەك مێردەکەمدا، بە ئەندازەیەکی پێویست هۆشم کرایەوە و گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە من وێنەیەکی تەواو و هەمەلایەنەی ئیسلامم لا نەبووە.

**لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی قورئان:**

رەمەزانی ساڵی 2002 لەمانگی تشرینی دووەمدابوو داوام لەموهەنەد کرد: ئەگەر بۆی بلوێ یارمەتیم بدات - چونکە کاتی کەم بوو - بۆ ئەوەی قورئان بەعەرەبی بخوێنمەوە، بەلاَم من برِیارم دابوو کە بەیارمەتی تەرجومەیەکی باش قورئان بەعەرەبی بخوێنمەوە. کاتێ قورئان {پیرۆزترین کتێبی ئیسلام}م خوێندەوە، بیرم لێدەکردەوە کە چەند جوانە، زانستییە،و بەسۆزە، ورێزی لەئافرەت گرتووە، من لەوەپێش هەر کتێبێکم لەبارەی ئیسلامەوە دەخوێندەوە لەلایەن ناموسوڵمانانەوە نووسراو و دانراو بوون، و ئیسلامیان بە وێنەیەکی نەرێ یی {سەلبی} پیشان دەدا..

ئەوانەی کە لەدژی ئیسلامیان دەنووسی هەندێ کات بەپچرِ پچری نموونەکانی قورئانیان پێشکەش دەکرد، بەشێکیان لەئایەتەکە دەخستە پێشچاو بەشەکەی تریان دەشارییەوە، یا بەشێوەیەکی هەڵە تەرجومەیان دەکرد، لەبەر مەبەستێکی خۆیان یا بێ مەبەست، من بەئەندازەیەکی پێویست لەزمانی

عەرەبیدا شارەزاییم پەیدا کردبوو، تا ئەوەبزانم کەئەو قورئانەی دەیخوێنمەوە لەهیچ کتێبێك ناچێت تا ئێستا من لە ژیانمدا خوێندبێتمەوە. زانیارییەکی زۆر، زانستێکی فراوان، و شتگەلێکی زۆر لەوانەی کەلەم سەردەمە نوێیەی خوماندا دۆزراوەتەوە، مەبەستم ئەوەیە لەو قورئانەدا کە موحەممەد پێغەمەر { سلاَوی خوای لێ بێ}}هێناویەتی باسی کونە رەشەکانی ئاسمان، و گەشتی بۆشاییەکانی ئاسمان، و باسی{ DNA} و زانیاری بۆماوەی کردووە، باسی گەشەکردن، و زەوین ناسی، و زانیاری دەریاکان و زەریاکان، و باسی زانیاری کۆرپەڵە ناسی، وبنەچەی ژیانی کردووە... ئەی خودایە! من هەمیشە دەمبیست کە قورئان نوسخەیەکی کۆپی کراوی ئینجیلە، بەلاَم هیچ یەکێك لەمانە لە ئینجیلدا نییە، زۆر بەسەر سامییەوە لەخۆمم دەپرسی: چۆن مرۆڤێك پێش هەزار و چوار سەد ساڵ ئەمانە بزانێ و بیان نوسێت؟! و هەندێ لەم شتانە لە سەردەمی خۆماندا نەبێت نەزانراوە! ئالەویادا بیرم کردەوە تۆ بڵێیت ئەمە بەهۆی زانایانی گەردوونی و بیرکاری و جوگرافیازانی عەرەبەکانەوە نەبووبێت، بەلاَم کە بەقووڵی بۆ مەسەلەکە رۆچووم، دیتم هیچ زانایەك لەوانە لەناو عەرەبی پێش ئیسلامدا نەبوون، و ئەو شۆرِشە زانیارییە لەدوای هاتنی ئیسلامەوە دروست بووە.

پاش ئەوە خوێندمەوە کە موسوڵمانان باوەرِیان وایە: جوبرەئیلی فریشتە لەلایەن خواوە قورئانی بە وەحی بۆ موحەممەد { سلاَوی خوای لێ بێ } هێناوە، و ئەم

قورئانەش بەردەوام بوونە بۆ {كلمه الله العليا }وشەی خودای بالاَ دەست.

موسوڵمانان باوەڕیان وایە ئەو بەشانەی لەتەورات وئینجیلدا باسی ژیانی عیسا دەكات خوا ناردوویەتی، و موسوڵمانان بەڕێزەوە سەیری ئیبراهیم، و سلێمان، و مووسا، و عیسا، و نووح دەكەن، {سلاَوی خوا لەسەر هەموویان بێت}، لەراستیدا رێز لەهەموو ئەو پێغەمبەرانە دەگرن كە لەئینجیلدا ناویان هاتووە، هەروەها باسی ئەوەش دەكات كە پێغەمبەرانی تریش بۆمیللەتانێكی تر رەوانە كراون تا بۆ رِێی چاكە رێنوێنییان بكەن، هەندێكیش دەڵێن: گوایا بوودایش یەكێ لەو پێغەمبەرانە بووە، بەلاَم كەس نەی گوتووە عیسا سلاَوی خوای لێ بێ هاوشانی خوایە، و لەگەڵ خوادا یەكسانە، باوەڕیان وایە كە تەنیا پێغەمبەرێك بووە و بەس. موسوڵمانان باوەڕیشیان وایە كە موحەممەد{ سلاَوی خوای لێ بێ } دواین پێغەمبەری خودایە، تا مەسیح { سلاَوی خوای لێ بێ }دەگەرِێتەوە بۆ سەر زەوی.

قورئان دەفەرموێ: كە دەگونجێ خوا پەردە بێنێت بەسەر چاوماندا، و مۆر بنێ بەسەر دڵ و گوێماندا، تا نەتوانیین ببینیین و هەست بەپەیامی قورئان نەكەین، تەنیا بەویستی خوایە كە دەتوانین ئێمە ئەو پەیامە ببینیین.. منیش لە 12 مانگی دوانزەی ساڵی 2002 دا خەوێكی زۆر سەیرم بینی، وای لێكردم زۆر بەقووڵی بییر لەئاینەكان بكەمەوە و بۆ هەڵبژاردنی یەكێ لەوانە لە تەتەڵەیان بدەم و شەن و كەویان بكەم. خەو لەئایسیلەندە زۆر بایەخی پێدەدرێت، و

لەراستیدا بەعەمەلی زانیارییە، من بڕوام وانەبوو کە پێویستم بە ئاین هەبێ.. لەگەڵ ئەوەدا کە ئاین هەمیشە بەسەر دەروونمدا زاڵ بووە، بەلاَم من بڕوام وابوو کە تەنیا باوەڕبوون بە خوا بەسە، و من لەهەموو ئاینەکان بەشێکی زۆر کەمم وەرگرتبوو، تا وەك ئاوێتەیەکی تایبەتی لێ هاتبوو.

لە مانگی یەکی ساڵی 2003 دەستم بەلێکۆلینەوە کرد لەسەر ئێنتەر نێت، بەشوێن شتانێکا دەگەڕام وەك ئیسلام، قورئان، موسوڵمان ...تاد. لەمانگی ئازار – کاتێ لە ریکجافیك {Reykjavík } بووم- هەلێکم بۆ رەخسا تا لەتەك باشترین کچە هاوڕێی ئایسیلەندیمدا قسەبکەم، کە موسوڵمان بووبوو، ڕێنوێنی کردم بۆ تەرجومەیەکی باشی قورئان کە {عبد الله یۆسف علی} بە زمانی ئینگلیزی تەرجومەی کردووە، تا ئەو تەرجومەیە لەتەك نوسخە عەرەبییەکەیدا بخوێنمەوە، لەمانگی نیساندا ئەو تەرجومەیەم دەستکەوت و وەك یارمەتیدەر بەکارم دەهێنا..

لەمانگی ئەیاری 2003 دا کیژە هاوڕێ ئایسیلەندییەکەم سەردانی کردم و ماوەی دوو هەفتە لەلامان مایەوە، و لەبارەی قورئانەوە باسمان دەکرد، من پێم گوت: دەمەوێ قورئان بۆ زمانی ئایسیلەندی وەربگێڕم، پێی گوتم: ئەوە هیوای منە و خەوی پێوە دەبینم.. رێکەوتین تا پێکەوە ئەوکارە بکەین، و کاتەکانمان بەشێوەیەکی باش بەکاردەهێنا، ئێمە بەدرێژایی رۆژ لەبارەی مەسیحیی و

یەهوودی و ئیسلامەوە دە ئاخافتین و تاوتوێمان دەکردن.. کاتی خۆی هاورِێکەم، لەسەر مەزەبی لۆسەری بووە، و بیری لەیەهوودی کردۆتەوە، و دووجار سەردانی ئیسرائیل{فەلەستین}ی کردووە، سەرەتای بیرکردنەوەی لەئیسلام لەسەردانی دووەمیا بووە، هەمان شێوە کە بۆمن رووی دا بۆ ئەویش رووی دابوو، و بەهەمان ئەنجامیش. ئەگەر بگەرِێینەوە بۆ ساڵی 1995 بیرم دێ کاتێ کە هەواڵی دامێ موسوڵمان بووە، هەڵسو کەوتێکی ناشیرینم بەرامبری نواند، و لەوکاتەدا من زۆر نەرێ یی بووم، شەرمە بۆ من کە لەوکاتەدا پشتم نەگرت..

**موسوڵمان بوونم بەشێوەیەکی فەرمی:**

ئێستا من خۆم دەبینمەوە کە موسوڵمان بووم، و هەواڵم بە مێردەکەیشم دا، و ئەویش بەشێوەیەکی دوور و درێژ تاقی کردمەوەو ئیمتیحانی کردم، و داوایشی لێ کردم، لەگورِینی ئاینەکەمدا پەلە نەکەم، و پێی گوتم: ئەگەر تۆ موسوڵمان ببیت ژیانت زۆر سەخت دەبێت، و ئەوانەی ئیسلام ناناسن بەشێوەی جیاواز مامەڵەت لەتەکا دەکەن، و لەوکاتەدا و لەو جیهانەی ئێمەی تیا دەژین خەڵکی گاڵتەت پێ دەکەن، و ئەگەر موسوڵمانبوونی خۆت رابگەیەنی لەوانەیە پەیوەندی خۆت لەگەڵ خێزان و هاوەڵەکانتا لەکیس بدەیت، لەوە دەترسا کەئەوانەی بەشێوەیەکی باش منیان نەدەناسی، یا ئەوانەی لەمێژەوە نەم بینیون، یا ئەوانەی کە موهەننەد ناناسن و نەیان بینیوە، وابزانن ئەو زۆری لێکردووم بۆ ئەوەی موسوڵمان ببم، منیش پێم گوت: کاتێ من شووم بەتۆ

كرد هێشتا مەسیحی بووم، و ئەگەر وابوایە دەبوا نەبوینایەتە هاوسەر، هەروەها پێیشم گوت: ئەوانەی من دەناسن دەزانن کە من لەسەر رای خۆم بەهێزم، و بەرگریکارێکی راستەقینەم لەمافی ئافرەت و مرۆڤایەتی، و لەهەمان کاتیشا سەرسەختم، بەلاَم بییر داخراو نیم، و هیچ کەسێك ناتوانیێ بەسەرما زاڵ ببێت.. دایك و باوکم ماوەی چەند ساڵ هەوڵیان لەتەکما دا بۆ ئەوەی رای خۆم بگۆڕم بێ سوود بوو..

لەویادا بڕیارم دا ئەگەر - لەبەر ئەوەی من بڕیارم داوە موسوڵمان بم - هاوەڵەکانم یاخێزانەکەم نەیانەوێ هیچ پەیوەندییەکم پێوە بکەن، با وابێ.. ئاین هەڵبژاردن تایبەتمەندی کەسایەتی خۆمە، من شانازی بەوەدەکەم کە باس و توێژینەوەم لەبارەی مەسیحییەت و یەهوودیەت و هیندۆسی و بودیی و ئیسلامەوە کردووە، و ئەم کارەش چەند ساڵێکی خایاندووە،و کاتێکی بێ شومارم لەخوێندنەوە و توێژینەوەی رۆحیدا بەسەر بردووە، تا گەیشتوومەتە ئەم خاڵە، باوەڕبوونم بەخوا شتێکە هەمیشە بە جیددی گرتوومە، و لەدەربڕینیدا شەرمم نەکردووە، تەنانەت کاتێکیش کەخەڵکی گاڵتەیان بەمن دەکرد چونکە باوەڕم بەشتێکی نەبینراو هەیە، پێم دەگوتن: سەیری دەورو بەرتان بکەن، چۆن تواناتان نییە باوەڕتان بەبوونێکی بەرزتر هەبێ کە هەموو شتێکی لەدەورو بەرماندا بەدیهێناوە؟ ئەوانەش کە وەك مۆدەیەك سەیری ئیسلام دەکەن پێیان دەڵێم: بەوشێوە نییە کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، بەڵکو

ئیسلام یەکێکە لەگەورەترین ئاینەکانی جیهان، ئەگەر گەورەترینیان نەبێ، ئێستا یەك لەچواری خەڵکی ئەم سەر زەوییە موسوڵمانێکە، و ئەمەش خێرا ترین ئاینە بۆ بلاَوبوونەوە..

ئاوەها و لە کۆتاییدا – لەمانگی حوزەیرانی ساڵی 2003 دا – بڕیارم دا بەشێوەیەکی فەرمی ببمە موسوڵمان، تا بتوانم بڕۆم بۆ مەککە بۆ حەج، ماوەیەکی زۆر بوو بەشوێن پرسیارەکاندا دەگەڕام، -هەر لەمنداڵیمەوە- لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا کتێبم لەبارەی ئاینە جیاجیاکانەوە دەکڕ ِی و دەم خوێندەوە..وام بەخەیاڵی خۆما دەهێنا کە لەوکتێبانەوە وەلاَمەکان بەدەست دێنم..

**یەکەم جار کە گوێم لەبانگ بوو:**

لەیادمە لەرۆژێکی خۆرینی جوانی یەکشەممەی مانگی شوباتی ساڵی 1997دا بوو بۆ یەکەم جار لە قاهیرەدا بانگی ئیسلامی ببیستم، زەنگی کەنیسەکان لێدەدران، و بانگوێژەکانیش لەمنارەی مزگەوتەکانەوە دەیانگوت:{ الله ڕکبر}، واتە: خوا لەهەموو هێژایەك هێژاترە، کاتێ گوێم لەوبانگەوەبوو، بەبێ ویستی خۆم فرمێسك بەگۆناکانما دەهاتە خوار، بێ ئەوەی واتاکەی بزانم!! ئەوکاتە موسوڵمانیش نەبووبووم، بەلاَم ئەوبانگە هەموو هەستمی بزواند..

کچێك لەهاوەڵە دێرینەکان وخۆشەویسترین دۆستانم ئافرەتێکی کاسۆلیکی بوو، بۆی گێڕامەوە کە پێش ماوەیەك

له بەیرووت لەهۆتێلێکدا دەبێت، و لەیەکەم شەوی لوبنانیدا لەسەعات چوار ونیوی بەیانیدا بەدەنگی بانگی بەیانییەوە خەبەر دەبێتەوە، دەست دەکاتە تێڕامان و وردبوونەوە لەواتای وشەکان، بەپلەیەکی وا ئەویش دەست بە گریان دەکات.

کاتێ قورئان دەخوێنمەوە زۆر بەقووڵی لەناو ناخ و دەروونمدا هەستی پێ دەکەم، کە ئەوە گونجاوترین شتە بەنیسبەت منەوە، جوانی وەحی قورئانی وام لێدەکات هەندێ جار بگریم، قورئان بەرنامەیەکی گشتگیرە بۆ ژیان. هەرگیز هیچ کتێبێکی تری ئاینی هەستی نەبزواندووم تا بمکاتە گریان..

بەسادەیی بڵێم ئاڵۆزترین کتێبێك لەژیانما خوێندبێتمەوە قورئان بووە، تا زیاتر خوێندبێتمەوە زیاتر لێی حاڵی بووم، و زیاتر پرسیارم کردووە. قورئان ئیلهامت دەکات تازیاتر بزانیت، لەهەر جارێکا دەیخوێنیتەوە، توێژێکی تری تێگەیشتنت بۆ دەردەکەوێ، من لەوبوارەدا پسپۆڕ نیم، و هەرگیزیش نابم، تەنانەت ئەگەر هەموو رۆژێکیش لەژیانما لێی بخوێنمەوە، بەردەوام لەمەودوایش شتی تری نوێی لێ فێر دەبم. پڕە لەشتی سەر سووڕهێنەر، تا ئێستاش لە گەڵ توێژینەوەی قورئانیمدا توێژینەوەی ئینجیلی بەرنابا و تەوراتم هەیە..

**وەرگێڕانی واتاکانی قورئان بۆ ئایسیلەندی:**

بەهۆی ئینتەرنێتەوە کۆمەڵێ هاوەڵی نوێم بەدەست هێناوە، لەوکاتەدا کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەشوێن ماڵپەڕێکی ئایسیلەندی ئیسلامیدا دەگەڕام{www.islam.is} پەیوەندیم بە نوسەرەکەیەوە کرد، و نامەمان لەتەك یەکترا گۆڕییەوە، و لە نزیکی سەرەتای ساڵی 2004 دا راپۆرتێکم بۆ نووسین بەناونیشانی: {ئیسلام لەئایسیلەندەدا 2003}، تیایا پێش نیازم کردبوو کە: هەرسێکمان خەریکی وەرگێڕانی واتاکانی قورئان بین لەعەرەبییەوە بۆ سەر زمانی ئایسیلەندی، چونکە ئەویش بەعەرەبی دەئاخافت، ئێمەش دەبین بە سێ ئایسیلەندی موسوڵمان کە کار بۆ وەرگێڕانی واتاکانی قورئان بکەین، بۆ ئەوانەی بە شوێن تەفسیرێکی باشی ئینگلیزیدا دەگەڕێن، لەراستیدا بیستوومە کە محمد ئەسەد تەرجومەیەکی باشی هەیە، هەوڵدەدەم بۆخۆمی بەدەست بێنم..

**گەشتەکەم بۆ مالیزیا:**

هەروەها هاوینی رابوردوو لە کوالالەمپووردا ژمارەیەکی زۆر کتێبم کڕی بۆ خوێندنەوە، ئەو شارە لەبارەی کتێبەوە بۆ موسوڵمانان دەڵێیت شاری مەککەیە، من و میردەکەم وکوڕەکەم مانگێکمان لە مالیزیا بەسەر برد.. ئای ئەو وڵاتە چەند جوانە!! لەجیهانی ئیسلامیدا تەنیا وڵاتانی عەرەبیم بینیبوو، بەڵام ئەو وڵاتە جیهانێکی ئیسلامی نوێیە لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا، تەجروبەیەکی زۆر جوانیان هەیە، ئەم رستەیە کەمترین وەسفێکە لەبارەیەوە بگوترێت، من

هەمیشە ئەویندارى هونەر و بیناسازى ئیسلامى بووم، ناو و دەرەوەى خانووەكانى مالیزیا بە عەنتیكەیەكى ئیسلامى دەژمێررێت، ئەو ولاَتە لەسایەى حوكمى مەهاتیر موحەممەد سە�

نۆموسڵمان ١٢٤٧ جار بینراوە، ١ بۆچوون، لە ١٢/١١/٢٠٠٧ لەسایتی پێنجوێنی بڵاوکراوەتەوە
http://www.penjweny.org/article/228

# # #

# ١٠

## روبا ئەو بانگخوازە مەسیحییەی کە موسوڵمان بوو

### من کێم؟

من ناوم "روبا "یە، و ناوی فامیلیمان "قەعوار"ە، لە بنەماڵەیەکی مەسیحی ئەردەنی لە وڵاَتی دانیمارك لە دایك بووم، باوکم پیاوی ئاینی مەسیحی بوو، و قەشەی چوار کەنیسە بوو، دایکم لە گۆمەڵگای رۆژهەڵاَتی ناوەڕاستا یەکێك بوو لە گەورەترین پێشەوایانی ژنانی مەسیحی، من شارەزاییەکی تەواوم لە "تەورات و ئینجیل "دا هەیە.

کاتێ لەتەمەنی هەشت ساڵاَنا بووم مەسیحم بەرزگارکەری خۆم داناوە، و لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا خۆم لەئاوی بەمەسیحی بوون هەڵژەندووە، و لەتەمەنی چواردەساڵیدا {تەعمید( 1 )}م بەرۆح کردووە.. بەڵاَم رۆژێ لەرۆژان بۆ گەیشتن بەراستەقینە وگەڕان بەشوێن زانستا عەقڵ وهۆشی خۆمم دانەخستووە. تانەبوومە موسڵمان ئارامیم لەناو دەروونی خۆما نەبینی، تا قەناعەتیشم بەئیسلام کرد کاتی زۆری ویست.

سەرەتای بەسەرهاتم لەکاتی منداڵیمەوە دەست پێ دەکات، لەوکاتەدا زۆر رقم لەئیسلام بوو، بەتایبەت کاتێ لە پۆلی دەهەمدا بووم دیتم کیژێکی موسوڵمان نوێژ دەکات، و

لەكاتی سوژدەدا بوو، نوكە شەقێكم تێ هەڵدا، لەگەڵ كیژەكانی قوتابخانەی ئامادەییدا زۆر دەمەقاڵەم دەبوو، و دەمویست پێیان پیشان بدەم كە چەند رۆشنبیرم!! هەموو رۆژێ لەگەڵ خۆما كتێبی پیرۆز(تەورات وئینجیل)م هەڵدەگرت، وبەدەنگی بەرزیش دەمخوێندەوە، یا دەقێكم وەك وتەی رۆژ لەسەر تەختەرەشەكە دەنووسییەوە، لەیادمە كاتێ مانگی رەمەزان دەهات كردبوومە عادەت لەبەرچاو كچە موسوڵمانە بەرۆژووەكانەوە شتم دەخوارد،{داواكارم خوا بەزەیی پیاما بێتەوە و لەوتاوانانەم خۆش ببێت}، بەكورتی خاوەنی گۆبەندێكی زۆر بووم.

**لە قوتابخانەی ئامادەییدا:**

لە پۆلی یانزەدا پێش ئەوەی ئامادەیی تەواو بكەم لەبیرمە بڕیارم دا لەوانەی رۆشنبیری ئیسلامیدا ئامادەبم، و خۆم بیبیستم كە لەبارەی ئاینی مەسیحییەوە كچان چ دەڵێن؟ دەیان گوت: ئینجیل دەستی تێبراوە، گۆڕێنراو و شێوێنراوە، منیش زۆر پێی توڕە دەبووم، و بۆم شەرح دەكردن كە ئینجیل كتێبێكی موعجیزەیە، و لە چوار كتێبی جیاوازدا نووسراوە، و لەهەمان كاتدا لەلایەن چواركەسی جیاواز، و لەسەردەمی جیاوازدا نوسراوە{مەتێ، مەرقەس، لۆقا، و یۆحەننا}، یەكی لەكچەكان هەڵی دایێ و گوتی: كەوابوو تۆ دەڵێیت: جنۆكە ئەو كتێبانەی نووسیوەتەوە، ئای چەند نا رەحەت بووم!! ئیتر نەم ویست لەوەزیاتر لەگەڵ كچەكاندا چەلەحانێ بكەم و لەپۆلەكە چوومە دەرەوە..

کچەکان لەبارەی منەوە کەوتنە پرسیار کردن بۆ ئەوەی زیاتر بم ناسن، هەر هۆی ئەوەبوو دەهاتن بۆلام و لەبارەی ژیانی خۆم و ئاینمەوە پرسیاریان لێ دەکردم، و منیش وەلاَمم دەدانەوە و کتێبی پیرۆزم پێ پیشان دەدان، و بەڵگەو دەلیلەکانم بۆ ئەخوێندنەوە. هەوڵم دەدا قەناعەتیان بەئاینی مەسیحی پێ بکەم. تا رۆژێ مامۆستای زمانی عەرەبی بانگی کردم و پێی گوتم: دەبێ تۆ ئاگات لەخۆت بێت، و خۆت لەقسەکردن بۆکچان لەبارەی ئاینی مەسیحییەوە بپارێزی، چونکە یاسای ولاَت رێ بەتۆ نادات کاری وا بکەیت.. پێم گوت: ئەمە هیچ پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە نییە. گوتی: من کاسێتێکی تۆمار کراوم لایە بەدەنگی خۆت کە تۆ لەبارەی ئاینەکەتەوە بۆ کچان قسە دەکەیت.. بەراستی ئەمەش زۆر پەست و توورەی کردم.. و بەرامبەر بە ئیسلام و موسوڵمانان رق و قینێکم لەدلاَ دروست ببێت، خزمەتی تەبشیری و بەگاورکردنم زیاتر کرد و دەمویست یەکسەر ئیسلام بگۆڕم بە مەسیحی، و هەندێ لەکچە موسوڵمانەکانی هاوەڵم بۆ کەنیسە دەعوەت کرد تا قەناعەتیان پێ پەیاکەم بە ئاینی مەسیحی..

**وەرگرتنم لە زانکۆدا:**

ئەوەتە من ئامادەییم تەواو کردووە و لەبەشی کیمیادا لەزانکۆی "موئتە "ی ئوردن دا وەرگیراوم، وباش دەیشم زانی کە بەهێزترین بزوتنەوەی ئیسلامی ئۆردنی لەم زانکۆیەدایە، ساڵی یەکەمم تەواو کرد، ولەساڵی دووەمدا دەبوا ناوم لەرۆشنبیری ئیسلامیدا تۆمار بکەم، چونکە لەلایەن زانکۆوە وەك ماددەیەکی بنەڕەتی و پێویست

دانرابو، پۆلەکەش بریتی بوو لە هۆلێکی پلەدار وەك هۆڵی سینەما، کە سەدو پەنجا قوتابی دەگرت، من تەنیا مەسیحییەك بووم لەو پۆلەدا، و شانازیم پێوە دەکرد کە لەهەمووان جیاوازم، هەرجارێك دکتۆر "موحەممەد رەواشیدە " بابەتێکی باس بکردایە دەبوا من تەعلیقم لەسەر بدایە یا موناقەشەم بکردایە، لەیادمە لەسەر بەهەشت و دۆزەخ و لەسەر مافی ئافرەت لەنێوان ئیسلام و مەسیحیدا بووبە موناقەشەمان و تەنانەت موناقەشەکەمان سەری بۆ ئینجیل وتەوراتیش کێشا، ومنیش وەك عادەتی خۆم کتیبی پیرۆزم پێ بوو، تا دروستی قسەکانی خۆم بسەلمێنم، وقسەکانی دکتۆر پەرچ بدەمەوە، تا رۆژێك لەرۆژان دکتۆر داوای لێکردم لە مەکتەبەکەی خۆیا سەری لێ بدەم، وگوتی: من زانیارییەکی زۆرم لەبارەی هەردوو ئاینەکەوە پێیە و دەستی کرد بە دەعوەتکردنم بۆ ئیسلام، منیش بەسەر سەختییەوە پێم گوت: گوێت لێبێ دکتۆر: من بەمەسیحی لەدایك بووم، و باوکم سەرپەرشتی چوار کەنیسە دەکات، و دایکم لەگۆمەڵگای مەسیحیدا کەسایەتییەکی گرنگە، لەبەر ئەوە هەرگیزبوارم نییە ئاینەکەم بگۆڕم، و لەبەرهیچ هۆیەکیش ئاینەکەم ناگۆڕم. دکتۆر هەناسەیەکی خەفەتاوی هەڵکێشاو گوتی: "خوا هیدایەتت بدات ".

پاش ماوەیك لەموناقەشەکردنەکەم لەگەڵ دکتۆرا هێرشم دەکردە سەر ئیسلام، و بە راشکاوی گوتم: کە دکتۆر هەڵەیە، وئیسلامیش هەرهەمووی هەڵەیە. قوتابییەکان زۆر سەریان لە جورئەت و زاتی من سوڕمابوو، تەنانەت هەندێکیان بەپەنامەکی دەهاتن بۆلام، و لەدوای دەرسەکەی مامۆستاوە لەشوێنێکی کەناردا پێکەوە دەوەستاین، ولەبارەی

ئاینەکەمەوە پرسیاریان لێ دەکردم، بەلاَم من لەشوێنی گشتیدا دائەنیشتم و بەخەیاڵیشما نەدەهات، و موناقەشەم لەتەکا دەکردن، تا دکتۆر" موحەممەد رەواشیدە "ی مامۆستای رۆشنبیری ئیسلامی بانگی کردم بۆ مەکتەبەکەی خۆی و گوتی: وادیارە تۆ بوویتە فیتنەیەك بۆ کۆلیجەکە و لەبارەی ئاینی مەسیحییەوە قسە بۆ قوتابیەکان دەکەیت، و دەتەوەێ لەئیسلام وەریان بگێڕیت و مورتەدیان بکەیتەوە. منیش گوتم: مەبەستت لەو قسەیەدا چییە؟ گوتی: مەبەستم ئەوەیە زۆر بەسادەیی پێت بڵێم: تۆ لە وەرزی داهاتوو لەم زانکۆیەدا قوتابی نابیت.. زۆر بایەخم بەقسەکەی نەدا، بەلاَم لەوەرزی داهاتوودا کاتێ رۆیشتم ناوم بۆ وانەکان تۆمار بکەم ناو نووسەکە گوتی: تۆ لەم کۆلیجەدا قوتابی نیت و لەم زانکۆیە دەرکراوی!! بگرە ناویشم لەهیچ بەرنامەیەکی زانکۆدا نەبوو، زۆر تووڕەبووم، و زانکۆکەم بەجێهێشت، چونکە دەمزانی لەو ماوەیەدا زۆر نزیکە بڕۆم بۆ ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەوێ هەلی باش بۆ وەرگرتنم هەیە.

**کۆچم بۆ ئەمریکا:**

بەڵێ لەساڵی 2002 رۆیشتم بۆ ئەمریکا و بۆ ویلایەتی تەکساس تا هەوڵ بدەم ژیانم لەسفرەوە دەست پێ بکەم.. لەوێ دەڕۆیشتم بۆ کەنیسەی دالاَسی مەعمەدانی، کەنیسەی عەرەبە مەسیحییەکان بوو، مامم قەشەی ئەوکەنیسەیە بوو، ئەوی راستی بێ پێم خۆش نەبوو لەوێ بژیم، ماڵ خۆمان لەتەك خێزانێکی مەسیحی ترا لەویلایەتی ئەریزۆنا وە پەیوەندییان پێوەکردم تا بڕۆم بۆ ئەوێ و لەتەك ئەوانا بژیم

و جارێکی تر ژیانم دەست پێ بکەمەوە.. بەلاَم کەسێك نەبوو پشتگیری ماددیم لێ بکات، ئیتر کەس وکارەکەم پێیان گوتم: باشتروایە بگەڕێمەوە بۆ تەکساس و لەتەك خوشك وبراکەمدا بژیم، و منیش لەوان گەورەتر بوم، باقی خێزانەکەمان گەڕانەوە بۆ ئوردون، تا باوکم خزمەتی تەبشیری خۆی لە رۆژهەلاَتی ناوەڕاستا بە ئەنجام بگەیەنێت..

لەتەکساس کارم دەستکەوت و دەستیشم بەخوێندن کرد، و بەردەوام هاتوچۆی کەنیسەم دەکرد، و چالاکیەکانی ئاینی خۆم بەئاسایی ئەنجام دەدا، تەنانەت هەندێ بەرنامەی تازەو رێبازی نوێم بۆ کەنیسەی ئوردون دەنارد،و بۆدەرس وتنەوەی ئینجیل بەقوتابییە مندالّەکان یامەتی کەنیسەم دەدا.

**لەتەك قوتابییە موسولّمانەکانا:**

لە مانگی دوانزەی سالّی 2003 باوکم بە نەخۆشی سەرەتان کۆچی دوایی کرد {داوا کارم خۆا رەحمی پێ بکات}، بەلاَم وەفاتی ئەو لەبەردەوامی کاری خۆمی نەوەستاندم، چونکە لەراستیدا من بۆ مەبەستی خەلّکی کردن بە مەسیحی هاتبووم بۆ ئەمریکا، و دەمویست ئەو خزمەتەی خۆم بەئەنجام بگەیەنم، و مەبەستیشم زیاتر عەرەبی موسولّمان بوو، تاهەولّیان لەتەکابدەم بۆ پاشگەزبوونەوە لەئیسلام، چونکە من پێم وابوو: ئەمریکا ولاَتێکی ئازادە و ئازادی قسەو بیر ورادەربڕینی تێدایە.

هەر لەوسۆنگەوە چاوم بە کۆمەڵێك ڕەفیقی موسوڵمان کەوت، ولەبارەی ئاینەکانی مەسیحی و ئیسلامەوە دەستمان بە قسان کرد، و من لەتەورات وئینجیلا زۆر باش ئاگاداریم هەبوو، و لەبەر ئەوە زۆر بەتوندی موناقەشەم لەتەکا دەکردن، و هەوڵی پاشگەزبوونەوەیانم دەدا.. تا لەئەخیرا هاوەڵەکانم لاوێکیان بانگ کرد بەناوی موستەفا بالحۆر- کەئێستا بووەتە مێردی- تا موناقەشەکەم لەتەکا تەواو بکات، و بەنیسبەت منەوە لەپێش تربوو، لەواقیعا ئاگادارییەکی فراوانی لەقورئان و سوننەدا هەبوو، لەبەر ئەوە چارەیم نەدەویست، بەشی زۆری کاتەکان دەمویست گاز بەسەر دووکەڵابکەم و مەسەلەکان هەڵبئاوسێنم، و زۆر جار دەگەیشتینە ئەنجامێکی نەزۆك و داخراو، من زۆر توند و ڕق ئەستوور بووم و هەستم بەماندووبوون دەکرد..

**ناکاوێکی چاوەڕوان نەکراو:**

بەهەرحاڵ لە ئەیلولی ساڵی 2005دا دایکم هات، و منیش پێم وابوو، ئەمە بەڵگەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی خۆم لەوموناقەشەیە دوور بخەمەوە، و ڕێی خۆم بگرمە بەر، چونکە هەستم بەدڵتەنگییەك دەکرد.. لەم لایشەوە پێم وابوو سووکایەتییە بۆمن ئەگەر لەو موناقەشەیەدا بدۆڕێم، بۆیە بەهاوەڵەکانم گوت: من دەبێ بڕۆم و بەجێتان بێڵم، موستەفا بەناوی خۆمەوە بانگی کردم وگوتی: "تەنیا بەڵگەیەکم دەوێ "، لێم پرسی لەبارەی چیەوە دەدوێیت؟ گوتی: بڕۆ ئینجیل بەتەواوی بپشکنە، تەنیا ئایەتێك نابینیتەوە کە مەسیح باسی خۆی بکات و بَلێ من کۆڕی خودام، و هەرگیزیش نەیوتووە من خودام، ئەمەم بەهەڵ

زانی تا بانگی بکەم بۆ لای مەسیح، {ئەو مەسیحەی من بڕوام وابوو کە ئەو رزگارکەر وشفاعەتکارە و کوڕی خودایشە}.

بەتوانجێکەوە گوتم: ئەوە تۆ چ دەڵێیت؟ بێگومان چەندەها ئایەت هەیە کە دەڵێت مەسیح کوڕی خودایە. " موستەفا گوتی: "تەنیا بەڵگەیەکم پێ پیشان بدە " بەڵگەیەك وبەس، رۆیشتمەوە بۆ ماڵ و ئەم پرسیارە لە زەینمدا جینگڵەی دەدا، بەژیری وهۆشمەوە لکابوو، ژییریم سەرزەنشتی دەکردم..

ئینجیلم کردەوەو دەستم بەگەڕان کرد، پاش ئەوە رۆیشتمە سەر ئینتەر نێت و لەوێوە بۆ ناو کتێبەکان و دەستم بەگەڕان کردو هیچم دەست نەکەوت..

دەستم بەپرسیارکرد لەدایکم وموناقەشەی من و ئەو دەستی پێکرد، پێی گوتم: لە راستیدا تەنیا ئایەتێك نییە بەراشکاوی مەسیح لەبارەی خۆیەوە وتبێتی من کوڕی خودام، بەلاَم وتوویەتی: هەرکەس منی بینی خوای بینیوە. بەدایکم گوت: بەلاَم باوك و کو ڕ یەکێك نین. ئەویش گوتی: بەلاَم خۆت دەزانی لە هێزو توانادا یەك ئاستیان هەیە، و لەسیانەی پیرۆزدا یەکێکن، (باوك و کو ڕ و گیانی پیرۆز).

دەستەواژەی یەکەم {کە مەسیح خۆی بڵێ من خودام}،نەبوو،بزانین دەستەواژەی دووەم کە {گوتبێتی من کو ڕی خودام}، هەیە؟

دەستم بە پشكنین وگەڕان كرد، هاوكێشەیەكی نووسراوم لە ئینجلی یۆحەننادا دییەوە كە دەڵێت: "لەسەرەتادا وشە هەبوو، وشەش لەلای خودا بوو "، باشە، كەوابوو وشە ئەومەسیحەیە كەلەسەرەتای بوونەوەرەوە دروستكراوە، و لەلای خوا هەبووە. بەلاَم موشكیل لەوەدا بوو كە لەهەمان ئایەتا دەڵێت: "وشەكە خوابوو "، ئالێرەدا سەرسام بووم كە خوا = بە مەسیح، وە لەهەمان كاتدا خوایش لەتەك مەسیحدا بێت، چۆن شتی وا دەبێت؟!

ئەمە هاوكێشەیەكی ناتەواوی بیركارییە، چۆن دەبێت خوا مەسیح بێت، و ئەویش لەتەكیا بووبێت لەهەمان كاتا؟ ئایا كەسایەتییەكەی پچ ڕاوە؟ ئەمە شتێكی واقیعی نییە و ژیری ناتوانێ تەسەووری بكات..

بۆیە وازم لەو دەقە هێنا وگەڕام بە شوێن دەقێكی ترا.. سەرم لەپەیامی یۆحەننادا لە ئیسحاحی پێنجەم وئایەتی حەوتدا كە دەڵێت: "ئەوانەی لەئاسمان ئاگادارن سیانن، ئەوانیش باوك وشە و رۆحول قودس، ئەم سیانەش یەكێكن، " زۆر خۆشحاڵ بووم چونكە وام زانی حەڵكەم دۆزیوەتەوە، باوك= كو ڕ= رۆحول قودس، ئەمانەش یەكێكن..

بەلاَم یەكسەر ئەو ئایەتەی دوای ئایەتی پێشوو كەئایەتی هەشتە دەڵێت: " ئەوانەی لەسەرزەویدا شایەتی دەدەن سیانن: گیان، و ئاو، و خوێن " گیان رۆحول قودسە، ئاویش باوكە، خوێنیش كو ڕە. چۆن دەگونجێ ئەوسیانە

یەكێك بن، و هەرسیانیان لەیەكێكدابن؟ جیاوازییەكی زۆر لەنێوان ئەو دوو واتایەدا هەیە..

ئەگەر دەگوترێ: سیانەكە یەكێكن، واتە لەهەمووشتێكا لە ئاستێكدان. تەنانەت لە هێز و پێكهاتەكانیانا، {بۆ نموونە: ئاو لەسێ وێنەدا خۆی دەبینێتەوە: شلی، رەقی، هەڵمی بەلاَم لەبارەی كیمیاوە ناگۆ ڕێ چونكە لەهەر سێ حاڵەتەكەدا هایدرۆجین و ئۆكسجینەكەی تێدایە}. بەلاَم ئەوسیانە لەیەكێكدابن وەك ئەوە وایە سێ برا ناوی هەمان بنەماڵەیان هەبێ، بەلاَم سێ كەسایەتی جیاوازن..

زیاد لەوە ئەگەر لەواقیعدا بڕوامان وابێ كە خودا سیانە، بۆ لەكاتی خەلیقەدا تەنیا یەكێكە و سیان نییە؟ بۆنموونە: ئەگەر ئێمە سێ وێنەكێشمان هێنا بۆ ئەوەی وێنەی دارێكی دیاریكراومان بۆ بكێشن، بێگومان هەریەكەیان وێنەكە بەشێوازی تایبەت بە خۆی و بەپێی بیركردنەوەی خۆی دەكێشێ، تەنانەت ئەگەر لەكاتی دروستكردنەكەدا ئەو سیانەش لەیەكێكدا بن، هەریەكەیان بەپێی ڕێبازێك دروستی دەكات كە لەوی تر جیاوازبێ ، تەنانەت ئەگەر بۆ هەمان مەبەستیش بێت.

ئالێرەدا هەستم بە نەسازی لە كتێبی پیرۆزا كرد، لەكوێوە ئەم نەسازییە كەوتۆتە ناو كتێبی پیرۆزەوە؟ ئەوەی كەمن بیزانم ئەوەیە كە مەسیح بەخۆی گوتووە: كو ڕی خوا.. بەلاَم هەروەك هەموو دەزانیین هەموو جووەكان بەخۆیان دەڵێن: كو ڕی خوا.. و لەگەڵ ئەوەدا مرۆڤێكی ئاسایی وەك

ئێمەن.. کەوابوو ئەم شێوە دەر بڕینە لەوسەردەمەداو لەناو بەنی ئیسرائیلیدا باو بووە..

مەسیحیش بەتەنیا بۆ خۆی دانیشتووە و دوعای کردووە، داوای لە کێ کردووە؟ لە لەخۆی پا ڕاوەتەوە؟ ئەو لەخوا پا ڕاوەتەوەو هاواری لەو کردووە. ئەمەش لەکتێبی پیرۆزا سابتە. لە ئینجیلی مەتێدا: " لەوکاتەدا یەسووع وەڵامی دایەوەو گوتی: ئەی بابە! پەروەردگاری ئاسمان و زەوی سوپاست دەکەم، چونکە تۆ ئەمەت لە حەکیمان شاردۆتەوە " متێ 11:25 " ئینجا کەمێ هاتە پێشەوەو ناوچاوی نایە سەرخاك و دەپا ڕایەوەو دەیگوت: ئەی بابە! ئەگەر دەگونجێ بائەم پیاڵەیە تەعبیری من بێ، بەلاَم نابێ وەك ئەوەی من دەمەوێ، بەڵکو بەوشێوە دەبێ کەتۆ دەتەوێ تۆ " مەتێ39: 26 . دووەم جار ڕۆیشتەوە دوعای کردو گوتی: ئەی بابە! ئەگەر نەگونجێ ئەم پیاڵەیە تەعبیر لەمن بکات جگە لەوەی دەبێ هەر دەبێ بیخۆمەوە با ویستی تۆ بێ " مەتێ 42: 26 ". پاش گەڕانەوەی هەموان، بەتەنیا بۆ سەر کێوەکە سەرکەوت تا بپا ڕێتەوە، کاتێ شەوداهات هەرخۆی لەوێ بوو " مەتێ 26: 14 ". لەبەرەبەیانی زوا هەستا و چووەدەر و ڕۆیشت بۆ سەر کێوەکە تا بپا ڕێتەوە " لۆقا 46: 6 ". " کاتێك هەموو میللەت ئیعتیمادیان دا یەسووعیش ئیعتیمادی دا، هەرکات بپا ڕایەتەوە ئاسمان دەکرایەوە " لۆقا 21: 3 ". "بەلاَم ئەو لە چۆلەوانییەکانا گۆشەگیری دەکرد و دەپا ڕایەوە " لۆقا 16: 5 ". " و لەو ڕۆژانەدا ڕۆیشتە دەرەوە بۆ کێوەکە، و هەموو شەوەکەی لەوێ بەپا ڕانەوە لەخوا بەسەربرد " لۆقا 12: 6. وە چەند نموونەی تریش جگە لەوانە..

زیاد لەوە باش لەیادمە کاتێ عەقیدەی مەسیحیم دەخوێند یەکێ لە دکتۆرە گەورە کانی بەریتانیا هات، و مێژووی کتێبی پیرۆزی پێ دەگوتینەوە، دەقەکیم باش لە یادە کە گوتی: " باشە، من لەبەریتانیا رۆیشتم بۆ پیشانگایەك تا ئەو دەقە ئەسڵییانەی ئینجیل ببینم کە دۆزراونەتەوە، بەلاَم جگە لە کۆمەڵە کاغەزێکی سووتاو د ڕێنرا و و بەزایەچوو چیترم نەبینی ". ئینجا من سەیری کتێبەکەی بەردەستم کرد و لەخۆمم پرسی : ئەم کتێبە چییە؟

ئەم هەموو وشانە لەکوێوە هاتنە ناو ئەم کتێبەوە؟

ئەگەر من خوایەکی کامڵی بێ عەیبی تەنیا دەپەرستم، چۆن دەتوانم باوەڕم بە کتێبێکی ناکامڵ یا نەپارێزراو هەبێت؟ ئەمە کارێکی دروست نییە.

دەستم کردە تێ ڕامان و بییر کردنەوە و بەخۆمم دەگوت: ئەگەر هەرچی کتێبی ئاسمانی لەسەر زەویدا هەیە هەموویمان کۆ کردەوەو ف ڕێمان دایە ناو دەریایەکی دوورەوە، و پاشان داوامان لەخەڵکی کرد تا کتێبێکی تر وەك ئەو کتێبەی پێشووی خۆیان ئامادە بکەنەوە، تەنیا مەسیحییەکمان دەست ناکەوێ ئینجێلێکی وەك ئینجیلی پێشوومان بۆ ئامادە بکات، کە سەدلەسەد وەك ئەوەی پێشوو وابێ، بەلاَم بەلای کەمەوە ملیۆنێ موسوڵمانمان دەست دەکەوێت کە تەواوی قورئانی لەسینەیا تۆمار کردبێ ولەبەری بێ، چونکە مەسیحییەکان نوسخەی ئینجیلیان زۆرە و یەك لەیەکتر جیاوازن، تا ئیستاش دەقی ئینجیلی تازە دەدۆزرێتەوە.. ئایا ئەمە شتێکی سەرسوور هێنەر نییە؟

**روبا ئەو بانگخوازە مەسیحییەی کە موسوڵمان بوو**

**ئایا لەراستیدا مەسیح مردووە؟**

پاش ئەوە دەستم کردە لێکۆڵینەوە لە هەڵواسینی مەسیح؟ ئایا لەراستیدا مەسیح مردووە؟

دەستم کردە بیرکردنەوە لەم ئینجیلەی بەردەستماندا، ئایا ئەمە راستەقینەکەیە؟ ئەوکەسانەی ئینجیلەکانیان نووسیوەتەوە جوو بوون، و شوێن مەسیح کەوتوون، و چاودێریان کردووە، وژیانیان نووسیوەتەوە.. ئەوان بینیویانە کە بەسەر تەختە هەڵواسراوەکەوە دەمرێت.. بەلاَم ئایا زەرووریيە ئەوان خودی مەسیحیان بینی بێ کە هەڵبواسرێ؟

لەقورئانی پیرۆزدا خوای بالاَ دەست بەم شێوەیە باسی دەکات: " وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا (157) بَل رَّفَعَهُ اللّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا. النساء/(158) " واتە: ئەوقسەشیان کە دەڵێن: ئێمە مسیح پێغەمەر عیسای کو ڕی مەریەممان کوشتوە، لەراستیدا نەکوشتوویانە و نەهەڵیان واسیوە، بەڵکو لێیان تێکچووە، و{ کەسێکی تریان کوشتووە}، بێگومان ئەوانەی رای جیاوزیان لەو مەسەلەیەدا هەیە خۆیان لە گوماندان،

وئەوانە هیچ زانستییەکی راستیان لەوبارەیەوە نییە، بەڵکو هەر شوێن گومان کەوتوون..و بەدڵنیاییەوە نەیان کوشتووە، بەڵکوخوا بۆلای خۆیی بەرزکردۆتەوە، خوا بەردەوام باڵآدەست و دانایە..

کەوابوو ئەوانەی وایان دیوە مەسیح کوژراوە، کەسێکی تریان بینیوە کەلێیان تێکچووە.

کەوابوو ئەمەی لەبەردەستماندایە چییە؟ ژیانی مەسیحە وزیاد لە 75% پاشکۆیە، ئێستا گەیشتمە ئەو ئەنجامە کە مەسیح خوا نییە، و تەنانەت کو ڕی خوایش نییە. زۆر ترسام و بەشێوەیەکی بڕوا پێنەکراو شپرزەبووم..

ئەم هەموو ساڵآنە؟ 24 ساڵ لە ژیانمدا، نەزەرییاتی بڕوا پێ نەکراوم لە ئینجیل و تەوراتا خوێندۆتەوە، 24 ساڵ خوایەکی هەڵەم پەرستووە!! 24 ساڵی ژیانم بەفی ڕۆ رۆیشتوە؟!

**درۆیەکی تەواوعەیار..**

ویستم خۆم بکوژم، هەستم کرد زەوی لەژێر پێما دەلەرزێ، و ترسێکم تووش بوو، ویستم بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای مەتافەکە، ودژەکەی بسەلمێنم.. بەڵآم ماوەیەك بێدەنگ بووم، نازانم پاش ئەوە چی روو دەدات؟ هەستم کرد من ژیانی خۆم وێران دەکەم..

لەبیرکردنەوەدا رۆچووم، من ئێستا باوەڕم وایە کە مەسیح مرۆڤێکە، و لەلایەن خواوە پێغەممەرێکی پەیامدارە، و

باوەڕیشم بەهەموو پێغەمبەرانی پێش ئەویش هەیە، بەلاَم گۆبەندێکی ساکارم لە گەڵ موحەممەد پێغەمبەردا علیه السلام بۆ سازبووە.

لەراستیدا شتێ لەژیانی نازانم، هەموو ئەوەی کە دەزانم ناسینێکی سادەیە لەڕێی ئەو مەسیحیانەوە کە لەدروونی منا و لەبارەی ئەوەوە (صلی الله علیه وسلم) چاندبوویان، بەلاَم چۆن ئەوخەڵکە موسوڵمانە بە درێژایی ئەو هەموو سالاَنە بەرێزیان گرتووە؟؟

خۆم بە خۆمم دەگوت: باشە، چۆن دەگونجێ ئەوە موشکیلەبێت، لەگەڵ ئەوەدا کە لە ڕێی ئەوەوە قورئانی پیرۆز لەلایەن خواوە هاتووە.. بێگومان پیاوێکە هەڵبواردە، لەراستیدا هێژاترین مەخلوقی خودایە، کەوابوو هەرگیز ئەمە موشکیلە نییە، کەمن ئیمان و باوەڕ بە پێغەمبەرێکی تر بێنم، کە دواین پێغەمبەری خودا بێت.. سەلاَت و سەلاَمی خوای لێ بێت.

زیاد لەوە من پێ دەزانم کە ئینجیلێکی پێنجەم هەیە و کەنیسە بەنایاسایی و غەیرە شەرعی داناوە، و پێی دەگوترێ: ئینجیلی بەرنابا، چونکە ئەو ئایەتەی تێدایە کە مەسیح سەلامی لێ بێ دەفەرموێ: "پێغەمبەرێك دوای من دێت کەناوی ئەحمەدە "، و بۆمان باس دەکات کە مەسیحیان لێ تێك چووە، و کەسێکی تریان بە مەسیح زانیوە، ئەو سەلامی خودای لێ بێ، نەمردووە و هەڵنەواسراوە، بەڵکو خوا بۆلای خۆی بەرزی کردۆتەوە..

**شایەتمان:**

پاش ماوەیەك تێ ڕامانی زۆر و بیرکردنەوەیەکی قووڵ لەباس و لێکۆڵینەوەدا ژوورەکەی خۆم چۆڵکرد و پەیوەندیم بەهاو ڕێ موسوڵمانەکانمەوە کرد، ئەوانەی بەلای کەمەوە ماوەی دوو مانگ دەبوو نەمبینیبون، و رۆیشتم بۆ بینینیان، لەوکاتەدا من دەگریام و لەخوا دەپا ڕامەوە " ئەگەر ئەم رێیە رێیەکی راستە، ژیانم بگۆ ڕە، و ئەگەر وایش نییە بەرووداوێکی ترومبیل بم کوژە پێش ئەوەی بگەمە هاوەڵەکانم، و بم خەیتە بەهەشتەوە.. ئەی پەروەردگار! ئەوەی کە مەبەستمە گەیشتن بەراستەقینەیە و رەزامەندی تۆ..ئەوەی کەمن دەمەوێ بەهەشتە..

بەڵێ بەوشێوەیە گەیشتم بەهاوەڵەکانم کە فرمێسك لەچاوم دەهاتە خوار، و وایان دەزانی شتێکی خراپم تووش بووە، مێردەکەی ئێستام موستەفا لەوێ بوو، هەموو چاوەڕوانی من بوون قسە بکەم بۆ ئەوەی حەقیقەتی حاڵم بزانن، منیش لەناکاوێکا گوتم: ئەشهەدو ئەللا ئیلاهە ئیللەڵلاە، وە ئەشهەدو ئەننە مووحەممەدەن رەسولوڵلاە !!

چەند دەقیقەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر هەمواندا کێشا، و هەموو بەسەرسامییەوە چاویان بڕیبوە من، پاشان موستەفا بە شۆخییەوە گوتی: " بێدەنگ بە،و درۆ مەکە "!! لەبیرمە سێهەم رۆژی ئوکتۆبەر بوو، پێم گوت: " من درۆ ناکەم "، ودەستم بەگریان کرد، و کەوتمە هەنسکدان.

ئەویش " بەسەرسامییەوە پێی گوتم: ئەم جارە لەدواین موناقەشەکەماندا پێت گوتم: من ئەگەر شایەتمان بێنم و ئیمانم پێی نەبێ، مانای وا نییە کە موسوڵمان بووم، ئیتر درۆ بەسیەتی "..

پێم گوت: من درۆ ناکەم و سبەینێ یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانە، و ئێساش فێرم دەکەیت چۆن دەسنوێژ بگرم، و چۆن نوێژ بکەم، وهەموشتێ.. کاتێ ئەمەی گوێ لێ بوو، و لەچاومدا سووربوونی منیشی لەسەر ئەو مەسەلەیە بینی، لەخۆشیا دەستی کردە گریان و دەستی کردە ملم وخۆشحاڵی خۆی دەربڕی و بەخێرهاتنی بۆ ئیسلام کردم..

لەواقیعدا هەر لەشەوێکدا فێری نوێژ و هەموو هەڵس وکەوتەکان وسوننەتەکانی بووم، حیجابێکم ك ڕی و دەستم بە پیادەکردنی عەقیدەی نوێم کرد، بەلاَم بۆ ماوەی دوو هەفتە ئیسلام بوونی خۆم لە خێزانەکەمان شاردەوە..

لەوکاتەدا ڕۆیشتم بۆ لای ئیمام و ئیسلام بوونی خۆم ڕاگەیاند، و ئاشکرام کرد کە موسوڵمانم، دەستم بە فێربوونی قورئان کرد، و دەرۆیشتم لەنێوان قورئانی پیرۆز و ئینجیلا بەراوردم دەکرد، لەو سەرەتایەوە ڕزگاربوونم لەسەردانی ئینجیل ستەم بوو، بەلاَم سوپاس بۆ خوا بەسەر ئەوعادەتەدا زاڵ بووم، ئینجا لەگەڵَ فێربوونی قورئاندا دەستم بە خوێندنەوەی ژیانی پێغەممەر صلی الله علیه وسلم کرد.

**موسڵمان بوونم و خێزانەکەم ؟**

هەروەك پێشتر گوتم: لەسەرەتاوە موسوڵمان بوونی خۆمم لای خێزانەکەمان ئاشکرا نەکرد، شەوانە سەعات دوو یا سێی پاش نیوەشەو نوێژەکانم دەگێ ڕایەوە، تا کەس نەم بینێ، وگومانم پێ نەبات.

ڕۆژێکیان لەماڵەوە کەدەڕۆیشتم بۆ زانکۆ، لەناکاودا ئەو جانتایەم کە قورئانێك وحیجابەکەمی تیا بوو کەوتە خوارەوەو خوشکەکەم دیتی، بەڵاَم نەیزانی مەسەلە چییە، تاشەوێ کە من هەستام نوێژم کرد ئەو خەبەری بووە وە و منی لەوکاتەدا بینی کە خەریکی نوێژ کردنم، ئەندامانی خێزان پێیان زانیم تاقیکردنەوەو ئیبتیلام دەستی پێکرد..

کەپێیان زانیم هاواریان لێ بەرزبووەوە قی ڕاندیان بەسەرما سەرزەنشتێکی زۆریان کردم و ئازاری دەروونی وعاتیفیان دام، هەرچی وشەی سووك ونەشیاوە پێیان گوتم، دەستیان بەلێدانم کرد تا نزیکبوونەوە لەمەرگ، هەڕەشەیان بەکوشتن لێکردم، لەگەڵ ئەوەدا من زۆر لەسەر خۆ و ئارام بووم، و لەهیچ شتێکا موناقەشەم نەدەکردن، بەڵاَم ماڵەکەم بەجێ هێشت و لەخوا پا ڕامەوە ڕێنوێنیان بکات..

پێش ئەوەی شوو بە موستەفا بکەم لەتەك کیژێکی موسوڵمانی هاوەڵمدا دوو مانگ مامەوە، ڕاستە من خێزانێکم لەدەست چوو، بەڵاَم سوپاس بۆ خوا لەمزگەوتا خێزانێکی تری موسوڵمانم بەدەست هێنا، کە چاودێرییەکی باش و بێ وێنەیان لێ دەکرم، خوا پاداشتی خێریان بداتەوە..

پاش ئەو لێدانە زۆرجار پاڵپەستۆی دەروونیم بوو دروست دەبوو، تا ئیستاش رۆژانە بەلای کەمەوەلە هەموو گۆشەیەکی جیهانەوە 25 ئیمێل وتەلەفونم بۆ دێت، جنێوم پێ دەدەن وهەڕەشەم لێ دەکەن، و لەوبابەتانە.. گەورەترین زانا و دکتۆری مەسیحییەکان لەئوردون و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەتەلەفونی پەیوەندییان پێوە کردم تا لەبارەی مەسیحییەتەوە موناقەشەم بکەن ولە ئیسلام پاشگەزم بکەنەوە.

سوبحانەڵلا لەوەپێش بۆهەرکوێ بڕۆیشتمایە ولەهەر دەمەقاڵێ و موناقەشەیکی ئاینییدا ئینجیلم پێ بوو، بەلاَم ئیستا بەپێچەوانەوە هەمیشە قورئانێکم پێیە، ولە تەکمایە..

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لەوماوە کەمەدا دەرس گەلێکی گرنك فێر بووم، فێربووم چۆن خۆگر و خاکی بم، وئێستا بییر لەژیانی پێغەممەر صلى الله عليه وسلم ئەکەمەوە، چۆن لەناو ماڵ وکەس وکاریا سووکایەتی پێکراوە، ولێی دراوە، خۆ ئەم بەسەرهاتەی من لە چاو ئەوەی ئەودا هەر هیچ نییە، لەراستیدا شتی زۆر فیر بووم..

لەوانەیە لەبەرچاو خەڵکیدا شەرەفی بنەماڵەو خانەوادەکەم لەکیس دابێت، بەلاَم من شانازی بەوەوە دەکەم کە خوای میهرەبان گەورە ترین شەرەفی پێ بەخشیوم ئەویش ئیسلامە..لەواقیعا ناتوانی بێنیت بەخەیاڵتا کە لەوکاتەوە موسوڵمان بووم، خوا چ بەختەوەری وئاسایشێکی پێ

بەخشیوم و هەموو قەوارەی داگرتووم، لەگەڵ ئەو هەموو سووکایەتی پێکردن ولەمپەڕانەی خستیانە سەر رێم..

لەراستیدا لەچاو ئەوکاتانەی پێش موسوڵمان بوونمدا من گۆ ڕانێکی زۆر سەیرم بەسەرا هاتووە، تەنانەت موستەفای مێردم سەرنجی ئەوگۆ ڕانە فراوانەی داوە، فێربووم چۆن ئارام بم لەگەڵ ئەوانەی بەناحەق هێرشم بۆدێنن وزوڵمم لێ دەکەن، و فێربووم چۆن خەندەلێوبم لەتەکیانا لە هەموو ئەو کات وحاڵەتە ناهەموارانەدا! لەگەڵ ئەوەدا بەهۆی موسوڵمانبوون وحیجابەکەمەوە وەزیفەکەم لەدەست دا، بەلاَم هیوام بەخوایە دوو بەرابەر و بگرە بێ حساب قەرەبووم بۆ بکاتەوە. سوپاس بۆ خوا..

هەموو ئیسلام بریتییە لە ئاسایشی راستەقینەی ناوخۆ و دەروونی، بێگومان ناتوانی تۆ لەوانەی دەورو بەرتەوە ئەوە بەدەست بێنیت، حەتتا ئەو دەورو بەرەش کەتیایا دەژیت. دەبێت لەناو دەروونتەوە قەناعەتت هەبێت، وهەوڵ بدەیت خۆشەویستی خوا بەدەست بێنی و رەزامەندی بەدی بێنی ،و دڵتی بەتەواوی تەسلیم بکەیت، ئەگەر عیبادەکەت لەراستیدا بۆ خوابوو، و شوێن رێگەکەی ئەو کەوتیت، بێگومان لەژیانتا بەختەوەر دەبیت، چونکە هەڵەو تاوان و گوناح لە ئاسایش مەحرومت دەکات، و سەرچاوەی مەزاجت لێڵ دەکات، ئەوەش ئازارێکی بەسوێیە..

ئەوەتە من سەیری دەموچاو و رووالّەتی خەڵکی دەکەم، و خەم وفرمێسکی زۆری تیا دەبینم، چونکە لەخوای

بەدیهێنەرو زیندووی بالأدەست بەدوورن، هەندێکات دلیان بە تاریکی دەبینم، نایانەوێ تەنیا مۆمێکی هیوای تیا دابگیرسێ، وبەگۆبەند و مەشغەڵەتەکانی خۆیانەوە خەڕۆبوون، و دەستیان بەدنیاوە گرتووە لەبیاتی قیامەت..

من ئامانج لەژیانا بەوە دەزانم عیبادەتی خوای تیا بکەم و خوا لەخۆم رازی بکەم، سەری بۆبنێمە سەرخاك و لە نوێژەکانما سوجدەی بۆ ببەم ، و شوێن سوننەتی پێغەممەر صلی الله علیە وسلم بکەوم، تا بەهەشت بەدەست بێنم.. سوپاس بۆخوا..هیوادارم ئەم بەسەرهاتەی من هاندەرێك بێت بۆرۆح و گیانت، پاڵنەرێك بێ بۆ باوەڕبوون و ئیمان بەخودات..

بەکەمێك دەستکارییەوە لەم سایتەی خۆی وەرمان گرتووە:

www.creativeruba.com/islam

دەتوانی بەم ئیمێلە پەیوەندی بە خاتو{ روبا} وە بکەیت:
Ruba_Qewar@yahoo.com

١٩٨٥ جار بینراوە، بۆچوون ٠ ، لە ٢٦/١١/٢٠٠٦ لەسایتی پێنجوێنی بڵاو کراوەتەوە:
http://www.penjweny.org/article/190

# # #

# ١١

# كيژی قەشەكە

# و

# موسوڵمان بوونی

**کیژی قەشەکە :**

چەخماخە وگرمە گرمی هەورەکان دەشتی پان وبەرینی (بۆچی) نەیجیریایان دەکوتا، و فرمێسکیان بەئاسمان دەرشت، دنیا چارشێوێکی رەشی قەترانی بەسەرا دابوو، لەپشت هەورە چڵکنەکانەوە ئەستیرەکان هەوڵیان ئەدا با سۆلسۆلەیەکیش بێت بدرەوشێنەوە.

لەکۆلانە قوڕاوییەکەدا کیژێک رێی ئەکرد و هاوبەشی ئاسمانی دەکرد لە فرمێسک رشتنا، و چاوەکانی ئاوسابوون، لەرواڵەت و دەموچاویا جێی بۆ کزەکان رەش و شین هەڵگەڕابوون. گورگەکانی مرۆڤیش بانگیان دەکرد تا بەبزەیەکی شەیتانیەوە لەتەکیانا رۆژبکاتەوە..

**بەسەرهاتی ئەم کیژە چی بوو؟**

لاوە لاوازەکەی هاوەڵم (ئەبوبەکر)کەزۆر ئەویندار وتارەکانی زانای پایە بەرز شێخ دیدات بوو، وەڵامی ئەو پرسیارەی دامەوەو گوتی: من لەهەموو شتێک ئاگادارت ئەکەمەوە، بەڵام با لەپێشدا خۆمان لە و شەست ورەهێلەیە بپارێزین و برۆینە سایەی ئەو درەختی (بابایا) وە..

هەرووامان کرد، لەبن درەختەکە دانیشتین، وبابەکر بەزمانێکی عەربی ئاوێتە بە ئینگلیزی لەقسە خۆشەکانیا رۆچوو، گوتی: دۆستی هاورێم! هەرگیز ئەورۆژەم لەیاد ناچێتەوە، کە لەتەک کرێکارەکانی پرۆژەی (لانەی نوێ مۆسڵمان)ـەکاندا نوێژم ئەکرد، وناکاو شتێکی سارد بە

گۆنامەوە لکا، دەنگی سامناکی کەسێکی هەناسە سوارم بەرگوێ کەوت، کە قۆناغی تفەنگە کۆنەکەی تێوەژەندم ووتی:( ئەگەر کیژەکەم موسوڵمان ببیت ئەتکوژم!.. گوێت لێمە؟ ) بەئاسانی دەنگەکەم ناسییەوە، کێ هەیە قەشەی ناوشار نەناسێت؟ ئەوی راستی بێت مامۆستا! من هەرگیز ئەو کیژەم بۆ ئیسلام بانگ نەکردبوو.. بەڵام خوا رەحمەتی خۆی بۆ رێ لێوونبوان ئەنێرێت، لەوکاتەدا من سەرپەرشتی پرۆژەکەم ئەکرد کیژێک لەپشتەوە پرسیاری لێ کردم: تۆ ئەفریقیت، بۆ نوێژەکەت لەنوێژی ئێمە جیاوازە؟

منیش پێم وت: ئاخر من موسوڵمانم!

پێکەنی و وتی: ئەو موسوڵمانەی چوار ژن دێنێت!! و سەری ژنەکانتان بەقوماشێک دەپێچن، وەک ئەوەی دەردی فیلیان گرتبێت؟ تەریق ئەبنەوە ئەگەر یەکێ تەماشای ژنەکانتان بکات؟ ودیسان پێکەنییەوە!!

قسەکەم پێ بڕی و وتم: لەبەرامبەر ئەم هەموو سووکایەتی پێکردنەوە تۆ چیت کرد؟

ئەبوبەکر بزەیەک گرتی و ددانە سپیەکانی درەوشانەوەو وتی: وەک ئێستەی تۆ تووڕە نەبووم!! بەڵکو زۆر بەخوێن ساردییەوە وەڵامم دایەوە و وتم: بەلای کەمەوە ئێمە رێز لەئافرەتەکانمان ئەگرین، ناڕۆنە دەرەوە بۆ راکردن بەشوێن پاروە نانێکدا، ئەوان لای ئێمە وەک شاژنن، کیژە زمانی بەستراو بۆ ماڵ خۆیان گەڕایەوە کە بەرامبەر پرۆژەی

(لانەی نوێ موسڵمان)ـان بوو، رۆژگار هات وچوو، ئەو دەمەقاڵێ زیزکەرانە گۆڕا بۆ پێکڤە ئاخافتنی ئارام، ووشەکان سەریان بۆ ناو قووڵایی دروونەکان ئەکێشا و دەیان هەژاند، دەستەواژەکان دەبوونە قەناعەت، ئەوانیش ئەبوونە کردەوە و ویست و ئیسلام..

بەشادییەکەوە وتم: موسوڵمان بوو؟

ئەویش بە ئارامییە سروشتییەکەی خۆیەوە وتی: بەڵێ، ماوەیەکی زۆر لەبارەی ئیسلامەوە پرسیارو وەڵاممان هەبوو، گومان و گومان رەواندنەوە، لەوانەیە بڵێم چەند مانگێکی خایاند.. ئەوەشت لەبیر نەچێ کە ئەو کیژە رۆژانە ئەهات بۆسەر پرۆژەکە، (ویکە) و برنجی کوڵاوی بەکرێکارەکان ئەفرۆشت، و کاتی پشووی نیوەڕوانی بەهەل ئەزانی بۆ دەمەقاڵێ و پرسیارکردن، من وام ئەزانی ئەو پرسیارانەی هەرگیز تەواو نابن.. ناو بەناو چاوەڕوان بووم باوکی بێت و بەڵێنەکەی خۆی بێنێتەدی و بمکوژێت، هەروەک پێشتر ئاگاداری کردبووم.. بەڵێ کیژە موسوڵمان بوو، بەڵام ئەو کاتەو تائێستاش لەلایەن باوکییەوە ئەچەوسێنرێتەوەو سووکایەتییەکی وای پێ ئەکرێ کە تەحەممول کردنی لەتوانای مرۆڤدا نییە، ئەوەت لەبیر نەچێت کە باوکی قەشە و پێشەوای مەسیحی شارەکەیە..

پرسیارم لێکرد: بەڵام چی ناچاری ئەکات بەوە کەلەم کاتەدا و لەم بارانەدا بەوشێوەیە دەربچێت؟

هەرچەند کە ئاگاداربووین هەوڵمان دا وەک ئەرکی سەرشانمان بیوەستێنین و پرسیاری لێ بکەین، بەڵام پێی نەگەیشتین، ولەبەر ئەو شەست ورەهێڵەیەشدا نەمان ئەتوانی جێ پێکانی هەڵبگرین.

لەرۆژی دواییدا زانیمان ئەو کیژە قەشەی باوکی لەماڵ دەری کردووە، کیژەی بەستەزمان نازانێ روو لەکوێ بکات، و ئەو شەوە سەختە لەکوێ رۆژبکاتەوە؟ لەدوورەوە منارەی (مزگەوتی بەیان) ی لێ دەرکەوتووە پەنای بۆ بردووە، ولەوێ باوکێکی دڵسۆز باوەشی گەرمی بۆ گرتۆتەوە، و وەک پاراستنێکی خوایی لەو ناهەمواریيە پاراستوويەتی.. و ئەوشەوە لەمزگەوتەکەدا ئەمێنێتەوە.. کاتێ کەرۆژ ئەبێتەوە شێخ سلێمان ئەم ئافرەتە لەوێ ئەبێنێ و باسی خۆی بۆ ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ هەر لەئێستاوە تۆ خوشکی هەموومانیت، وخاو و خێزانی رائەسپێرێت کە زۆر بایەخی پێ بدەن، ورێزی لێ بگرن، و ئەگەر کەم وکوڕیەکی بوو چاوپۆشی لێ بکەن..

کیژەکە ماوەی چەند رۆژێک لەلای خێزانەکەی شخ مایەوە، ولەنزیکەوە ژیانی ناوخۆی موسوڵمانانی بینی، زیاتر قەناعەتی بەئیسلام بۆ پەیدابوو، بەڵام رۆژگارەکان چون یەک نین، قەشەی باوکی کیژە وەک شێت شێت ببوو، بەشوێن کیژەیا ئەگەڕا، ئەوشەیتانانەی لەپێستی مرۆڤدان ئەمەیان بەهەل زانی و، ئاگری شەڕیان بەردایە دڵ ودەروونی، وەک ئەوئاگرەی نەمروود بۆحەزرەتی ئیبراهیمی داگیرساند، کابرای قەشە بەخۆی و تفەنگیەوە

چوار دەوری ماڵی شێخ سلێمانی دا، دەستی بەهەڕەشەکردن کردو وتی: ئەگەر کیژەکەم بۆ نەکەنە دەرەوە ماڵەکەتان بەسەرا ئەسووتێنم، بەڵام من موسوڵمانان داوایان لێ کردم خۆم کەناربگرم ولەپێشچاواندا خۆم بشارمەوە..لەوانەیە ئەگەر بەردەستی کەوتبام خوێنمی برشتبا و بیکردبامە قوربانی یەکشەممەی کەنیسەکەیان..

کاتێ شێخ سلێمان ئەمەی دیت بەلەش وبارە لاوازەکەیەوە وەک ئاسک دەر پەڕی و هەواڵی دایێ بەڵێ کیژەکەت لێرەیەو لەناو براوخۆشکی خۆیا پارێزراوە.. داوای کرد بابێتە دەرەوە ببینم.. ئەویش هاتە دەروەو کەدیتی سەلامەتە دڵی ئاسوودەو ئارام بوو، داوای لێکرد بکەوێتە شوێنی بڕواتەوە بۆماڵ لەتەکیا، بەڵام کیژە سەری باداو وتی: نایەم، چونکە ئەیزانی لەوێ چی پێ ئەکات!! دەورو بەرەکەی ئاگریان تێ بەرئەداو ئەویش زیاتر گڕی تووڕەیی بڵێسەی ئەسەند، ئالەو کاتە ناسکەدا پۆلیس گەیشتەجێ و بڵاوەی بەخەڵکی کرد..

قەشە داوای لە کاربەدەستان کرد کیژەکەی بۆ بگێڕنەوە بۆ ماڵ، کیژەیش رازی نەبوو، موسوڵمانان پارێزەرێکیان بۆ دیاریکرد، تا بەرگری لێ بکات، یاسا حوکمی دا کە: کیژەکە پێگەیشتوە،و مافی ئەوەی هەیە ئاینێک هەڵبژێرێت کەخۆی قەناعەتی پێی هەبێت، وئازادی هەیە چۆنی بوێت ژیانی خۆی دابمەزرێنێت، پاش تەواو بوونی دادگا و سەرکەوتنی کیژە نۆ موسوڵمانەکە ئەو جەماوەرە موسوڵمانەی کۆ بووبونەوە هیتافیان دەکێشا ودەیان گوت: (

فەوزییە لەئێمەیە، فەوزییە خوشکمانە، فەوزییە موسوڵمانە)
لەوانەیە تۆ پێکەنینت بێت، بەڵام تکات لێ دەکەم
حەماسەتی ئاینی ئێمەی ئەفریقیت لەبیر نەچێت، ئێمە
حەماسەتێکی ئاینی بەهێزمان هەیە..

کەرەسەکانی راگەیاندن لەناوشارا رووداوەکەیان باس
ئەکرد، بەڵام حیکمەتی شێخ سولەیمان بۆ دڵ ودەروونی
دایک و باوکی کیژەکە، وەک مەڵهەمێکی شیفا بەخش
بوو..ئەوەبو دەعوەتی کردن بۆماڵ خۆیان، و زۆر رێزی
لێ گرتن، کیژەکەی هێنا بۆلایان، وهەر لەبەر چاو خۆیاندا
کیژەی سەر پشک کرد لەنێوان گەڕانەوە بۆ ماڵ باوکی
ومانەوەلە گەڵ منداڵەکانی شێخدا..

لەوانەیە تۆ هەست بەوەنەکەیت ئەو هەڵوێستە چەند
کاریگەر بوو لەسەر دڵ ودەروونی باوک ودایکی کیژەکە،
قەشە بازیدا تا باوەش بەگەردنی شێخ سلێماندا بکات،
وئەملاولای ماچ بکات، دایکە لەخۆشیدا زۆر فرمێسکی
شادی رشت، و زانییان کە ئیسلام ئاینی ئاشتی ورەحمەتە،
نەک وەک ئەوەی پێیان وایە کە ئاینی تۆقاندن، وچوار
ژنهێنانە!!!

فەوزییە بەڕێزەوە گەڕایەوە بۆ ماڵ باوکی،
بەسەرپۆشەکەیەوە گەڕایەوە، بەدڵێکی پڕ لەئیمانەوە
گەڕایەوە، رێنوێنی خوایی وخۆشەویستی موسوڵمانانی
بەدەستهێنا.. هەر هۆی ئەوەش بوو ناویان لێ نا فەوزییە..
واتە: سەرکەوتوو..

بەپێنوسی: عەبدول هادی ئەحمەد
وەرگێڕانی: حەسەن پێنجوێنی

لە ٨/١/٢٠٠٦ . لەسایتی پێنجوێنی بڵاو کراوەتەوە.
http://www.penjweny.org/article/162

# # #

**کۆمەڵێک لەو خانمانەی دڵیان بەنووری خودا رووناک بووەوە:**

**- براندی چۆن موسڵمان بوو**

**- بەرپرسی هۆڵەکە**

**- خاتو روبا بانگخوازی کریسچیانەتی**

**- خاتو هۆتنی هۆڵندی**

**- سەلمای ئوسترالیی تامی ئیمانی چێشت**

**- شاجوانی ئوسترالیا و هیدایەتی خوایی**

**- کیژی قەشەکە**

**- کیژێکی جووی ئەمریکی**

**- کیژێکی فەڵەی میسر**

**- هێرۆکۆ میناساکی**

**- ئەنالیندا چۆن موسڵمان بوو**